# شیرین تەشی نارێسی

**نووسەر: حەیدەر مەنتک**

٢٠٢٣

- ناوی کتێب: شیرین تەشی نارێسی
- نووسەر: حەیدەر مەنتک
- دیزاینەر: دکتۆر ئەکرەم فەریدون
- پێداچوونەوە : مامۆستا هۆگر جەمال
- تایپ: نووسەر
- ساڵی چاپ: ٢٠٢٣
- تیراژ: ٦٠٠
- چاپخانەی :

ژمارەی سپاردن: (١٠٦٨)

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان لەساڵی (٢٠٢٢)ی پێدراوە

**پێشکەشە:**

- **بەمامۆستا نازداری هاوسەرم**
- **بە منداڵەکانم : یارە، لاڤە، ئەحمەد**

# پێرستی بابەتەکان


| بابەتەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشکەشە | ٤ |
| پێرستی بابەتەکان | ٥ |
| پێش پێشەکی | ١١ |
| دەمەوێ بڵێم | ١٢ |
| بمبەخشە دەمەوێ وەک خۆم بم، نەک وەک تۆ.. | ١٤ |
| (تیکتۆک) هەڕەشە لە پەروەردەو ڕەوشتی منداڵ دەکات. | ١٥ |
| داپیری تەپاسیا (خوا بۆ خۆی بمان بینێ) | ١٧ |
| تێڕوانین بۆ ژیان | ١٩ |
| کۆیلە | ٢١ |
| بڕیار | ٢٣ |
| سەرکردە (بە) نەک سەرۆک | ٢٥ |
| باچیتر (خدر) وەگەر نەبین | ٢٧ |
| چاودێری کردن | ٢٩ |
| زوو هەڵچوون = بەهەگبەی بەتاڵ | ٣١ |
| قسەیەک لەسەر ڕێزی پێشەوەی کۆڕو بۆنەکان!! | ٣٣ |
| خۆناسین | ٣٥ |
| شیاو | ٣٦ |
| لەبنەماکانی ئەتەکێت (تەلەفۆن کردن) بەنمونە: | ٣٨ |
| دایکان لەبارەیی هاوسەرگیری لەجیات کچەکانتان بڕیاری پێش وەختە مەدەن.. | ٤٠ |

| | |
|---|---|
| ژینگەی دەوروبەر | ٤١ |
| سەرەداوێک بهێڵەوە | ٤٣ |
| نەفەس تەنگ | ٤٤ |
| ئەوەی غەش دەکات لە ئێمە نیە | ٤٥ |
| ژنێکی ژیرو عاقل بە پیاوەکەی گووت: ئیدارەی برادەرە کۆنەکانت بدە واز لە برادەری تازە بهێنە | ٤٦ |
| وەفا نواندن | ٤٨ |
| ویژدان = بە دوارۆژ | ٤٩ |
| خۆبەزلزان + پیاوی بچووک = جیاوازی | ٥٠ |
| تکایە ساویلکە مەبن قورئان و ئاین بەکارمەهێنن بۆ مەرامە گڵاوەکانتان... | ٥١ |
| تکایە (هۆگر) مەبن! | ٥٣ |
| خۆت مێوانی، هەوڵ مەدە بێ پرسی خانەخوێ، کەسیتر بکەیتە هاوسەفەرت. | ٥٥ |
| نا بۆ ژن کوشتن! | ٥٧ |
| زوڵم وستەم و داگیرکاری بۆ کەس ناچێتە سەر تا هەتایێ... | ٥٩ |
| بۆ ئەوەی کەس نیگەران نەکەین (باخۆشترین یادگاریەکانمان لەژێرسێبەری بیرەوەریە ناخۆشیەکان نەبێ) | ٦٠ |
| شەفافبوون = سادەیی | ٦٢ |
| با، هەنگاوەکانت بارتەقای بیرکردنەوەت بێت... | ٦٣ |
| بەخۆشییەوە بژی.. | ٦٤ |
| ئایا دەزانن لە مانگی ڕەمەزان تێنەگەیشتووین !! | ٦٥ |
| لەبنەماکانی ئەتەکێت (خواردن) بە نموونە | ٦٧ |

| | |
|---|---|
| سۆشیال میدیا لەمانگی رەمەزاندا... | ٦٩ |
| هەمیشە گومان = بە ڕووخان | ٧٠ |
| بەخشەر = بە ئاسوودە بوون | ٧١ |
| هەوڵ بدە ماسی بگری، نەک ماسی بکڕی. | ٧٢ |
| نا بۆ سیناریۆی چاوو جەستە بەلێ بۆ گۆڕینی دڵەکانتان... | ٧٤ |
| گفتوگۆ لەگەڵ یەکێک مەکە بڕیاری دابێت تێنەگات... | ٧٥ |
| لە بنەماکانی ئەتەکێت (قسەکردن) بەنمونە... | ٧٦ |
| درۆی سپی = بەچاکە | ٧٨ |
| تۆباشبە بەخراپی ئەو مەکە... | ٧٩ |
| لە بنەماکانی ئەتەکێت (شۆفێری) بەنمونە... | ٨٠ |
| لەخۆبایی بوون = بە سالب | ٨٢ |
| لەبنەماکانی پڕۆسەی هاوسەرگیری (تەداخول) بەنمونە... | ٨٤ |
| ڕێزگرتن لەبەرامبەرت = ڕێزگرتن لەخۆت | ٨٦ |
| بەختەوەری = نیە بە هەبوونی | ٨٧ |
| پڕۆسەی هاوسەرگیری + تێگەیشتن = نیوەی بەهەشت پڕۆسەی هاوسەرگیڕی _ جیاوازی نامەنتقی = جەهەنەم... | ٨٩ |
| لەبنەماکانی ئەتەکێت (سەردان) بەنمونە | ٩١ |
| ڕاستگۆیی = کەناری ئارام | ٩٣ |
| ئەتەکێت | ٩٤ |
| زۆر بایەخپێدان = بەسفر | ٩٥ |
| نهێنی + پارێزی = بەدڵخۆشی | ٩٦ |
| متمانە = بەخۆشەویستی | ٩٧ |

| | |
|---|---|
| بۆ ئەوەی پەشیمان نەبیتەوە، پەلەمەکە لەبڕیاردان... | ٩٨ |
| گەیشتن بەلوتکە ئەستەم نیە | ٩٩ |
| فـلتەر | ١٠٠ |
| ئەو شوێنەی مرۆڤ خاڵی دەکاتەوە لە نا ئارامی | ١٠٢ |
| پێی بڵێ من بە ڕۆژووم... | ١٠٣ |
| دونیا قەرزە بەسەرمانەوە... | ١٠٥ |
| دەکرێ بۆ یەک سەعات بیبەین ؟؟ | ١٠٧ |
| بوونی ئەو هەموو دەرمانخانەو تاقیگەیە و مەترسیەک! | ١٠٩ |
| وەزیری پەروەردە بائەمەت بەسەر تێنەپەرێ | ١١٢ |
| لە نۆرینگەو نەخۆشخانەو شوێنی تایبەتدا ڕەچاوی بارودۆخی نەخۆش بکەن. | ١١٤ |
| کارەساتی سروشتی یان دەستکرد؟ | ١١٦ |
| بمبەخشن پۆستی وەزیری شەهیدان وەرناگرم | ١١٨ |
| دوو ڕوو مەبە | ١٢١ |
| هەورەت... | ١٢٢ |
| دوور لەسیاسەت (شێتە گیان) | ١٢٤ |
| مردن لەم نزیکانەیە ئاگاداری دڵـــی یەکتربن... | ١٢٦ |
| خۆپاراستن پێویستە، ئەرکە نە (تاوانە)و (نەعەیبە)و نە (حەرامیشە) | ١٢٨ |
| کەری ناوجۆگە | ١٣٠ |
| ڕاوێـــــژ | ١٣٢ |
| بازاڕی دز لە شێواوییە | ١٣٤ |
| نەخۆشخانە نە پارکە نە سەیرانگا... | ١٣٦ |

| | |
|---|---|
| ئێستاش درەنگ نیە... | ١٣٨ |
| بڕوانامە | ١٤٠ |
| فرسەت حیز... | ١٤٢ |
| کات... | ١٤٤ |
| خنس بەچە | ١٤٦ |
| لەبنەماکانی ئەتەکێت سەردان بۆ خواردنگە و شوێنەگەشتیارییەکان بەنمونە | ١٤٨ |
| نامەی ناو شقاتەی دوێنێی و نامەی ئەلکترۆنی لە ئەمڕۆدا | ١٥٠ |
| تاکی کوردو سیاسەت... | ١٥٢ |
| هەرژنە پیاو دەکاتە سەروەر، بمبەخشن هەر ژنیشە پیاو دەکاتە ژێر دەستەو شەرمەزار. | ١٥٤ |
| گا قۆران | ١٥٦ |
| وەفای پێشمەرگەیەکی گیرفان بەتاڵ بێ ئەمەکی بەناو سەرکردەکان | ١٥٨ |
| هەڵپە مەکە | ١٦٠ |
| کادیر یان موچە مژ | ١٦٢ |
| پینەو پەڕۆ | ١٦٥ |
| نانی بەیانیانی من و وەفای سەگێک... | ١٦٧ |
| موختارو بیرەوەریەک لەگەڵ شیری (نیدۆ) | ١٦٩ |
| ئەی نیشتمان چی تر... | ١٧١ |
| دەوڵک و قەناتی بیرێ ... | ١٧٣ |
| داشی دامە | ١٧٥ |
| ژینگەپارێزی | ١٧٧ |
| خوێندنەوە... | ١٧٩ |

| | |
|---|---|
| تکایە پرسیاری شەخسی لەکەس مەکەن | ١٨١ |
| ٣٠ساڵ لەمەوبەر و ئامۆژگاریەکی مامی شەهید (سولە قۆریتانی) | ١٨٣ |
| بزانە بۆ کێ قسە دەکەی، وە (کەی) گوێدەگری | ١٨٥ |
| بۆ (کەر) هەرجۆ | ١٨٧ |
| نوری سەعیدو بەسەرهاتی (خاولیەکە) | ١٨٨ |

# پێش پێشەکی

دکتۆر ئەکرەم فەرەیدون

نووسینی هەر بابەتێک، واتە تێڕامانێکی گەورە و بەهێز لەسەر بوونی کێشەگەلێک لەناو کرۆک و ناخی ئەو هاونیشتیمانیانەی کە بەشێوەیەکی ڕاستەوانە دەیانەوێ ژیانیان بەڕێبکەن.
ئەم ستونانەی کاک حەیدەر کە لە چەندین گۆشە و گۆشەنیگای تایبەتی خۆی (ئەو کێشەگەلەی) کە بینیویەتی یان لەگەڵیدا ژیاوە پێکهاتووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خۆی لە هاونیشتمانیانی جیاناکاتەوە و بەردەوام لەگەڵیانە لە (خۆشی و ناخۆشی)یان، ئەوەش ڕێخۆشکردنە بۆ چارەسەر و ڕێنمونی و هەوڵدان تاکو هیچ یەکێک لەو کێشەگەلانە بەبێ چارەسەر نەمێننەوە و ئەمەش لە ئەنجامی ئەو ئەزمون و خەمخۆری و ژیاندۆستیەی نووسەر دەگەڕێتەوە.
بۆیە من دەستخۆشی لە نووسەری بەڕێز دەکەم کە پەنجەی خستۆتە سەر چەندین کێشە کە بەشێوەیەکی چیرۆک ئامێز، ئامۆژگاری، ڕەخنە، ڕێنمایی... هتد لە ڕووپەڕی ئەو کتێبە جوانەی (شیرین تەشی نارێسێ) شوێن کردۆتەوە. دووبارە هیوای سەرکەوتن بۆ نووسەر دەخوازم و خەرمان بەرەکەت و خامەت پڕ بڕشت بێت.

٢٠٢٢/١١/١

## دەمەوێ بڵێم

حەیدەر مەنتک

بێ گومان ئەوەی بووە هۆی لەدایکبوونی  ئەم (١٠١) ستوونە، هۆکارگەلێکی لەپشت بوو، کە هانی دام کاتی بۆ تەرخان بکەم، سەرەرای سەرقاڵبوونم بە خوێندنی زانکۆ، ئامادەکردنی هەردووکتێبی ئینسکلۆپیدیای (پێشمەرگە دێرینەکان) وکتێبی بەشی سێیەمی (ئینسکلۆپیدیای شەهیدان) دەست بخەمە سەر ئاریشەو خاڵە نێگەتیڤەکانی کە تاک، من، تۆ، هەڵسوکەوتێکی نامۆیانە ئەنجام دەدەین، ئەم ستوونە ڕەخنە ئامێزو ڕێنماییە کۆمەڵایەتیانە زیاتر بۆ لاوان و هەرزەکاران لەئایندە دەبنە بەرچاوڕوونی تا کەمتر ڕووبەرووی ئەم ڕەخنەو توانجانە ببنەوە.

لاوانەیە ئەوانەی من نووسیومن بابەتی نەبیستراو، نەخوێندراو نەبن، یان دیاردەو هەڵسوکەوتی تازەنەبن.... بەڵکو زۆربەیان لەکاتی دەوام و سەردان و بەدواداچوونەکانم مەیدانییەن ئەم بابەتانە لەدایکبوون.

هەولم داوە سەرەبابەت یان مانشێت، تێکەڵ بە پەندێک یان چیرۆکێکی ڕاستەقینە بکەم و دواتر بەو ئەزموونەی تەمەن فێری کردین ڕاوبۆچوونی خۆم بخەمە سەر..

بەهیوام سەرە قەلەمێکی سوودبەخشبووبم بۆ ئەوانەی دەیخوێنەوە، پەیرەوی کارە باش و ڕێنماییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن و بەهەندی وەردەگرن..

## بمبەخشە دەمەوێ وەک خۆم بم،

## نەک وەک تۆ..

خودای گەورە کە ئێمەی خولقاندووە بۆ ئەوەی بەخۆشی بژین، بە جوانی ببینین، ڕای جیاوازمان هەبێ، باوەرمان بە ماف و یەکسانی نێوان تاکەکان هەبێ، حەقە تەداخولی شتە (کەسییەکانی) یەکتر نەکەین، لەبنەماکانی ژیانی پێکەوەیی و خۆش گوزەرانی ڕەفاهی، ناشرین کردنی یەکترو بۆسەو کەمین دانانەوە نیە، لەهیچ دەق و مادەو بڕگەیەکی ئاینی و مەزهەبی و عەشایەری نییە تۆ حەزو ویستەکانی خۆت بچەسپێنێ بەسەر ئەوی تر، ژیان بە لێک تێگەیشتن و متمانەو خۆشەویستی نێوان تاکەکان تەنانەت قورسایی سەر یاساو دادگاکانیش کەم دەکاتەوە، بۆیە با ڕق و قینەو وشە زبرەکانمان پاشەکەوت کەین و منداڵەکانمان گۆش بکەین بە خۆشەویستیەک لێوان لێو بێت لە (جوانی، ڕاستگۆیی، متمانە، ژینگە پارێزی، پەروەردەو فێربوون)

بۆیە بۆخۆت بژی باوەڕت بە چاولێکەری و ترسی قسەی خەڵکت نەبێ ئەو هەنگاوانەی دەیاننێن کە باوەرت پێیەتی بکە بنەمای ژیان...

## (تیکتۆک)

## هەڕەشە لە پەروەردەو ڕەوشتی منداڵ دەکات.

تیک تۆک یەکێک لەو تەکنەلۆژیانەی لە ساڵی ٢٠١٦ هاتۆتە بوون لەلایەن کۆمپانیایەکی دەوڵەتی چین، بەبێ گومان ئەو کۆمپانیا پێشکەوتوانەی جیهان کە پێویستییەک بەرهەم دێنێ بۆ کارئاسانی و بەرجەستەکردن و گەیشتنە بەڕایەلەی بوارەکانی ژیان بەگشتی، چەند تەوەرێکی دڵخۆشکەرەو پیشان دانی جیهانی کارو بەرهەمەکانیان، وە لەلایەکی تر ڕێکلام تەوەرێکی تری مەبەستیانە بۆ ساغ کردنەوەی کاڵاو بەبازارکردنی شتومەکەکانیان، کەچی لەکوردستان تیکتۆک بۆتە شوێنی بەبەرهەم هێنانی (جنێو، گاڵتەکردن بەئەم و ئەو، خۆ سووک کردن، گۆرانی هەزەڵی ناتەندروست، خۆ نمایش کردن بە جلی ڕووت و نا پەسند)، هەرچی لادانە لە دابوونەریتە جوانەکانی باب و باپیرانمان لەم تیک تۆکە بوونی هەیە، ئەوەی جێگای نیگەرانییە زۆرترین بەکاربەری لە توێژی مامۆستاو پارێزەرو کەسانی خوێندەوارو فەرمانبەرن، ئەگەر سەیری منداڵەکانی تەمەن شەش ساڵی بۆ دوانزدە ساڵی بکەیت ناڵێم بەگشتی بەڵام ژمارەیەکی زۆر نەوەیەکی زمان زبڵ، تەمبەڵ، ئارەزووی لەخوێندن نیە، بێ ڕێز، ئەم جۆرە منداڵانە لەدەست دەربچن تەنانەت لە هۆڵەکانی خوێندنیش ڕەنگدانەوەی خراپیان بەسەر منداڵە زیرەک و عاقڵەکان دەبێت...

بۆیە لە ئێستاوە هەڵمەتێک لەلایەن وەزارەتی پەروەردەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەست پێ بکرێ بۆ بەرچاو ڕوونی و هۆشیارکردنەوەی خێزان و دایک و باوکان لەم مەترسییەی لەسەر منداڵان هەیە.

## داپیری تەپاسیا (خوا بۆ خۆی بمان بینێ)

لێرەو لەوێ زۆرجار لە سەردانەکانم بۆ ماڵە خزم و هاورێییەکانم دەبینم سەیری فلیمێکی (هندی) دەکەن لەژێر ناوی (گرێ کوێرە) من نامەوێ بەدرێژی باسی ناواخنی فلیمەکەو ڕۆڵــی سلبی و ئیجابی سەرجەم ئەکتەرەکانی بکەم، ئەوەی جێگای سەرنجی منە دوو خاڵە، ئەویش ڕۆڵی پیرەژنێکی پیرە کە ناوی ڕاستەقینەی نازانم بەڵام بینەرانی وتیان پێ دەلێن (داپیری تەپاسیا) لە زۆر بینەرانی ئەم فلیمەم بیستووە کە ئەم پیرە ژنە زۆر ڕەزا قورسە وادیارە ڕقیان لێ دەبێتەوە، سەرنج و مەبەستەکەم لێرەوە دەخەمە ڕوو، یەکەمیان داپیری تەپاسیا لەڕووی هونەرو فلیمسازییەوە توانیویەتی ڕۆڵی سەرەکی ببینێت و توانیویەتی گرنگی و ئامانجی ئەو پەیامەی لە ئەستۆیەتی بە باشی و بە ڕوونی بگەیەنێ، کە تەفرەقەو دوو بەرەکی و دوو ڕووییە، جا هیچ فلیم و شانۆو نووسینی چیرۆک و ڕۆمانێک بێ پەیام و بێ ئامانج نیە، لێرەدا داپیری تەپاسیا بە بینەرانی دەڵێ: خوا بۆخۆی بمان بینێ، واتە لەپەنایی چوار وشە دونیایەک ڕق و کینەو ناکۆکی دەشارمەوەو بە خەڵک دەڵێم چاو کراوەبن، سادەو ساویلکە مەبن هەرکەسێک شتێکی باس کرد باوەری پێ مەکەن، هەوڵ بدەن بە بەڵگەو شایەدەوە کێشەو ئاریشەو ناکۆکیەکانتان چارەسەر بکەن. دایکی تەپاسیا بەدیوێکی تر پێمان دەڵێت

یەکترتان خۆش بوێت و بەکردار بۆیەکتر بسەلمێنن کە خۆشەویستی نێوانتان ئارامی و بەختەوەری دێنێتە ژیانتانەوە...
پەیامەکانی داپیری تەپاسیا زۆر گەورەن ئەگەر بینەرانی فلیمی (گرێ کوێرە) پێچەوانەکەی جێ بەجێ بکەن...، منیش دەڵێم خوا بۆخۆی بمان بینێ ڕووی ڕاستەقینەی خەراپەکاران دەربکەوێت...

## تێروانین بۆ ژیان

تێڕوانین بۆ ژیانێکی خۆش، سادە، ئارام، بەڕای من بەڕێژەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ خودی تاک بە ئاڕاستەی هەنگاوی دروست، هەنگاوێک لە پێشووتر بەپلان بەرنامە ڕێژیت بۆ کردبێ تا لە ئەنجامدا بگەیتە کەناری ئارام، وە سوود وەرگرتن لە ژینگەیەک ڕێزو خۆشەویستی و وەفا بوونی هەبێ، کەنارێک ئەوەندە هێور ئەوەندە لەبار لەڕووی جوانی، بێ دەنگی، لەچاوی سروشتەکەی دونیایەک پەیام لە ئامێز بگرێ. بەدیوێکی تر خودی تاک بە هەنگاوە نادروستەکانی ژیانی لا ناشرین بووە، بێ پلانی بۆ ژیان دەست بۆ هەر چڵە دارێ ببا دڕک دەبێتە میوانی، لە هزرو لە بیرکردنەوەی هەمیشە بەڕەشی بیردەکاتەوە، دەست بۆ جوانیەکان نابا گلەیی لە بەختی دەکا، نیازی کاسبی و باوەری بەخوێندن نیە، دەسەڵات تاوانبار دەکا، پاشماوەی پاکەت وخواردن و خواردنەوەکانی لە جامی ئوتۆمبێل فرێ دەدا کەچی دونیایەک قسەی لەسەر ڕێکخراوەکانی ژینەگە پارێزی هەیە، هەوڵ نادات کەسێکی کارای نێو کۆمەڵگا بێت و هەڵوێستی جدی هەبێ لەمەر کێشەکان کەچی باسی بێ هەڵوێستی هاوڕێکانی دەکات، بۆ ئەوەی ژیان بەجوانی ببینین، بۆ ئەوەی هەڵوێستەکانمان بۆ بەرژەوەندی گشتی و جوانکاری شارو پێشخستنی پەروەردەیی و باوەڕمان بە ژینگەی هاوڵاتی بوون و نیەت پاکی هەبێ پێویستە ڕق و کینەکانمان لەناخەوە

وەدەرنێین، پەیامی خۆشەویستی و ژیان دۆستی بکەینە دروشم تا بەجوانی لە دونیای خۆشی بۆ کەنارە ئارامەکەی ژیان پشوو بدەین بۆیە هەوڵ بدە کەسێکی ڕقاوی مەبە، هەندێ جوڵەی بەرامبەرت، هەندێ بۆچوون بەلایەنی خراپ لێکدانەوەی بۆمەکە،هەندێ نەرمی نواندن بەترس لێک مەدەوە، ڕێزگرتن و وەفاو خۆشەویستی بکە بەبنەمای ژیان.

# کۆیلە

ئەگەر ئاوڕێک لەمێژوو بدەینەوە دەبینین ئەوانەی بەرهەڵستکاری نەمانی کۆیلە بوون لە ساڵانی ١٨٠٠کان، زۆربەی کەسانی شاعیرو ڕەخنە گرو نووسەری مێشک کراوەی ئەوکات بوون، بەتایبەتی نووسەرو ڕەخنەگر (هیگینسۆن) ڕۆڵــی کارای بینی کە کۆیلە بوون پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و غەدرکردنە لەو مرۆڤانەی کەم دەرامەتن و زوڵم وزۆری دەسەڵاتدارەکان لە غەدرو پێشێلکردن سنوری بەزاندووە، بگرە زۆر لە پێش ئەو مێژووە کۆیلەو بازرگانی بە مرۆڤ بوونی هەبووە.

کڕین و فرۆشتن بۆ کاڵاو باڵندە و ئاژەڵەکانە نەک مرۆڤ کەچی لەئەوێ ڕۆژێ زەنگین و هەبووەکان لە بازاڕی ڕەشدا بەویستی خۆیان مرۆڤەکانیان بەکۆیلە هەڵدەبژاردوو دەکڕی !!

ئەوەی بۆتە جێگای پرسیار لای من لە ئەوێ ڕۆژێ بوونی کۆیلە بەدەست خودی کۆیلەکە نەبووبێ، زۆرداری و نەبوونی هۆکار بوو،کەچی لە ئێستادا پاش دوو سەدە زیاتر لە ساڵی ٢٠٢١ زۆرێک لە ئەوانەی خۆیان پێ نووسەرە، دەرچووی زانکۆیە، مووچەی لەنزیک ٢،٠٠٠،٠٠٠ ملیۆنە مەبەستم پێویستی بە پارە نیە پلەو پایەی لەحزب و لە حکومەت و سەرشانی فول ئافەرینە کەچی زۆر زەلیلترو زۆر (ناکەس بەچەترە) هەزاران کەسی تر دەیبینێ خۆی چۆن کردۆتە کۆیلە، بۆیە ئەمە جورئەت و

ئازایەتیە لەسەردەمی هاتنی باهۆزی تەکنەلۆژیای وەک فەیسبووک و ئەیپادو فلاش میمۆری و کرانەوەی دەیان فێرگەی زانستی بڕیار بدەی کۆیلە بیت و شەرم لەخۆت نەکەی تۆ چۆن خۆت ڕیسوا کردووە. بەهیوام ئەوانە ڕۆژێک بەوێنەو ڤیدیۆ دیکۆمێنتەکان دابچنەوە چۆن خۆیان ناشرین کردووە...، دڵنیایان دەکەمەوە منداڵەکانیان لەئایندەدا شەرم دەکەن بڵێن ئەمانە باوکمانن، کەواتە کۆیلە لە ساڵی ٢٠٢١ واتە ئازا بوون و جورئەت!!.

## بڕیار

بڕیاردان کردارێکە لێپرسراوی یەکەمی ئۆرگان یان ڕێکخراو دەتوانێ هەوڵی چارەسەری ئاریشەو وەلامی ئەو داواکاریانەی پێ بداتەوە کە لەئەنجامی کارو پرۆژەو کەم وکوریەکان دێنە پێشەوە گومانی تێدانیە لەهەر ئۆرگانێکی حکومی، حزبی، سەربازی، ڕێکخراوەیی کاربکەیت کەسی یەکەمی ئەم ڕێکخراوە یان ئۆرگانەکە بەگشتی پێویستی بە بڕیار دەرکردنە، بڕیار بە سەرەکیترین کرداری ئیداری وکارگێڕی دادەنرێ و بەبێ بڕیار ناگەیتە ئامانجی دیاری کراو، بڕیاری سەرکەووتوو ئەو بڕیارەیە لەنێو چەند بژاردەیەک پاش ڕاوێژو دەردەشە دەدرێت دوور لە ڕای سۆزو عاتیفەو تەرەف گیری، دەست بردن بۆهەرکەیسێک پاش ڕاوێژو پێداچوونەوەو کۆکردنەوەی زانیاری دروست و هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم کەیسە لەبڕیار لێدان هەڵە ناکەی ....

جائەوەی زیاتر دەمەوێ هەڵوەستەی لەسەر بکەم لەزۆر ڕێکخراوی ئۆرگانی سیاسی دا بڕیار کەنادرێ یان بڕیاری دروست نادرێ هۆکارگەلێک هەن بوونتە لادان لە بایەخی کاری سیاسی و لادان لە وەزیفەی ئیداری و خۆیەتیەکەی لادانە لەپەیڕەو زیاتر بە ڕێنمایی کاردەکەن چ ڕێنمایەک کە زۆرینەی بە ڕێنمایی دەنگییە واتە نووسراو نیە، واتە بڕیارەکانیش میزاجی و لایەنی سۆزداری لە خۆ دەگرێت، بڕیاری دروست بۆ

بەرژەوەندی گشتی بۆ بە ئامانج گەیشتن سەرچاوەکەی پەیڕەوەکەیەتی، ڕێنمایی بڕیارلێدراوی کۆنگرەو کۆنفرانس و ئەو ڕێکخراوانەن شەرعیەتی بە هەڵبژاردن وەرگرتووە. کەواتە گرنگی بڕیار لە ڕاستگۆیی و بایەخی ئامانجەکە یە دواتر شەفافی پرۆژەکە یان باشتر بڵێین ڕوونی ئامانجی کار ڕێخۆشکەرە بۆ دەرکردنی بڕیاری دروست.

## سەرکردە (بە) نەک سەرۆک

ئەوەی لە مێژووی سیاسی و حکومڕانی زۆرینەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و دەوروبەرمان لە ڕابردوو بینیمان سەرۆک هەمیشە لەلێدوانەکانی دەڵێ من، سەرۆک لە زۆربەی پێشهاتەکان تاک لایەنە بڕیاری داوەو نەگەڕاوەتەوە بۆ پرس و ڕاوێژ کردن، سەرۆک هەمیشە کۆمەڵگای تووشی نەهامەتی کردووە، سەرۆک لەناخەوە باوەڕی بەهەڵبژاردنێک نیە خۆی بکەوێتە بازنەی کاندید کردنەوە، بەڵکو بە ڕووکەش و بۆ دونیای ڕاگەیاندن و خۆڵ لەچاوی هاوڵاتی باس لە پرۆسەی هەڵبژاردن دەکات، سەرۆک دەسەڵاتەکانی ڕەهایەو نابێ کەس قسەی لەسەر قسەی هەبێ و ڕەخنەش لەبەر دیدەی یان مایک و شاشە لەدژی قەدەغەیە، سەرۆک لە زۆر بوار لەزۆر پرس ناگەڕێتەوە بۆڕای ئەنجومەن و دەستەی سەرۆکایەتی، بەڵام سەرکردە هەمیشە لە لێدوان و دەرکەوتنەکانی وشەی ئێمە یان ئەنجومەن یان بەکۆ تەعبیر لەڕای ئەوانیش دەکات ،سەرکردە هەڵبژاردەی خەڵک و بەربژێری کۆنفرانس و کۆنگرەکانە، کەچی سەرۆک زۆرجار بەدانان و دەست نیشان کراوی خانەوادەو بنەماڵەکانە. سەرکردەی دڵسۆزو ڕاستەقینە پرۆژەی دەستە جەمعی هەیە بۆ بەرژەوەندی گشتی، کەچی لێرەو لەوێ سەرۆک ڕەچاوی بازرگانی تایبەت و بڕیارەکانی بۆ ئامانجێکی تایبەتە، سەرکردە خاوەنی پلان و نەخشەیەکی دوور مەودایە کەچی سەرۆک

لەبازنەیەکی داخراو خزمەتێکی دیاریکراو ئامانجێکی تایبەت خۆی دەگونجێنیٚ. بۆیە سەرکردە (بە) بۆ بەرنامە ڕێژیەک کۆمەڵگا لەژێر سایەو ساباتت هەست بەخۆش گوزەرانی و ئارامی و ئاسایش و دادپەروەری بکات .

## باچیتر (خدر) وەگەر نەبین

بەڕای من هێشتان درەنگ نیە هەر تاکێک لە ئێمە مانان خاوەن ڕاو بۆچوون و بڕیاری تەندروستی خۆی بێت لەبەر بچووکترین ماف، یان ئەو کارانەی دەتەوێ بەدروستی ئەنجامی بدەی بۆئەوەی لەئەنجام ئامانجەکەی بپێکێ، ئەمەش بە ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری و جورئەت دەکرێ، سەرجەم ئەو حزب و کۆمپانیاو کۆمەڵەو ڕێکخراوانەی جیهان و کوردستانیش سەرەتا بیرۆکەی دروستبوونیان دواتر گەشە کردنیان تاک و دواتر وردە وردە بۆتە کۆدەنگی و ئامانجی پێکاوە، کەواتە تۆی تاک هەمیشە هەوڵ بدە تۆ خۆت ئەو کەسە بە ڕەخنە بگرە، پێشنیار بکە، بەرچاو ڕوونی بدە نەک چاوەڕێی هاوڕێ و خەڵکانی تربکەی و دواتر بڵێ منیش وەک فلان، میللەتانی پێشکەوتوو بە سەرنج و ڕەخنەکانیان بوونەتە ڕەقەم و لەبوارەکانی ژیان خۆشگوزەرانی و مافیان بۆ خاوەن ماف گەڕاندۆتەوە، کەواتە باچیتر نەڵێین بۆ کێ خۆمان خراپ کەین، کێ منەتی پێ یە، یان کێ کفتەی خواردووە ئەو بچێتە لای بووک... ئەمانە هەموو ڕستە و بیرۆکەی کۆنن. بێ هەڵوێستی کۆمەڵگا نیشان دەدا، بێ جورئەتی نیشان دەدا، ڕۆشنبیری بەرەو نەمان دەبا .دەبێ هەوڵ بدەین بۆ پرۆژەی باش، بۆ گۆڕانکاری، بۆ چاکسازی، بۆ پەروەردەیەکی دروست، کۆدەنگی پەیدا بکەین و بەرژەوەندی تایبەتیەکان وەلا بنێین ئینجا ئەوانەی خۆویستن

تەنها بیر لەگیرفان و مانەوەی خۆیان دەکەن لەڕێگای هەڵوێستە جوانەکان فەشەل بە عەقڵە کۆنەکانیان بهێنین. کەواتە هێشتا درەنگ نیە ڕاو بۆچوونی خۆت بە پێشنیاری جوان، ڕەخنەی مەنتق بخە سەر مێزی سیمنیارو کۆڕو دیبەت و کۆبونەوەکان...

## چاودێری کردن

ئەگەر سەیری هەر دۆسیەو سێکتەرێکی ڕێگاوبان، ژینگەیی، هاتوچۆ، پەروەردەیی هەربوارێک لەبواری خزمەت گوزاری یان پڕۆژەیەکی سیاسی بکەین بەدیزاین و بە شێوازێکی پوخت و شازو کوالێتی فول و ئەکادیمیانە هەنگاوی بۆ نرابوو، بێ دوو دڵی بڕۆ دەست خۆشی لە لێژنەی (چاودێری) لایەنی جێ بەجێکار وەزارەتە، فەرمانگەیەکە، ڕێکخراوێکە، سەنتەرێکە، یاخود کۆمەڵەیەکی ناو ڕێکخراوێکی ئۆرگانێکی سیاسی یە بکەو نووسراوی سوپاس و پێزانینی ئاراستە بکە، ئەگەر ئەوانەی حکومەت یان حزب بەڕێوە دەبەن هەر لە ئۆرگانێکی سەروو تا بازنەیەک یان فەرمانگەیەک پێیان وابێت بەشی پلاندانان، ڕێکخستن، ئاراستە کردن، گرنگ ترە لە ( چاودێری کردن) ئەوا هەڵەیەکی گەورەیە و دەبێ بەخۆیاندا بچنەوە...، لێرەو لەوێ ئەوەی مایەی نیگەرانییە بۆبەشی پلان دانان لەهەر دەزگاو فەرمانگەیەک بێت بۆدانانی کەسییەکان لەبەشی پلان دانان دەبێ چەند مەرج وقەیدێکی تیابێت، کەچی بۆ دانانی کەسەکانی بەشی چاودێری مەرجێکی وانیە، خۆ زۆرجار بەڕێوەبەر یان کاکی بەرپرس یەکێکی نزیک لەخۆی دادەنێ تا کێشەو ئاریشە بۆ پرۆژەکە، بەشەکە، یان دۆسیەکە دروست نەکات، جا زەرورو پێویستە چ لەحکومەت یان حزب کەسانی ئەکادیمی و شارەزاو تەکنیکار بخرێنە خزمەت بەشی چاودێری تا چاوپۆشی لە کەم

کوڕیەکان نەکرێ و هەڵەو کەم و کوڕیەکان بەسەر لیژنەو بەشەکانی چاودێری کردن تێپەر نەبێ، لەکۆتاییدا دەڵێم چاودێری کردن جاسوسی نیە بەسەر بەشەکانی تر، بەڵکو بۆخزمەتی گشتی پرۆژەو بەرنامەکانە ،چاودێری کردن هەنگاوە بەرەو چاک سازی و نەمانی گەندەڵی .

## زوو هەڵچوون = بەهەگبەی بەتاڵ

لەڕووی کارگێڕیەوە ئەگەر سەیربکەین دەبینین ئەوانەی ڕێکخراوێکی توکمەو فەرمانگەیەکن ساڵانە لەلایەن سەرووی خۆیان چ بەڕێوەبەرو چ فەرمانبەرەکانی خۆیەتی و ژمێریاری و وردبینی و ئەوبەشانەی پابەندن بەبنەماکانی (کارگێڕی کار) سوپاس وپێزانیان بۆ دێتەوە، بەدڵنیایەوە ئەزمون و ڕۆژگاری کارکردنیان بۆتە بانکگراوندێک زۆر بە زەحمەت هەڵە بەسەریان تێپەردەبێت، یان دەستەوەستان ناوەستن لەکاتی بوونی کێشەدا، لە بنەماکانی بەڕێوەبەری سەرکەوتوو ئەوەیە چوار خاڵە سەرەکییەکەی (پلان دانان، ڕێکخستن، ئاراستەکردن، چاودێری کردن) بکاتە ئامانجی بەڕێوەبردن، ئەم چوار ئامانجە بۆ کاروباری حزب و کۆمەڵەو سەنتەرەکانیش هەمان مەبەست دەپێکێ، ئەوەی مەبەستمە بیخەمە ڕوو ئەوەیە زۆربەی ئەوانەی لەحزب و لەحکومەت دەکرێنە کەسی یەکەم جا بەڕێوەبەری بەشێک لە فەرمانگەی ئاو، یان بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی شارەوانی، یان بەڕێوەبەری فەرمانگەیەک لەسەر سنور، تا سەرۆکی حکومەت.. کەسی یەکەمەکانی ئۆرگانەکانی حزبیش لە خوارەوە بۆسەرەوە بەهەمان شێوە، لەکاتی دەردەشە بۆ پرۆژەیەک، بۆ بۆنەیەک ،بۆ ئامانجێک یان ئەوەتا دەڵێ ئێوە چیتان پێ باشە من ڕازیم. یان دەیەوێ ڕایەکی هەڵە فەرزبکات کە هیچ بنەماو شێوازێکی زانستی لە خۆ ناگرێ، هەڵچوونێک

دروست دەکات ئامانجی گشتییەکە ون دەکات، واتە هەگبەکەی بەتاڵە، لێرەدا بەڕێوەبەری سەرکەوتوو، لێپرسراوی سەرکەوتوو ئەوەیە بۆ هەر کارێک دەبێ پلانی هەبێ و دواتر ڕێکخستن، دواتر ئاراستەی بکات، بۆ ئەوەی ئامانج بپێکێ دەبێ چاودێری کردن ڕۆڵی هەرە گرنگ ببینێ، لەکۆتاییی دا دەلێم ئەوانەی هەگبەیان بەتاڵەو لە کۆبوونەوەکان هەڵچوون و هەڕەشە دەکەن (بازاڕ) یان لە شێواوی دایە باوەڕیان بە بنەماکانی زانستی بەڕێوەبردن نیە .

## قسەیەک

## لەسەر ڕێزی پێشەوەی کۆڕو بۆنەکان!!

لەبنەماکانی ئەتەکێت (دانیشتن و ئەدای پرسیارو شێوازی دانیشتن) بە نمونە: بێ گومان هەر ڕێکخراوێک، دەزگایەک، ئۆرگانێک کە کۆڕێک، سیمنارێک، ئاهەنگێک ڕێکدەخا سەرەتا بیرلە شێوازی ڕێکخستنی کورسییەکان دەکاتەوە بۆ دیکۆرو سیماو مەودای وێنەگرتنی کەناڵەکان، خاوەن دەزگاو ڕێکخراوو ئۆرگانەکە مافی جوڵان و جێگۆرکێی کورسییەکانی هەیە ئەگەر پێویست بکات نەک میوان و بەشدار بوو، خاڵێکی تر کۆڕگێڕ یان ئەوانەی سەرپەرشتیاری بۆنەو سیمنارن ئازادن بەچ شێوازێک ڕێگە بەئامادەبووان دەدەن پرسیارو بەشداریکردنەکانیان بکەن ،نەک بەشدار بوو، ئەوەی بۆتە دیاردەیەکی ناشرین و دوور لە ئەتەکێتی ڕۆشنبیری قسەکردن و وەڵام دانەوەی تەلەفۆنە لەکاتی پێشکەش کردنی وتارو ئەو بابەتەی کۆڕگێڕ بۆی هاتووە، ئەوەی زیاتر مەبەستم بوو قسەیەک لەسەر ڕێزی پێشەوەی کۆڕو سیمنارو بۆنەکان بکەم ئەوەیە زۆربەی بەناو لێپرسراو ئەوانەی بەکاغەز کراون بە پلەدار تەنها لەکۆبونەوەی حزبی دەبێ ڕەچاوی پلەبەندی بکرێ خۆش بەختانە چونکە نەخوێندەوارن ئەمەش پێ شێل دەکەن.... کەچی لەکۆڕو سیمنارو ئاهەنگە تایبەتەکان مەرج نیە ڕێزی پێشەوە بۆ پلەدارو مەسئول بێت، ئەوانەی ڕۆشنبیرن و هەورازونشێویان بینیوە

ڕێز لە خۆیان و خەڵکی سڤیل دەگرن هەڵپەی ڕێزی پێشەوەناکەن...، ئەوانەی بچووکن و ڕەقەم نین سەیرکەن هەمیشە بێ شەرم ئەگەر شوێنیش نەبێ کورسی جوڵاو دەهێنن و دیکۆری بۆنەکەش تێک دەدەن یان سەعاتێک زووتر پاسەوانێک دەنێرن شوێنی بۆ بگرن... تکایە ڕێز لەخۆتان بگرن تا خەڵک ڕێزتان بگرێ...

## خۆناسین

به لەهجەی سلێمانی میزڵدان و هەولێریش دەڵێ (دەب دەبە) و لەکەرکوکیش دەڵێن (شیشڵدان) کەسانی تێگەیشتوو هەمیشە لەهەوڵــی زیاتر خوێندنەوەو بەدواداچوونی کەناڵەکانی خۆ پێگەیاندنە تالەهەر بازنەیەکی ژیان بیەوێ ئەسپی خۆی تاو بدات ئاریشەو کێشەی ئەوتۆی نێتە ڕێگاوە، ئەوانەی ئاستی بیرکردنەوەیان فراوانەو دەیانەوێ خزمەت بکەن لەبواری گشتی هەمیشە بەپلان و بەرنامەو پڕۆژەو ژمارەوە لە مەیدانی پراکتیکی ئامادەگی ڕاستەوخۆی هەیە و نیشان دەدا، ئەوانەی لەناکاو دێنە سەرمێزی حازرو هەگبەکەیان خالی یە لە فکرو ئایدیاو پڕۆژەی خزمەت گوزاری، هەمیشە خۆیان پێ خولە پیزەیەو لەکاتی بۆنەو ئەنجام دانی پڕۆژە هەمیشە دروشمی گەورەو دەست بۆ بەردی گەورە دەبات کە هەمووومان دەزانین بەردی گەورە نیشانەی نەهاوێشتنە، جا وەک میزڵدان پرکراوە لە هەوا، ئەگینا هیچ لە هەگبەکەی دانیە... لێرەدا خۆناسین گرنگە تاکەکان هەست بەبوونی خۆیان بکەن و خۆیان لێ نەگۆڕێ، بۆئەوەی سەرکەوتوو بیت، هەمیشە خۆت پڕ بکە لە زانست و گەورەیی لەڕێزگرتن ببینەوە نەک لە وەرگرتنی پۆستێک کە لەبەرخاتری خاترانبێت و بەچاوی خێر پۆست وەربگری، جا خۆت بناسە ئێنجا بڕیار بدە...

## شیاو

لێرەوە نامەویٚ ناوەڕۆکی ئەم ستوونەم ئاراستە بێت بۆ کەسێکی دیاری کراو یان دەزگایەک، وەلــیٚ ئەوەی زۆرجار لێرەو لەویٚ باس لەگۆرانکاری دەزگایەک یان ئەنجومەنێک یان هەرتەشکیلاتێک دەکریٚ حزبی یان حکومی، پۆستەکان ژمێریاری، هەندەسی، دادی بێت، خەڵکانێک سیڤی پڕدەکەنەوە بەنمونە بڕوانامەی( ئامادەیی) هەیە، دبلۆمی لەوەرزش هەیە، یان هونەرەجوانەکانی تەواو کردووە، قۆناغی سێیەمی (تەقەنی )یە، جا مەبەستەکەم لێرە ئەوەیە زوڕنا ژەنەکان، دارودەستەی نابەرپرسەکان، ئەوانەی لە پسپۆڕی تێناگەن ڕستەی زۆر سەیر فریٚ دەدەن بیٚ ئەوەی بزانیٚ ئەم کاندیدە شارەزایە، کاری کردووە لەم بوارە، تەمەن و بڕوانامەکەی لەگەڵ ئەم پۆستە یەکانگیر دەبیٚ یەکسەر دەڵیٚ بەخوا فلان (شیاوە) بۆ ئەم پۆستە، خۆ زۆرجاریش بەس ناوی بیستووە یان لە دانیشتنێک بینیویەتی، وشەی شیاو نابیٚ کەسێکی نەشارەزا، ئەکادیمی نەبیٚ بۆ میلاکێک بەکاری بهێنیٚ فڕی بەسەر جمهوریەت نەبیٚ...، برادەرێکم دوێنیٚ وتی هەڤاڵێک پۆستێکی حزبی وەرگرتووە لەبەرئەوەی تواناو شارەزایی لە وتاردان نیەو ناتوانیٚ وتارێک لەسەرکاغەز بخوێنێتەوە، لەئێستادا برادەرێک لەجیاتی ئەو وتار دەخوێنێتەوە، دوا قسەم ئەوەیە بەڕای من شیاو بوون توانایە بڕیاردانە، چالاکی و دۆزینەوەی کارە بۆ خزمەتی گشتی نەک

شیاوی چاخواردن و بەرگری بێت لە مانەوەی خود لەپێناو نەسریەو دەستکەوتی تایبەتی.

## لەبنەماکانی ئەتەکێت (تەلەفۆن کردن) بەنمونە:

بێ گومان هەر هۆکارێکی تەکنەلۆژیا دروست بوونی لەبنەڕەتدا هۆکارگەلێک لەپشت هێنانەکایەی بوونی هەبووە، سەرئەنجام لایەنە پۆزەتیڤەکانی زیاتربووە بۆیە هەنگاوی جدی و خێرای بۆنراوە، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بێ ئاستی ڕۆشنبیری هەمیشە مایەی سەرئێشەی بۆ تاک و کۆمەڵگا دروست کردووە، ئەگەر سەیری عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەت بکەین هاتنی ئەم باهۆزە خێرایەی تەکنەلۆژیا جا بەهەموو جۆرەکانی فەیسبووک، جیهازی موبایلی زیرەک، تیکتۆک، ئەیپات..... هتد، من نامەوێ هەڵوەستە لەسەر هەموویان بکەم، بەڵکو ئەوەی لەئێستادا بۆتە مایەی بێزاری تەلەفۆن کردنە کە بەکارهێنانی لەلایەن هەندێ خەڵک نیگەرانی زۆری لێ کەوتۆتەوە، دیارە لایەنە باش و پێویستییەکان ئەوەندە زۆرن باس کردنیان ئاسان نیە، بەڵام دەبینین بێ ڕەچاو کردنی کاتی کەسی بەرامبەرت بزانی، بێ ئەوەی لێی بپرسی کاتەکەت گونجاوە، شوێنەکەت ڕێگات دەدا وەڵام بدەیتەوە، یان مەجالی قسەکردنت هەیە، جارێ پێنج دەقە چاک و چۆنی و هەواڵ پرسینی خۆت و خانەوادەو تەنانەت هەواڵی ماڵی خەسوشت دەپرسێ، ئینجا دێتە سەرمەبەستی تەلەفۆن کردنەکەی، خاڵێکی تر تەلەفۆن کردن لە شوێنە گشتیەکان وەک فەرمانگە، ناو پاس و تەکسی، یان کۆڕو سیمنار بەدەنگێکی گەورەو ناشاز بێ ڕەچاوکردنی تێکدانی جەوی

دەوروبەرت، خاڵێکی تری گرنگ کەلادانە لەبنەماکانی ئەتەکێت کاتێک بەرامبەرەکەت قسە دەکات تۆ خۆت بەمۆبایل سەرقاڵ بکەی...

زۆرجار خاوەن ماڵ خۆی بەمۆبایل سەرقاڵ کردووە میوان هەست بەغوبن و پەشیمانی دەکات لەم سەردانە، ئومێد دەکەم لەکات و لەشوێن و بۆ حاڵەتی زەرور مۆبایلەکانتان بەکار بهێنن...

## دایکان لەبارەیی هاوسەرگیری لەجیات کچەکانتان بڕیاری پێش وەختە مەدەن..

جێگای داخە ڕێژەی تەڵاق و کێشەکانی نەگونجان لەڕووی کۆمەڵایەتی ئێجگار زۆربووە دادگاو پارێزەرەکان گەواهی ئەوڕاستیەم بۆ دەدەن کە ئەو ژمارە زۆرە زەنگی مەترسیە لەسەر کۆمەڵگا کەمان، هۆکارگەلێک هەن وەکو تێک نەگەیشتن لەپڕۆسەی هاوسەرگیری، بەهۆی کەمی تەمەنەوە، قەیرانی دارایی، بێکاری، بەهەڵە بەکارهێنانی مۆبایل و فەیسبووک ،تەکنەلۆژیا بەگشتی، ئەوەی من دەمەوێ ئەماژەی پێ بدەم زۆرێک لەدایک وباوکی ئێستاو پێشووش ،بەبێ ئەوەی پرس بەکچەکە بکەن پێشوەختە بەڵێن دەدەن، زۆرجار بەنمونە کچەکە لەقۆناغی ئامادەیی یە، دایکی بەڵێن بەخزمێکی نزیکی خۆی دەدا کە کچەکەی پێ بدات، زۆرجار کچەو کوڕە دڵیان دەچێتە سەریەک، کە کچە دەچێتە زانکۆ یان پەیمانگا بەهۆی کرانەوەی دونیایەکی ترو بیینی ڕوخساری تازەو هەڵسوکەوتی تر پاشگەزبوونەوە لە دیدی کچە دێتە ئاراوە، هەندێ جار بەپێچەوانەشەوە کوڕەکە پەیوەندی دروست دەکات لەگەڵ یەکێکی تر، لێرەدا هەربڕیارێکی سەپاندن لەلایەن دایکان وباوکان هەڵەیەکی کوشندەیە و ئایندەیەکی باش چاوەڕێی ئەو کچ و کوڕانە ناکات، بۆیە هیوادارم بەڵێنی پێش وەختە لەچارەنووسی کچ و کوڕەکانتان نەدەن.

## ژینگەی دەوروبەر

ئەگەربتوانم مەبەست و پەیامەکەم بەدروستی بگەینم دەمەوێ چەند وشە گەلێک ڕیزبکەم لەسەرژینگەی پێگەیاندنی منداڵ تاقۆناغی هەرزەکار، بە بۆچوونی من دیارە لەسێ وێستگە کاریگەری بنیاتنانی منداڵ بۆ پەروەردەکردنی ئاکارو تایبەتمەندییەکانی ڕەنگدانەوەی ئەرێنی و نەرێنییەکانی بەدەر دەکەوێ. ١ـ قوتابخانە ٢ـ دایک وباوک ٣ـ ژینگەی دەوروبەر، بێ گومان هەموو دایک وباوکێک گەرەکیەتی منداڵەکانی بەباشی پەروەردە بکات بەپێی توانا و ئەو کاتەی بۆی دەرەخسێ چاودێری بکات...، هەرخێزانێک بۆ خێزانێکی تر بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری جیاوازی هەیە، قوتابخانەش کەدەکاتە ماڵی دووەمی منداڵ هەموو هەوڵی خۆیان دەدەن تا پەیامی پەروەردەو فێرکردن لە هزری قوتابییەکانیان خەزن بکەن سەڕەرای ئەوەی لەم قۆناغە قوتابخانەکانیش بەهۆی کۆڕۆناو بارودۆخی موچەو دەستێوەردانی حزب ناتوانن وەک پێویست پەیامەکە بگەیەنن، ئەوەی لای من گرنگە خاڵی سێیەمە دایکان و باوکان بەئاگا بێنەوە ژینگەی دەوروبەر بۆتە جێگای مەترسی بۆ منداڵان و هەرزەکاران کەلادان لەوێ وە سەرچاوە دەگرێ، بەهۆی چاودێری نەکردنی منداڵەکان چەندین دیارەدەی وەک جگەرەکێشان، نێرگەڵە، کافتریا. حەشیش، پەیوەندی نادروست بەناوی خۆشەویستی لەتەمەنی هەرزەکاری و لەخشتە بردنیان

بۆتە کێشەی هەر گەورە بۆ خێزان و حکومەتیش بەگشتی، بۆیە لەم قۆناغە بەئاگابوون لەخاڵی سێ یەم کە دەکاتە ژینگەی دەوروبەر بۆ منداڵەکان کارێکی لەپێشینەی هەرە گرنگە بۆئەوەی منداڵەکانمان دووربخەینەوە لە کارەساتی چاوەڕوان نەکراو، بەڵگەش بەدواداچوونە بۆ دادگاو بەندینخانەکان بزانن برادەرو هاوڕێی خراپ چ ئاریشەیەکی جەرگبڕی بەسەر ئەم نەوەیە هێناوە، بەهیوام هەموو لایەک دووربین لەدەردو کارەساتی ژینگەی خراپ...

## سەرەداوێک بهێڵەوە

کاروان و ڕەو ڕەوەی ژیان پڕە لە هەورازو نشێو، خۆشی و ناخۆشی، ساردو گەرم هتد...، وێرای ئەوانەی لەپێشەوە ئاماژەمان پێدا، لەگەشتی ژیان ڕووبەڕوومان دەبنەوە دەبێ هەوڵی لێک تێگەیشتن و تەبایی نێو تاکەکان ببێتە پرۆگرام و بەرنامەی زۆرینەمان، بۆ ئەوەی نێوان تاکەکان هەر بەبرایەتی و خۆشی بمێنێتەوە هەوڵ بدەین بەڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەین و بەگەورەیی سەیری یەکتر بکەین، ژیان خۆشە ئەگەر بەخۆشەویستی یەکتر، بەڕێزو ستایشی کارە جوانەکانی ئەم و ئەو بناسرێ و دەست خۆشانە ببێتە بنەمای کارکردن، جا لەنێو ئەو هەموو کارو دەوام و بینەو بەردەی ژیان زویربوون، لێک تێنەگەیشتن دێتە ئاراوە بەڵام مرۆڤە ناخ پاک و ئاست بەرزەکان هەمیشە دوور سەیر دەکەن، لەکاتی کێشە دروست بوون لەنێوان تاکەکان ئەویش هەموو کارو پرۆژەو نووسین و شتە جوانەکانی بەرامبەرەکەی سفر ناکاتەوە، لەم حالەتە دەبێ (سەرەداوێک بهێڵینەوە) بۆ ڕۆژگارێک مەجالی ئاشتبوونەوەی تێدابێت، ئومێد دەکەم هەموو لایەکمان بەخۆشەویستیەوە بڕوانینە ژیان، شتە بچووکەکان لەیەکتری گەورە نەکەین و (بەداوێی) نەکەین. لەهەر کێشەو ئاریشەیەک سەرەداوێک بهێڵینەوە بۆ ئاشتبوونەوە.

# نەفەس تەنگ

مێژووی مرۆڤایەتی بە ئەزموونی ژیان و کردەوەکانمان کارتی دەست و کارتی دڵمانی خوێندۆتەوە کە ئێمە چمان لەناخ و بیرکردنەوەکانمانە، چۆن پەڵکێشی شتی تایبەت و بەرژەوەند خوازی دەبێت، هەمیشە بەرژەوەند خوازەکان خەڵکی ناخ ڕەشن، بیرو هەست و دڵیان لای پارەو بەرژەوەندیەکانیانە، دڵیان سۆزو بەزەیی و خۆشەویستی تیا نیە بۆیە نەفەس تەنگیان پێوە دیارە، هەمیشە بیر لەوە دەکەنەوە چۆن بۆسەو کەمین لەهاوڕێکانیان دابنێنەوە، تاخۆی لەناویان ببێتە ژمارەیەک و بەرژەوەندی خۆی بپارێزێ و لەسیما پیاوچاک، لەگفتوگۆ دونیایەک زانیاری وکەچی لەکردار بێ بەرهەم، هیوادارم ئەوانەی بەرژەوەندی خوازو تەنها خۆ ویستن بیان خەنە دەورەیەکی فول سەربازی
و ڕۆشنبیری، تالەوێوە سەرقاڵیان بکەن و بیان خەنە بازنەیەک بزانن دونیا هەربۆ گروپ و کەسانێک نیە چیان بوێ بۆیان بچێتە سەر، لەکۆتایی دا دەڵێم ئەم کەسانە لەکار و دەوام و گەشت و تەنانەت میوانداریشی لەگەڵ خۆش نیە.

## ئەوەی غەش دەکات لە ئێمە نیە

خۆشەویستان ئەم پێنج وشەیە (ئەوەی غەش دەکات لە ئێمە نیە) لەوانەیە لێرەو لەوێ خەڵک هەبێ بەسادەیی لێی بڕوانێ یان نەزانێ غەش کردن بۆ مەرام و مەبەستێک تا چەن ساڵێک یان ماوەیەک بەرهەمەکەی خۆش بێت یان ئامانجەکەی بپێکێ، وەلێ پاش ئاشکرابوونی تاڵیەکەی زۆر زیاترەو باج و ڕێکارەکانی قورسترە، سەرەڕایی ئەوەی پەیرەوکردنی هەرغەشێک بچووک یان گەورە سەرئەنجام دەروونیەن هەر ئاریشەیە بۆ هزرو مێشک، لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن ئەوانەی غەش دەکەن پاش ئاشکرا بوونیان (پەشێمان بوونەتەوە) غەش هەر غەشە بەڵام لەگەڵ فەرمانگەو دەزگاکانی حکومەت باجەکەی قورسترە لەڕووی ڕێکارەکان و پێ ژماردن و ڕووبەڕووکردنەوەت لەگەڵ دادگا، لەوەی تۆ غەش لەگەڵ دوکانداریێک، خزمێکت، هاوبەشیەکی مەدەنی، لەوانەیە بە سوڵحی عەشایری پێک هاتنێک بێتە ئاراوە، دواجار غەش هەر غەشەو ڕێکارەکانی جیاوازن، بۆ دونیایەکەی تریش غەش هەر غەشە و دەقە ئاینییەکان هۆشیاریان پێ داوی بەتایبەت بەو مانشێتەی سەرەوە، پێنج وشە وەلێ دونیایەک ماناو دونیایەک بەرچاو ڕوونی.

بەهیوام کەس بیر لەغەش نەکاتەوە، ئاقیبەتی غەش دڵتەنگی و بەدبەختی و زیندان و مایەپووچ بوونە...

## ژنێکی ژیرو عاقل بە پیاوەکەی گووت:

## ئیدارەی برادەرە کۆنەکانت بدە واز لە برادەری تازە بهێنە

برادەرێکم هەیە پێشمەرگەی دێرینە، پیاوێکی لێوان لێوە لە ناخ پاکی، لەدڵسۆزی، لەبواری کۆمەڵایەتی، ئەو برادەرەم لەکوێ بێت قەرەباڵغی و کار بەڕێکردن و خەمخۆری و دڵسۆزی لەوێیە، لەزۆر قۆناغی پێشمەرگایەتی و حزبی تائێستا سەرکەوتوو بووە، لەیەکێک لەهەڵبژاردنی نوێنەرانی پەرلەمانی کوردستان خۆی کاندید کردو لەدوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان ناوبراو دەرچوو، زۆرجار من دەڵێم چاکە بکە، پیاوەتی بکە، بەخشەربە، چاکەکانت بە زێی تەقتەق دابدە ڕۆژێک دادێ لە زێی پردێی (ئاڵتوون کۆپری) وەریدەگریەوە، پاش دەرچوونی ئەم برادەرەم لەهەڵبژاردنی نوێنەرانی کوردستان، یەکێک دەباتەوەماڵەوە بۆ نان خواردن، ژنەکەی بانگی پیاوەکەی دەکا دەڵێ فلان ئەوە کێ یە قەت نەمدیوە و برادەرت نەبووە. ئەو برادەرەم دەڵێ ژنەکە ئەوە برادەری تازەمە، بەپیاوەکەی خۆی دەڵێ برادەری تازە مەگرە هەوڵدە ئیدارەی برادەرە کۆنەکانت بدە، تۆ پێنج هەزار ژمارە تەلەفۆنی برادەری کۆنت لایە هەر ئەمانە بەسەر بکەیتەوە و ئیدارەیان بدەیت لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو سەرکەوتن بەدەست دەهێنی.

منیش دەڵێم (یەکێتی) تۆ ئیدارەی کەس وکاری شەهیدان و پێشمەرگەی دێرین و کەم ئەندامی سەنگەرو تێکۆشەرانی دوێنێ

و موچە خۆران و کادیرانی خۆت بدەی سەردەکەوی پێویست
بە برادەری تازە ئەملاو ئەملا ناکات ...

## وەفا نواندن

ئەگەر بۆ ڕابردووی هەندێ ڕووداو یان مێژووی کەسایەتیەکان بگەڕێینەوە دەبینین هەندێ تایبەتمەندی و بنەما کۆمەڵایتیەکان نەبوونە ڕێگر بۆچارەسەری هەندێ کێشەو ئاریشەی (باو) لەعێراق وکوردستان ودەوروبەرمان، خۆ زۆر جاریش لەهەندێ قۆناغی تایبەت سەرمایەو پوولیش نەبوونە مایەی خۆشی یان ڕزگاربوونی کەساییەتیەکان لەزۆربەی ئەو مێژووانەی بوونەتە مایەی نیگەرانی ماڵبات و میرو پاشاوسەرۆک هۆزەکان چونکە گیانی (وەفا) لەڕۆحی کەسەکان بوونی نەبووە. خۆزۆرجار وەفاداری بۆ کەسێک لەهەندێ قۆناغ لە کاتێکی جیاواز یان لەشوێنێکی تایبەت ئەم وەفاداریە بۆتە وەبەرهێنانەوەی گیانی چەند کەسێک، دە تۆش بێ بەرامبەر وەفا بنوێنە...

دەم بە پێکەنین وکەسێکی وەفاداربە دەبیتە کەسێکی بە شەهم و خۆشەویستی هەموو کەس، وەفانواندن دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ کەس کەلەناخەوە وەفای بەرهەم هێناوە و وەفا پەخش دەکات، ئەوانەی خۆشەویستیان هەیە بۆ کەسێک لەکاتی ناخۆشی ئەو وەفاداریە دەبێ بسەلمێندرێ، تاوەکو کەسە وەفادارەکان لەنزیکەوە بیانناسین.

## ویژدان = بە دوارۆژ

لەم تەوەرە ستوون ئامێزەم نامەوێ پێنووسەکەم گشتگیربکەم بۆزۆربەی باس و خواسی ژیان، ئەوەی منی پەڵکێشی نووسینی ئەم تەوەرەکرد، لەمانگێکی پیرۆزی وەک ڕەمەزان وشەی (ویژدان) بوو، ئەوانەی سەرقاڵی هەرکاسبی و پەیداکردنی بژێوی ڕۆژانەن بۆ خۆی و خانەوادەکانیان جێگای شانازی وڕێزگرتنن، بەڵام لەناویاندا کەسانێک هەن خۆیان پێ موسڵمانەو لەهەرێمێکی موسڵمان نیشتە جێ بوونە لەوانەشە لەئێستا نوێژبکات و ڕۆژووش بگرێ کەچی کاڵاکەی بەگران دەفرۆشێ، یان دەستکاری مادەو بڕی کەڵوپەلەکە بکات تا لەڕووی پێکهاتەوە گۆڕانکاری بەسەربێت ونرخی گرانتر بفرۆشێ، بەنمونە برادەرێکم دوێنێ برا قەسابێک قیمەی کەبابی پێ فرۆشتبوو، سوێنتان لەسەرم نیە لە چوار بەش یەک بەشی گۆشت بوو، باقی تری چەوری بوو بەهەمان نرخی گۆشتێکی نایاب، واتە کەبابەکە ڕێک توایەوەو بووە چەوری، کاکی قەساب ئەوە دامان نا کڕیاری لە جۆرو ناسکی گۆشتەکەی نەزانی، ئەی بە چ ویژدانێک خۆت تووشی شەرمەزاری بەرامبەرخوای گەورە و کۆمەڵێک کەسی بەڕۆژوو کرد.

هیوادارم لەم مانگە پیرۆزەدا ویژدانتان ئاسوودە بکەن تا لەم ڕێگایەوە ئاسودەیی و دڵنیایی لەنێوان کڕیارو فرۆشیار بێتە بوونەوە...

## خۆبەزلزان + پیاوی بچووک = جیاوازی

بەپێی ئەو بەدوا داچوونەی چەندین ساڵە من بەدوای ویڵم بۆ ئەوکەسانەی لەبنەڕەتدا هیچیان لەبارنیە واتە لەسرکێتەوە کوژاینەوە کەچی لە بۆنە و شوێنە گشتیەکانی گفتوگۆی لێ ئەنجام دەدرێت کەسانی بچووک و خۆبەزلزان هەمیشە دەیانەوێ کۆنترۆڵی دانیشتنەکان بکەن وڕای خۆشیان بچەسپێنن، کەدەچنە شوێنێکیش ئەوکەسانە دەبێ هەرخۆیان سەری مەجلیس بگرن و زۆرترین قسە قسەی ئەو بێت، بەهۆی ئەوەی لەهزریان نەقس هەیە، لە کردەوە نەقس هەیە، لەهەمان کات بێ کردارن وئارەزوو بەخزمەت کردن ناکەن، ناچار درۆ لەپێناو درۆ دەبێتە بنەمای خەونەکانیان، لەبنەماکانی ئەتەکێت (سەردان) بەنمونە دەبێ حسابی کات، شێوازی پرسیار، ئامانجی پرسیار لەبەرچاو بگیرێن...، وە ڕەچاوی ئەوەش بکرێت کەچوویتە هەر فەرمانگەودەزگایەک حزبی بێت یان حکومی، مەدەنی دەبێ لەماوەیەکی کەم مەفهومی کارو چۆنیەتی دەربڕین بکەیتە ئامانجی دیدارەکەت، نەک شوێنی کار بکەیتە دیوەخان و کەسانی دواى خۆت فەرامۆش بکەی و حسابیان بۆ نەکەی...

## تکایە ساویلکە مەبن

## قورئان و ئاین بەکارمەهێنن بۆ مەرامە گڵاوەکانتان...

هەرکاتێک دەسەڵاتدارانی کورد بیانەوێ شکست و نەکسەیەکی خۆیان پەردەپۆش بکەن و بەنوێژی نیوەڕۆ خۆڵ بکەنە چاومان، هەڵدەستن بە سیناریۆی جیاواز جیاواز بەڵام سیناریۆ نووس لەهەموو دەقەکانی لاوازی خۆیی وئەوانەی پشت پەردە بەلاوازی دێتە مەیدانی شانۆکە، هەموو جارێک سیناریۆیەکە ئاشکرا دەبێ، ئێوە مووچەتان پێ نادرێ ،پرۆژەی خزمەت گوزاری بوونی نەماوە، کەرتی پەروەردەو تەندروستی ئەمەحاڵیەتی، تخوا شەرم لەخۆتان وحکومڕانی ناکەن کەچی دەتانەوێ خەڵکی سوری، دانیشتووی هەولێر، خێرە لە شوێنی نیشتەجێبوونی سەما ناکات کەچی دەچێتە شارێکی تر خۆی نمایش دەکات، لەهەمان کات گروپێکی کۆیلەی بەناو ئیسلامی و دەستەمۆی سێبەری حزبێک دەچن نوێژ لەم شوێنە دەکەن، ئەمە زەنگی کارەساتە پێمان دەڵێ لەژێر هەژموونی (حزبی) شەڕی شارچیەتی بەعەقڵیەتی ڕژێمی پێشوولەمێشکی ڕۆڵەی کورد ئەچێنن...

لەلایەکی تر خوشکێک بە برۆی تاتۆ، بە برژانگی سناعی، بە لێوی فیلەری بە مایکەپەوە، بەقژی پر لە مواسفاتی موجەفەکراوی شانەکراوی دوا مۆدیل، دێتە سەرشاشەوە دەڵێ

كە بينيم لەسەرجادە بەكتاب دەچوو، هەونيە، بەدەفتەر دەچوو، پەر نيە، ئەمە مەتەڵە يان ديسان كاكی سيناريۆ نووس نەيتوانی دەقی سيناريۆيەكە وابنووسێ هەرهيچ نەبێ هەفتەيەك ئاشكرا نەبێ كچەكە وتی چاوم تاريك بوو نەشم زانی قورئانە كەبينيم لاپەرەكانی قورئانە زۆر پێ تێك چووم، ماشالله خوشكی موسڵمان، ئەو هەموو دەستكاری و ميكياج كردنەت ترسە لەخوا، لەوانەيە موسڵمانێكی تازەگەری ومۆدێرنەی ساڵی ٢٠٢١ بێت ... من ئەو بابەتە نوێ يەم نەبينيوە، ئێستاش لێرەو لەوێ خەڵك هاندەدەن بێ ئەوەی لەناوەڕۆكی بابەتەكە تێبگەن خەڵك هاندەدەن گوايە بەرگری لە ئاين و ئيسلام دەكەن، بەرگری لە قورئان بە درۆ و سيناريۆ تۆندوتيژی ناكرێ...

قورئان و ئايين فێرمان دەكەن باوەڕمان بە پێكەوەيی و هاوكاری و خۆشگوزەرانی يەكتر بێ نەك قوڵكردنەوەی عەشايری و شارچيەتی...

## تكايه (هۆگر) مەبن!

هۆگربوون بەپێی ئەوزانیاریانەی من هەمە بەتایبەتی بەسوود وەرگرتن لەو تەمەنەی بەرێم کردووە، ئەوانەی هۆگری کەسێک بوون لەهەردوورەگەزی بەرامبەر زۆربەدەگمەن لەکۆتایی خۆش بەخت بووینە، یان ئەوانەی خۆشەویستی وهۆگری راستەقینەی خۆیان دەربریوە بۆ بەرامبەرەکەی بەبێ رەچاوی رێز گرتن لەرای بەرامبەرەکەی بەپۆزێکەوە (R)ی پێداوە، جا بابەتە سەرەکیەکەی من راستەوخۆ پەیوەندی بەهۆگر بوونی سۆزداری نیە، ئەوەندەی هۆگربوونی منداڵ بەئایپادو مۆبایل، کەسانی گەورە بە خۆخەریک کردنی یاری و شارەزابوون لەوکۆمپانیانەی خواستیان لەسەرە، هانا بۆ دەیان کەسی تایبەت دەبەین کەهۆگربوونی خۆی دەربریوە بۆ کەسێک کەچی وەڵامەکەی نەخێر بووە، ئەگەربگەرێینەوە بۆ چەند ساڵی رابردوو ژنان زۆربەی کاتەکانی خۆیان تەرخان دەکرد بۆ سەیرکردنی فیلمی تورکی، هۆگربوون بەرامبەر فیلمێک کە لەرووی پەروەردەیەوە هیچ سودێکی نەبوو کەچی لەکاتی هاتنی فیلمەکە هەموو کەلوپەلی ماڵ بدزرێ ئەو بێ ئاگایە...

لەکۆتایی دەڵێم هەتا پێتان دەکرێ هۆگرمەبن بە کەسێک کە رێزو وەفای بەرامبەرت نەبوو، هۆگرمەبە بە سەیرکردنی فیلمێک، درامایەک، شانۆگەریەک لەرووی پەروەردەو بەرزبوونەوەی ئاستی رۆشنبیری سوودی نەبێ....

بەهیچ شێوەیەک هۆگری ئەتاریەک و یاریەک مەبە کە کاتەکانت بەفیرۆ دەداو سەرئەنجام تووشی کەم بینینی چاویش دەبی...، بەهیوام هۆگری خوێندنەوەو بابەت گەلێک بن لەڕووی خۆشگوزەرانی و ڕۆشنبیری و ژینگەیی سوودێک بەخۆت و دەوروبەرت بگەیەنێ...

## خۆت مێوانی، هەوڵ مەدە بێ پرسی خانەخوێ، کەسیتر بکەیتە هاوسەفەرت...

دەمەوێ پێش ئەوەی بچمە سەر مانشێتی بابەتەکەم بۆتان بگێڕمەوە کە برادەرێکم لە هاندەرانەوە گەڕابۆوە لەگەڵ خێزانەکەی بۆ کوردستان، تێلی بۆ کردم کە ئارەزوویانە سەفەرێکی ماڵی دووەمم بکەن لەگوند، ویستمان بەڕێ بکەوین خزمێکی برادەرەکەم بێ ئەوەی ڕووخسەتێک وەرگری ،یان پێشتر باسی کردبێ سەرکەوتە ناو ئوتۆمبێل ژنەی (ئەورووپی) ڕووخساری گۆڕاو یەکسەر داوای لێبوردنی کرد کەناتوانێ درێژە بە سەفەرەکەی بدات، ڕۆژی دواتر پیاوەکەی بۆی ڕوون کردمەوە کەژنەکەی تووشی شۆک بووە بێ بەرنامەو پێش وەختە، بێ ڕەزامەندی ئەوان چۆن دەبێتەهاوسەفەر...

هەندێ جار پێش ئەوەی بیر لە هەندێ بابەت دەکەیتەوە کە زۆر هەڵەی تێ دەکەوێ کەتۆ مەبەستت نەبووە، کەچی بێ پلانی و بێ وشیاری تاک جەوی چەندین خێزان تێک دەدا، یان دەربارەی گەشت لەگەڵ چەند خێزانێک گەشت ڕێک دەخەن پاش تاوتوێ کردنی کڕین و دابینکردنی هەندێ شت، سەیردەکەی یەکێک لەهاوسەرانی هاوگەشتەکەت پوری یان خوشکی یان هاوڕێیەکی دەوامەکەی لەگەڵ خۆی دەهێنێ بەدڵنیایی نامۆیەو لەوانەیە بە ئاسوودەیی ئەوانی تر نەتوانن هەموو هەڵسوکەوتێک بکەن، جاری واش هەیە ناوبراو خۆی میوانە کەچی تەلەفۆن بۆ

فرێندەکەی دەکات یان هاوپۆلەکەی دەکات، بێ ئەوەی ڕای خاوەن ماڵ وەربگرن، جاهیوادارم هەندێ گەشت هەیە بۆ دڵخۆشی خۆت ژینگەی گەشتەکان مەشێوێنن بەهێنانی کەسی تر...

قسەکردن لەم تەوەرە لە ساڵی ٢٠٢٢دا هەست دەکەم (عەیبەیە) بەڵام زەرورە هەریەکێک لە ئێمە مانان خانەوادەکەی وشیاربکاتەوە، ئەگەر بانگێشتی رەسمی نەکرابێ، نەک هەر بۆ گەشت کردن، بەڵکو بۆ بۆنەو کۆڕو سیمناری تایبەتیش ...

## نا بۆ ژن کوشتن!

له چەند ڕۆژی ڕابردوو ستوونێکم لەسەر مانگی ڕەمەزان نووسی کە لە گرنگی و پێویستیەکانی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان نەگەیشتووین، بەداخەوە زۆرنیگەرانم وەزۆربەی خەڵکانی تریش نیگەرانی خۆیان دەربڕیوە لەسەر دیاردەی ژن کوشتن... لەم(تەوەرە)ش وەکو کوردی کوردستانی عێراق لەپرۆسەی هاوسەرگیری تێنەگەیشتووین وشەی کوشتن واتە نەمانی کەسێک لەسەر دونیا، ڕەشکردنەوەی هەموو خەون و پلان و بەرنامەی کەسێک لەسەر زەوی لەبنەڕەتدا زۆربەی کات بە غەدرو بە ناحاڵیبوون لە بنەماکانی ژیان و پێکەوەیی ئەم کوشتنە بێ بنەمایانە دێتە بوون .

جارێکیتر بەناچاری دەبێ باسی دووشت بکەم یەکەمیان یاساو جێ بەجێ کردنی لێرەو لەوێ بە یەکسانی، دووەمیان ئاستی هۆشیاری سەرۆک خێزان، خاڵی دووەمیان حەقە هەڵوەستەی لەسەربکرێ و ببێتە جێگای دەردەشەو گفتوگۆیی ناوەندەکانی زانکۆ، چۆن دەبێ کوڕو کچ لەتەمەنی (١٢) ساڵی هاوسەرگیری بکەن، بەچ پێوەرێک منداڵێک دەخەیتە ژێر بەرپرسیاریەتیەکی گەورەو قورس کە هێشتان عەقڵی کامڵ نەبووە، منداڵێک ڕووبەڕووی هاوسەرگیری دەکەیتەوە هێشتان ئارەزووی لە یاری ساپ ساپانێ و قاقایانێ بێت، منداڵێک هێشتان ئارەزووی لە سواربوونی پشتەوەی تویتا بێت بزانێ چۆن (با یاری بەقژی

دەکا) زۆرجار دەڵێم کارەساتە خۆی منداڵە و منداڵی دەبێ، تاوانەکەلەمنداڵەکان نیە دایک وباوک هۆکاری سەرەکی ئەم کوشتن و بڕینەی نێو کوردەوارین، خۆ ئەوانەی لەڕووی تەمەنیش گەورەن دەکوژرێن لە تێگەیشتنی پرۆسەی هاوسەرگیری نەگەیشتوون، لە مادەو بڕگەکانی دەستوری ئاین تێنەگەیشتوون ئەگینا (تەڵاق) بۆ دانراوە، واتە دەرچەیەکە بۆ ڕزگاربوونی کێشەی ژن ومێرد...

کەواتە مەیان کوژن بڕۆنە دەرگای دادگاکان و لەوێ بەبوون و نەبوون کێشەکانتان یەکلابکەنەوە، نابۆ ژن کوشتن بەهەر هۆکارو لەژێر هەرناوێک...

خوای گەورە پشت وپەنای ئەوانە بێت کەتاوەکو ئێستا لە پرۆسەی هاوسەرگیری تێنەگەیشتوون...

## زوڵم وستەم و داگیرکاری

## بۆ کەس ناچێتە سەر تا هەتایێ...

هەرچەندە لەپڕۆژە نووسینی ئەم جارەم کە نزیکەی بیست ڕۆژە دەستم پێ کردووە خۆم لە باسی نووسینی سیاسی و حزبایەتی تەسک نەدەم و تەرەفگیری وەلائی سیاسی و کەسی و هیچ گروپێک نەبم. ئەو مانشیێتەی سەرەوەش ئومێد دەکەم پەلکێشی سیاسەت و حزبایەتیم نەکات، ئەگەر ئاورێک لەمێژووی خۆمان و وڵاتانی دەوروبەرمان بدەینەوە دەبینین زۆر کەس بەهۆی ئۆرگانی وعەشیرەت وبازرگانی ناوو ناوبانگی ئیبراز بوو، بەهەرشێوەیەک لەشێوەکان جەلەوی دەسەڵات و بڕیاریان کەوتە دەست، ئەوانەی دەبنە بڕیار بەدەست، وشەی بڕیار بەدەست مەرج نیە تەنها بەرپرس بڕیار بەدەست بن، دەکرێ فەرمانبەرێک و هاوڵاتیەکیش لەماڵەوە لە فەرمانگەی خاوەن ڕاو بۆچوونی خۆیان بن وبڕیاریشیان بەدەست بێت...، جادەمەوێ بڵێم بەرپرس بوون زۆر گرنگە خاوەن دەسەڵاتێکی ڕەهابێت، بەڵام زولم نەکات...، باوکێک ببێتە خاوەن ڕایەکی بێکەم و کوڕی وهاوکاربێت لەماڵەوە زوڵم لە ماڵ و منداڵی نەکات... ئەوانەی زوڵمیان کرد لەزۆر وڵاتان بوونە مێوانی قەفەز لەبەندینخانەکان، زوڵم کردن تەنها هی کەسە بێ باوەڕو تێنەگیشتووەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتە، ئەوانەی خۆیان پێ گەورەبوو لە هەندێ پۆست وپایە سەرئەنجام وەک سەدام حوسێنی لێ دێ.

## بۆ ئەوەی کەس نیگەران نەکەین

## (باخۆشترین یادگاریەکانمان لەژێرسێبەری بیرەوەریە ناخۆشیەکان نەبێ)

بۆڕاپۆرتێکی ئەکادیمی خەریکی خوێندنەوەی بەراوردی بابەتێک بووم لە پەرتووکی بنەمای زانستی ئابووری (مبادئ علم اقتصاد) لەهەمان کات لەتەلەفزیۆن کوڕو کچێک لەگفتوگۆیەکی ڕۆمانسی گوێم لێ بووکچەکە ڕێک ئەو مانشێتەی بە کوڕەکە گوت (بۆ ئەوەی کەس نیگەران نەکەین باخۆشترین یادگاریەکانمان لەژێر سێبەری بیرەوەریە ناخۆشەکان نەبێ) سەیربکەن هەندێ بیرکردنەوە، بۆچوون، ڕای سەلیم، مەنتقی بیرکردنەوەی جوان نە بەتەمەنە ،نە بە هەبوونی بڕوانامەی بەرزە، نە بەدەوڵەمەندی و هەژاری یە.. بەڵکو ئەم چەند وشەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەسووی خەراپ بۆ مەرامە تایبەتیەکانی ژیانی کوڕەکەی و دڵخوازی کوڕەکەی بەرەو هەڵدێرێکی نادیار بردووە، واتە ئەو کچە هەژارەی کوڕەکەی خۆشی ویستووە ئەو دەیەوێ خەونەکانیان لەبار ببات، پاش دەرکەوتنی ڕاستەیەکان بۆ کوڕەکە کە دایکی ڕۆڵێکی خراپی بینیوە بۆ لەباربردنی ئەم پرۆسە خۆشەویستییە، کوڕەکە هەڕەشە لەدایکی دەکات لای خۆشەویستەکەی کەچی پاش ئەو هەموو ناخۆشی و

سوکایەتییەی بەکچەکە کراوە لەلایەن دایکی کوڕەکە، کچەکە ئەم چەند وشەی سەرەوەی بەخۆشەویستەکەی وت....،

جا هەموو ئەو بەیت و بالۆرەی لەپێشەوە باسم کرد تێڕوانین و جوان بیرکردنەوەی ئەو کچە بوو (ئەوەی بوو لەپێشتر بووە ڕابردوو). با خۆشیەکانی ئایندەمان لەژێرسێبەری کردەوە ناشرینەکان نەبێ، واتە لێرەدا لێبوردەیی چەند گرنگە، عەقل و ژیری کەسە جوان و ناخ پاکەکان چەند ڕۆڵی ئەرێنی دەبینێ، لەلایەکیتر وشەکانی ئەم کچە پێمان دەڵێ ڕۆڵە خراپەکان هەرکە ئاشکرا دەبن، ڕاستیەکان و نیەت پاکی دێنەوە ڕێگامان، با ئیتر لەمەودوا هەرچی بیرۆکەی خراپ و ناشرین کردنی یەکتری هەیە لەگۆڕ نێین، ئاسوودەیی و دڵخۆشی کەسەکانمان لا گرنگ بێت...

## شەفافبوون = سادەیی

مرۆڤی شەفاف یان کراوە لە ڕووی کۆمەڵایەتی، یان لە ڕەو ڕەوەی ژیان بەگشتی مرۆڤی قبوڵ کراون، بەتێگەیشتنی من ئەوانەی لەزۆر بواری ژیان یان لەپێگەیەکی پەروەردەی تەندروست هاتۆتە کایەوە کەسێکی شەفافی ڕاستگۆیی لێ دێتە بوون، بێگومان ئەوانەی خۆیان پێ گەورەو داخراون لەگەڵ دەوروبەرو هاوپیشەکانیان، بێ گومان بە (کەموکورتیان) هەیە و تووشی نەخۆشی خۆبەزلزان بوونە، کەسانی ژیرو عاقڵمەند هەمیشە حەزی لێیە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی گەشە پێ بدات لەچوارچێوەیەکی جوان و سنوردار، جا ئەوەی مەبەستمە بڵێم شەفاف بوون لە لەبنەماکانی ئەتەکێت بڕگەیەکی سوود بەخشی لێوان لێوە لە بەئامانج گەیاندنی پرۆسەی هاوسەرگیری و گەیاندنی خۆشەویستیەک، کە ڕاستگۆیی لەسەر بچنی، هەر لەبنەماکانی ئەتەکێت شەفاف بوون لەکاتی سەردان و گفتوگۆو گەشت و بازرگانی کردن، سنووریکی فراوانی داگیر کردووە.

کەسانی داخراوو وشک لە دیدو بۆچوونی زۆری خەڵک کەسانی نامۆو خۆشەویست نین، یان قسە ڕەق و گونجاونین.

تەنانەت لەگەڵ خێزان و دەوروبەریان، ئومێد دەکەم ئەو کەسانەی لەم شێوەن بەخۆیاندا بچنەوە تا تووشی گرفتی گەورە نەبوونە، خوا پشت و پەنای ناخ پاکان بێت...

## با، هەنگاوەکانت بارتەقای بیرکردنەوەت بێت...

سەرەتا دەمەوێ بڵێم کارەسات لەوەیە خۆت نەناسی، ئەوانەی ئاستی بیرکردنەوەیان لەزۆر بوار بەهۆی خۆنەناسینیان چەند هەنگاوێک ئاراستەی بیرکردنەوەیان دەچێتە بواری ئەنجامی هەڵەوە، زۆر پێچەوانەی هەنگاوو بیرکردنەوەکانیانن، لە کوردەواری قسەیەکی جوان هەیە دەڵێ: بەقەد بەڕەکەت پێ ڕابکێشە، لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کەچت لەهەگبەدایە بەقەد کاڵای ناو هەگبەکەت قسە بکەو گفتوگۆیەک ئەنجام بدا لەڕاستی نزیک بێت...

لە ڕەوڕەوی ژیان سەرکەوتن و ژێرکەوتن دەبێتە بەرنامەی ژیان، بۆیە هیچ کەسێک تاسەر دەوڵەمەندو خواپێداو نابێت، وەپێچەوانەش ڕاستە .

ئەگەر باسی هەنگاوی دروستی هەرمرۆڤێک بکەین، دەبینین ئەو مرۆڤانەی لە کارو چالاکی سەرکەوتووبوونەو پەیامێکیان کردۆتە نەخشە ڕێگا، بۆ هەموو ئەوانەی بەنمونە دەخوێنن ئەگەر پلان و مەرکەزیەت لەناخیان وجودی هەبێ، ئەوا کەسێکی سەرکەووتوە، ئەگەر نمرەی زۆریش نەهێنن، خۆ زۆرجاریش لە نێوان هاوڕێیان یان خزمان کەسی واهەبووە بێ بیرکرنەوە، هەنگاوی هاوێشتوە کەچی زەرەرمەندی یەکەم خۆی بووە، لەگەڵ ئەوەش ویسویەتی هەوڵ و تەقەڵای زیاتر بدا کەچی نەیتوانیوە بگاتە ئامانج، بەهیوای بەختەوەری بۆ هەمووان...

## بەخۆشەویستییەوە بژی...

خۆش گوزەرانی لەخۆشبەختی تاکەوە دێتە بوون، کە مرۆڤەکان لەدایک دەبن هیچ ئاماژەیەک نیە بۆ چارەنووس، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات وگەورەبوون، هەندێک ڕێگای خۆشبەختی بەبەرنامەیەکی جیاواز هەڵدەبژێرێ، تا لەم ڕێگایەوە خۆشەویستی و خۆشبەختی پەخش و بڵاو بکاتەوە، ئەوانەی لەهزرو بیرکردنەوەیان دەیانەوێ خۆش بژین و بنەماکانی خۆشەویستی بکەنە دروشم و بەکردەوە بۆ دۆست و دەوروبەریان بسەلمێنن کە ژیان بریتییە لە نیەت پاکی، ڕاستگۆیی، هەوڵدان بۆ چاکەکاری، بێ گومان ئەوانەی بەخۆشەویستی دەژین هەمیشە کەسانی نیاز پاکن و بەسادەیی لەژیان دەڕوانن، سادەیی و ڕێزگرتن لەبواری کۆمەڵایەتی دوو چەمکی هەرە گرنگ و بایەخ پێدەر بووە، ئەوەی لای من بۆتە جێگای تێبینی بەتایبەت لەسەر گۆڕستان لەکاتی ناشتنی کەسێک دەبینی ئەو کەسەی گیانی لەدەست داوە کەسێکی کۆمەڵایەتی و نیاز پاک بووە و بۆتە خۆشەویستی هەمووولایەک کە زۆرێک لە ئامادەبووانی گۆڕستان لەناخەوە زۆر غەمبارن ئەمە نیشانەی ئەوە یە، کەسی مردووچاکەخوازو خۆشەویست بووە، بۆیە هەموومان دەچینەوە بەرقاپی خودا، جا چۆن بەخۆشەویستی ژیای هەوڵ بدە بەخۆشەویستیەوە بمری...

بەهیوام خۆشەویستی باڵ بکێشێ بەسەر ئۆمەتی محمد (درودی خوای لێبێت)

## ئایا دەزانن لە مانگی ڕەمەزان تێنەگەیشتووین !!

وێرای ئەوەی قسەکردن و نووسین لەسەر پیرۆزی مانگی ڕەمەزان لەگۆشە نیگای خواپەرستی و نوێژەکانی تەراویح و فتارکردنەوەو پارشێو مەبەستی سەرەکی ئەو ستوونە نووسینەی من نیە، ناشمەوێ خۆی لە قەرە بدەم چونکە کەسانی تری شارەزا دەتوانن زیاتر شیبکەنەوە، ئەوەندەی دەمەوێ بنووسم کە زۆربەی نەک هەموو ئەوانەی بەڕۆژو دەبن بەڕای من لە مەبەست و گەورەیی و پێویستی داهێنانی مانگی ڕەمەزان تێنەگەیشتوون، چونکە ئەوانەی بەڕۆژو دەبن دەبێ جیاوازتر بیربکەنەوە لەوانەی بە ڕۆژو نابن، کەسانی ئیماندار کەبەڵێن دەدا بەڕۆژو بێت سەرەتا دەبێ بزانێ ئەم گرێبەستە تەنها لەنێوان خۆی و خوای خۆیەتی نەک لەبەر لۆمەی خەڵک و تانەو تەشەرەی خزم و ئاوایی، خاڵێکی تر بەڕۆژوو بوون واتە هەست کردن بە برسیەتی خۆت، ئینجا بزانی برسیەتی هەژاران و ئەوانەی خاوەن منداڵ و خێزانی زۆرن دەبێ لەچ بارودۆخێک بژین، کەچی پێچەوانەی هەموو وڵاتان کەمانگی ڕەمەزان دێت خوا پێداوو ئەوانەی ژیانێکی خۆشیان هەیە لەمانگی ڕەمەزان فرکان فرکانی شت کڕینیەتی بەبێ ئەوەی ویژدانی بجوڵێ دوومالە هەژاریش سەر سفرەکەیان ئاوەدان بکاتەوە، خاڵێکی تر زۆربەی ئەوانەی بەڕۆژو دەبن تورەن و نێو چەوانیان ئاگری لێ دەبارێ، ئەمە چ ڕۆژو گرتنێکە کە کەس نەوێرێ بەلاتەوە

تێبپەرێ، کاتێ کاتژمێرێک ماوە بۆ فتارکردنەوە لەجادەو بانەکان سەیرکە بزانە رِێک بە کۆرِەوەکەی ساڵی ١٩٩١دەچێ یان نا ... خاڵێکی تر کە بەهیچ شێوەیەک لەدابونەریتی کەسی موسڵمان ناوەشێتەوە رِەمەزان بکاتە وێستگەی خۆدەوڵەمەند کردن و خواردن و خواردەمەنیەکان لەم مانگە پیرۆزە گران بکات، زەکات و سەرفترەو هاوکاری بۆچی دانراوە ئەگەر هۆکارگەلێکی گرنگی لەپشتەوە نەبێت کەچی لەمەشدا زۆرێک خۆی لەخەت دەدا، خوای گەورە پشت و پەنای ئەوانەبێت کە لەخۆشەویستی خودا لەمانگی رِەمەزان مەرج و داواکاریەکانی خوای بەخشندەجێ بەجێ دەکەن...

## لەبنەماکانی ئەتەکێت (خواردن) بە نموونە

وێڕای ئەوەی ئێستا لەقۆناغێکی دژواری تەندروستی داین بەهۆی ڤایرۆسی (کۆڕۆنا) کەتووشی سەرتاپای جیهان بووە، دەبێ خۆپاراستن بەباشترین بژاردەی چارەسەر دابنێین، ئەوەی مەبەستی نووسینەکەمە لایەنی تەندروستی نیە بەڵام خواردن و خواردنەوەی زۆربەمان لەم قۆناغەیەی نەخۆشی کۆڕۆنا هۆکارێکە بەتووشبوون، جا ئەوانەی بەرکەوتەن حەقە ڕەچاوی بەرامبەرەکەی بکات، بۆیە ڕۆشنبیری ئەتەکێت ئەوەمان لێ دەخوازێ کە لەڕێگای خواردن وخواردنەوە پێخۆرو کەلوپەلەکانی یەکتری بەکارنەهێنین، ئەتەکێتی خواردن شێوازو بنەمایەکی تایبەتی هەیە چ لەڕووی دانیشتنەوە، چ لە ڕووی گرتنی چەنگاڵ و مڵاک و چەقۆوە، تەنانەت خواردن بۆ دەم بردن و مرچە مرچ کردن زۆرجار کەسانی تر تووشی بێزاربوون دەکات، بێ دەنگ بوون لەکاتی نان خواردن خاڵێکی ترە لە جێبەجێکردنی بنەماکانی ئەتەکێت.

بۆ ئەوەی بەشێوازێکی جوان بچیتە خزمەت سفرەی نانخواردن پێویستە دەست بۆ هەموو شتێک درێژ نەکەی بەڵکو هەوڵ بدە ئەوانەی لێت نزیکن لەوانەوە دەست پێ بکەی، ئەوەندە خواردن تێبکەیت زۆرنەبێ و دواتر خەساربێت، مڵاک و چەنگاڵی و چەقۆی کەس بەکارمەهێنە...

هەرگیز دەست لەهەندیٚ شوێنی جەستەت مەدە کەش وهەوای سەرخوانەکە تێک بدەیت، لەکۆتایی ڕۆیشتن لەسەر مێزی نان خواردن دەبیٚ ئەوکورسیەی لەسەری دانیشتووی بەجوانی ڕێکی بخەیتەوە، بەهیوام لەئایندە نەوەکانمان بچنە دیراسەیەک شارەزابن لەبواری ئەتەکێت و بنەماکانی ئەتەکێت بڕگە دوای بڕگە هەنگاوی بۆ بنێین .

## سۆشیال میدیا لەمانگی رەمەزاندا...

بەبێ گومان لە دونیای سۆشیاڵ میدیادا، هەریەکەو لەماڵی خۆمان لە پێگەو ئۆفیس و شوێنی حەوانەوە و (کار)ماندا دەتوانین وێنای کردەوەو کارەجوانەکانی خۆمانی لێ نمایش و پەخش بکەین بەبێ سانسۆرو ڕێگری لێ کردن، سۆشیاڵ میدیا لەمانگی ڕەمەزان دەبێ مهام و دەرخەرێکی جیاواز لەمانگەکانی تر خۆی نمایش بکات، ئەگەر لەسەر دوو تەوەر یەکلای بکەینەوە یەکەم: ڕێزگرتن لەم مانگە و دابەزینی هەندێ شتی تەرفیهی دوابخەین بۆ دوای ڕەمەزان، بڵاونەکردنەوەی خوان و خواردنەکان لەبەر کەسانی هەژار، وێنەو هەندێ بابەتی وروژێنەر، هێرشکردنە سەر ئەوانەی بەرۆژوو نابن کاری هەندێ کەس نیە بەڵکو لایەنی پەیوەندار بەرپرسیاریەتیەکە لە ئەستۆ دەگرێ...

تەوەری دووەم: هەوڵ بدەین هەریەکەو لەلای خۆی کۆمەک وهاوکاری بۆ ئەو خێزانانە دەستەبەر بکەین تا لەبرسیەتی و ئەو دوو دڵییەی هەیە ڕزگاریان بێت، بۆ ئەوەی لەڕووی دەرونیەوە زیاتر ئەوخانەوادە هەژارانە تێک نەشکێن وێنەی سیمایان دیار نەخەن...

وەک لە فەرموودەی پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت) هاتووە خێربەم دەستە بیکە دەستەکەی تر نەزانێ.. بەهیوام مانگێکی لێوان لێو بێت لە خۆشەویستی و ڕێزگرتن لەیەکتری...

## هەمیشە گومان = بە ڕووخان

پانتای ژیان بۆ خۆش گوزەرانی دونیایەکی لێوان لێوە لەجوانی، لە سروشت، لە چێژ، لە تێگەیشتن لە پاکی و جوانی باڵندەکانی پێدەشتی کوردستان، هەموو ئەو جوانی و خۆشیانەی پەروەردگار بۆ ئێمەی دروست کردووە تا بتوانین بەدڵێکی پاک و بەسادەیەکی ئەوتۆ گومانە خراپەکان لەدڵی کەسانێک دەربهێنی کەهەمیشە بەترس و گومانەوە لە ژیان لە هاوڕێ، لە دراوسێ ،لە خانەوادە دەڕوانێ، گومانی نادروست کارەسات بەرهەم دێنێ، هزرو مێشک تووشی داروخان دەکات، ژیانی کەسانی بەگومان هەمیشە بەڕەشی دەبینێ بۆیە هەنگاوەکانی بۆ ژیان وەک کەسێک وایە نەخۆشی فەقەراتی هەبێ بەڵام قاچەکانی بۆ خۆشیەکان نەتوانێ بهاوێژێ، بۆیە ئەوانە دەبێ هەوڵ بدەن ببنە هاوڕێی پاڕک و گەشت و باڵندەو پەرتووک و بەدەست هێنانی خۆشیەکانی ژیان تا بزانن گومان چ دەردو ژانێکی درێژخایەنە...

هیواخوازین ئەوانەی گومان دەکەن بەبێ هۆ بتوانن ماوە ماوە لەکەناری زێیەک، لە شاخ و گردێکی بەرز کە دیمەنێکی جوان ببێتە دڵخۆشی بۆی ئالەوێوە گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە لەگەڵ خۆی بکات و بڵێ ئەو هەموو گومانە خراپانە لەپای چی...

## بەخشەر = بە ئاسوودە بوون

بەخشەرودەست کراوەیی بۆمرۆڤ هەنگاوێکی زۆر گرنگ و پیرۆزە ونزیک بوونەوەیە لە دەرگای بەهەشت، لەلایەکی تر تۆبەخشەربە دەبیتە مرۆڤێکی (جوان، باش، خۆشەویست، جێگای متمانە، سیما نورانی) هەژارو بێداران هەمیشە دەست و دەم بەدوعان بۆت، بۆیە خودای میهرەبان بەندەکانی خۆی تاقی دەکاتەوە بە پێدانی سەروەت و دەوڵەمەندبوونی، هەر بۆیە ئەوانەی بەدەنگ بانگەوازی هەژاران دەچن و خەونەکانیان بۆ مەیسەر دەکەن خوای گەورەش بەرەکەت دەخاتە داهاتەکەی، هەرچەندە من لەگەڵ ئەوەنیم تەنها خوا پێداوەکان لەمانگی ڕەمەزان، هەژارو کەم دەرامەتەکانی وڵاتی خۆیان بەسەربکەنەوە، بەڵکو دەبێ لەسەرجەم وەرزەکانی ساڵ ئەوان بەرنامەی خێرو هاوکاریان هەبێ تا خوای گەورەش دەست بەتەمەن و سامانی ئەوان بگرێ، بەخشەر بوونی ڕاستەقینەی لەخوا ترس ئەوەیە هەنگاوەکانی بەخشەربوونی بۆ تێربوون و پرکردنەوەی پێداویستەکانی ماڵی هەژاران بێت، نەک بۆ پڕوپاگەندەی فەیسبوک و ئەنترنێت بێ ...

هیواخوازین لەو مانگی ڕەمەزانەو مانگەکانی تر خوا پێداوان بەبەرنامەیەکی داڕێژراو بتوانن دڵ و دەرونی هەژاران خۆش بکەن و بەئارامی مانگی ڕەمەزان بەڕۆژووبن و نەترسن لەبەرسیەتی بمێنەوە، دڵخۆشی بۆ ئێوەی هەمیشە لەیاد...

## هەوڵ بدە ماسی بگری، نەک ماسی بکڕی.

ئەو مانشێتەی سەرەوە ئەوەمان فێردەکات کە ئەو دەوڵەتە زل هێزو پێشکەوتوانەی ئێستای گۆڕەپانی تەکنەلۆژیاو خاوەن هەمووشتێک لەبواری کشتوکاڵ و پیشەسازی و داهێنانی بازرگانی، وەبەرهێنان کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەو فێرکردنی بنەڕەتی ئەو وڵاتانە کە هەمیشە خوێندن لەوێ زیاتر پیشەییە (نەک) ئەدەبی و زانستی و بوارەکانی تر، لەلایەکی تر پاش دەرچوونی خوێندکارەکانیان لەڕێگای خولی پیشەیی و فێربوونی کاری دەستی هەنگاوێکی تری هەلی کارو پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی ناوەوەی دەوڵەت مەیسەر دەکەن، لەوێ مەرج نیە ئەوەی خوێندن تەواو بکات دەبێ دابمەزرێت بەڵکو بەهۆی پشگیری دەوڵەت کۆمپانیا ئەهلیەکان خولی پێگەیاندنی پیشەی و دواتر تاقی کردنەوەی فەرمی بە دەرچووەکانی کۆلێژ، پەیمانگا دەکرێت ...

جا (ماسی بگرە، نەک ماسی کڕبە) ڕێک لای خۆمان پێچەوانەیە فێرە ماسی کڕینت دەکات نەک ماسی بگری، ئەو خوێندکارانەی لای خۆمان کەتەخڕوج دەکەن یەکسەر بەدوای دامەزراندن دا دەگەڕێ، ناچێ لەکەرتی تایبەت پیشەیەک فێربێت. کەداهاتەکەی سێ قاتی موچەی فەرمانبەریە ..

داواکارم هەریەک لای خۆی هاوکات لەگەڵ خوێندن منداڵەکانی بەپێی توانا بیخاتە نێو پرۆژەیەکی کەرتی تایبەت تا لەوێوە فێرە پیشەیەک بێت، لە کۆتایی هەربژین بە بەختەوەری و دڵخۆشی...

## نا بۆ سیناریۆی چاوو جەستە
## بەلیَ بۆ گۆڕینی دڵەکانتان...

زۆرئەستەمە ژیان بەڕیَ کردن بەدڵێکی دروستکراوی سەحراوی شاراوەو پڕ لە قین و لە ململانێیەک لەسەر بنەمای ناشرینێک، بۆ جوانێک، دەوڵەمەندێک بۆ هەژارێک، دوکاندارێک بۆ هاوپیشەکەی، مامۆستایەک بەرامبەر سەرپەرشتیارێک، دڵشاوێک بەرامبەر مەعشوقەکەی، تا دڵەکانمان خاڵی نەکەینەوە لەم هەموو بوغزو ڕق و کینەیە نە متمانەو نەخۆشەویستی و نە مێشکمان بڕیاری دروست بەرهەم دێنیَ، دڵ پاکی هەرتاکێک نمایشی عەقلێکی مەنتق و بڕیارێکی دروست و ژیانێکی پاشایانەی بەدواوەیە بیَ ئەوەی زۆرجار بەرنامەڕێژی بۆ کردبیَ، ئەوانەی بەچاوو جەستە سیناریۆمان بۆ دەکەن...

هیواخوازم دڵ و چاوو جەستەتان یەک بخەن چیتر دڵتان ئازارتان نەدات، خۆشبەختی بۆ هەموو لایەک...

گەڕانەوەی خۆشەویستی بۆ ئەو دڵانەی تاوەکو ئێستا گرفتی ڕق و کینەیان هەبووە...

## گفتوگۆ لەگەڵ یەکێک مەکە
## بڕیاری دابێت تێنەگات...

گفتوگۆکردن لەسەرهەربابەت و تەوەرو ڕووداوێک لەسەرەتادا بەشداربووانی ئەم گفتوگۆیە دەبێ هەرهیچ نەبێ زانیارییەکی ئەوتۆیان لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکە هەبێ ئینجا گفتوگۆ بکەن...
گفتوگۆکردن لەچوارچێوەیەک بۆ گەیشتن بە مەبەست و ئەنجامێکی دروست چەند هەنگاوێکی گەرەکە، وەک ڕێزگرتن لە ڕای یەکتر، ماوەدان بەیەکتری، ئەو خاڵانەی کۆکن لەسەری پۆلێن بکرێ، ئەوانەی جیاوازن بخرێنە تەوەری گفتوگۆیەکی مەنتقی، ئەوەی کرۆکی مانشێتەکەمە دەمەوێ هەڵوەستەی لەسەر بکەم زۆرجار گفتوگۆی دوو کەس یان دووگرووپ دەبێتە گفتوگۆیەکی ناپەسەند و دوور لەشێوازی ئەتەکێت و دابوونەریتی کۆمەڵایەتی، ئەوکەسانەی وشک مناقشە دەکەن کەزۆرجار بەڕای شارەزایان لەبنەڕەتدا خۆی هەڵگری ئەم پەیام و بۆچوونە ناشازەو نا مەنتقیە نیە بەڵام بڕیاری داوە تێ نەگات جا لەبەر هەرهۆکارێک بێت...
جا بەڕای من گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەم کەسانە نە لەڕووی ئەکادیمی و ڕۆشنبیری و تەنانەت ئاینیش قبوڵ کراونیە، باشترین ڕێگا ئەوەیە خۆت دووربخەیتەوە تا هزرو بیرت هیلاک نەبێ ...
مناقشە لەگەڵ یەکێک مەکە بڕیاری دابێت تێ نەگات، بەهیوام خۆشی و ئارامی و بەختەوەری بگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگای کوردی...

## لە بنەماکانی ئەتەکێت (قسەکردن) بەنمونە...

یەکێک لە ئاکارە جوانەکانی بنەماکانی ئەتەکێت، لە پارک، ناوپاس، خواردنگە، زۆرجاریش لە دانیشتەکانی ماڵان لەکاتی میوانداری ئەوەی دەبێ ڕەچاوی بکەین، نابێ کەسانی دەوروبەرمان بێزار بکەین، دەنگ بڵند کردن و هاوارکردن لادانە لەبنەماکانی ئەتەکێت، خاڵێکی تر ئەوەی نابێ لە دانیشتنەکان پەیڕەو بکرێ لەیەک کات، زۆرجار لەهۆڵێک لەژوورێک چەند کەسێک قسە دەکەن مەجال بەیەکتر نادەن، هەربۆیە فەوزایەک نارێکییەک خۆی ئیبراز دەکات، دەبێتە هۆی ناحاڵی بوون و مایەی سەرئێشە بۆ ئامادەبووان ...

ئەوانەی لەکاتی گفتوگۆ ڕێز لەخۆیان دەگرن ،هەمیشە کەقسە دەکەن زیاتر گوێی لێ دەگیرێ و کەمتریش هەڵە دەکات، زۆرقسە کردن و دەرفەت پێنەدانی بەرامبەرەکەت هەمیشە تووشی هەڵەو لادان لە سنووری خۆی دەبێتە مایەی دڵتەنگی بەرامبەرەکەت و ئامادەبووانی ئەو کۆڕە یان ئەو شوێنەی کاتی لێ بەسەر دەبەن، ئەگەر دەتەوێ ئەتەکێتی قسەکردنت ببێتە جێگای قبوڵکردن، دەبێ کەم قسەبکەیت و زیاتر گوێ بگری و پرسیار لەهەموو بوارێکی ژیان مەکە، پرسیارەکانتان زیاتر مەنتقی و کورت و پوخت و ئەو بوارە بێت لە هزرو کاردانەوەی لەسەر وەزیفەو ئەو بوارەبێت خۆت حەزی پێ دەکەی، ئەتەکێتی قسەکردن چەندی بەهێمنی و دوورلە تەشهیرو یەکترشکاندنی

تیا نەبێ پەیام و مەبەستەکەی جوانتر دەبێ، بەهیوایین لەکاتی قسەکردن دەوروبەرمان ڕەچاوی ئەوە بکەن ڕێگا بەیەکتر بدەین تا مەودای قسەکردنمان بزانین تا کوێ بڕ دەکەن...

## درۆی سپی = بەچاکە

ئەو جیهانە داخراوەی کە چەند نەوەیەک پێش ئێمەش ژیاون بەهۆی گێڕانەوەی هەندێ قسەوقسەلۆک و بینەو بەردەی بێ بنەماو، بەهەدەردانی ئەوکاتە زێڕینەی خۆیان بە باس کردنی ئەم و ئەو بردۆتەسەر، کە هەموو ئەو دەست بەتاڵیەی کەسانێک سەرئەنجام بەهۆنینەوەی درۆی ڕەش ئافاتێک و کارەساتێک و کاری دوو ڕووی و مامەحەمەی بۆ کەسانێک کە هەرگیز شوێنی دانیشتنیان ناو پیاوان نەبووە، بەڵکوهاوسەرەکانیان بڕیار بەدەست بوونە، بابگەڕێینەوە سەرمانشێتەکە پێنووسی هێنایە سەر ئەو چەمکە لەمێژینەی کورد ئەویش درۆیی سپیە، زۆرجار ئاغایەک، لێپرسراوێک، کاربەدەستێک باس لەخەراپی کەسێک دەکەن و دەیانەوێ ئیجرئاتێکی لەگەڵ بکەن، یان دوو عەشیرەت لەسەر بابەتێکی ئاسایی کێشە کەوتۆتە نێوانیان لایەنێک هەڕەشەو جوێنی زۆر دابوو، کەسێک لەوێ ئامادە دەبێت زۆر گرنگە ئەوکەسە بۆ هێورکردنەوەی دەروونی هەردوولا، بابەتەکە بەلای جوانی داببات و درۆی سپی بۆ ئەم مەبەستە بکات تا شەڕەکە قوربانی زۆری لێ نە کەوێتەوە ئەمە خۆی لەخۆیدا پەیامی جوانی ئاینی ئیسلامە کە برای موسڵمان دەبێ هاوکارو پشتیوانی یەکتربن، بەدرۆی سپی دەتوانی لەچەندین کارەسات خەڵکانی تر ڕزگاربکەی ...

بەهیواین دووربین لەهەموو درۆیەک بەڵام ئەگەر درۆی سپی ببێتە هۆی ئەوەی ئاوێک بەئاگرێک دابکەین ئەمە = بەچاکە

## تۆباشبە بەخراپی ئەو مەکە...

دیارە تا ژیان بەردەوام بێت کێشەو گرفت و لێک تێنەگەیشتن بوونی دەبێ، ئەمە دیاردەو قۆناغێکی نوێی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نیە، تا بڵێم لەڕابردوو بەم هۆکارە ژیان تیایدا وەستاوە یان چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ دۆزراوەتەوە، بەڵام ئەوەی بۆتە هەڵوەستە لەسەری بۆ تاکەکان ئەو بیرکردنەوە کۆنە پەرستانەیە لەکاتی هەر گرفتێک لەنێوان تاکەکان کەنەتوانن هەنگاوە چارەسەرییەکان ببنە جێگای دڵخۆشی ئەوەیە وشەی (تەنازول) یان وشەی (عەیبە) ڕێگرو لەمپەرە بۆ کۆمەڵگای کوردی کەنەتوانن ئەو وردە کێشانەی دروست دەبن بە لێبوردن و لێکگەیشتن کۆتایی پێ بهێنن، لەچەند ساڵی ڕابردوو چەند کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لە سەر کێشەی زەوی چەندین کەس بوونە قوربانی کەزۆر جاریش زەویەکان پاوان و موڵکی دەوڵەت بووە. ئەم کارەساتانە لە ئەنجامی لێک تێنەگەیشتن و ئاستی نزمی ڕۆشنبیری و تێنەگەیشتن لە ئاینی ئیسلام بۆتە تراژیدیایی کوشتن و بڕین، بۆیە ئومێد دەکەین ئەو دوو وشەیەی (تەنازول) و (عەیبە) لەکاتی دروست بوونی کێشەکان لە ناخ و دەروونتان وەدەرنێن، ژیان جیهانێکی لێوان لێوە لە جوانی و ئارامی تکایە لەپێناو دوو وشە یەکتر ڕەش مەکەنەوە لەسەر زەوی، هەربەختەوەرو خۆشبەخت بن لە ئایندە...

## لە بنەماکانی ئەتەکێت (شۆفێری) بەنمونە...

وەک چۆن سەرەتای خوێندن لەکۆمەڵگای کوردی دەبێ هەنگاوی یەکەم پەنا بۆ ئەلف وبێی کوردی ببەین یان جاران (د ــ ا ــ ر) دارا دوو داری دی لەهزری زۆرینەمان بۆتە وێنەیەکی لەبیرنەکراو، تافێری خوێندن و خوێندنەوە بووین، بۆ دەست بردن بۆ شۆفێری دەبێ هەنگاوی یەکەم پەنا بۆ وانەی (ڕەوشت) و (حەز) و (هونەری شۆفێری) ببەین، لەپاڵ ئەمانە (ڕێزگرتنە) لەپیشەکە...

واتە شۆفێری شارەزا ئەوشۆفێرەیە کە بنەماکانی ڕێنمایی هاتووچۆ لەهزریدا خەزن بکات، وە هونەری لێخوڕین بەپێی ئەو بڕگانەی یاسای هاتووچۆ دایڕشتووە بکاتە پرۆگرام هەم بۆ خۆی هەم بۆ بەرامبەرەکەی، بەڕای من شۆفێری سەرکەوتوو ئەو شۆفێرەیە کە گیانی هاوکاری و لێبوردنی لەکاتی لێخوڕینی شۆفێری لەناخیەوە هەبێ، نەک لەترسی یاساو پۆلیسی هاتووچۆ ..من پێشنیار دەکەم بۆ لایەنی پەیوەندار بۆ دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێری، تا ڕێژەی مردن بەهۆکاری ڕووداوی هاتووچۆ کەمتر بێتەوە، ئەو پاشا گەردانیەی لە بواری هاتوچۆ هەیە دەڵێم ئەوەندەی پڕۆسەی تڕاو تاقی کردنەوەی ژمارە (٨) و گەراج تەئکیدی لێ دەکرێتەوە . هەنگاوی یەکەم بۆماوەی یەک مانگ لەلایەن کەسانی ئەکادیمی و زانستی بواری هاتووچۆ خول بۆ فێرخوازانی شوفێری بکرێتەوە بەبێ ڕەچاوی واستەو ناسیاوی

و ناوچەگەریەتی، دواتر تاقیکردنەوەیان پێ بکرێت بە شێوازی ئەلکترۆنی ئەنجامی تاقیکردنەوە دەربچێت، ئینجا ترِا بکرێت، چونکە لەچەند ساڵی ڕابردوو بەرتەقای جەنگێک قوربانی هاتووچۆ هەبووە، بەهیوابن یاسای ویژدان بگەڕێتەوە بۆ ناخی هەموو تاکێک...

## لەخۆبایی بوون = بە سالب

هەرچەندە دەمویست مانشێتەکەی سەرەوە بکەمە (لەخۆبایی بوون = بە نەخۆشی دەروونی) بەڵام هەستم کرد غەدرلە جۆری نەخۆشیەکە دەکەم چونکە زۆربەی ئەوانەی تووشی نەخۆشی دەروونی دەبن سادەن یان کێشەیەکیان هەیە بەدەر لەتوانای خۆیان، ڕا ڕا دەبن بە شووشتنەوەی کەلوپەلی خۆیان یان ماڵەوە، یان ڕا ڕا دەبن بەو کەسانەی خۆیان نایەنەویّ جا نهێنی ئەوکەسانە خۆیان دەزانن کێن و بەچ کارەی ئەو کەسە نیگەرانن، با لە کرۆکی بابەتەکە لانەدەم کە (لەخۆبایی بوونە) ئەوکەسانەی تووشی ئەم پەتایە دەبن لەبنەڕەتدا وا نەبووە کەسێکی ئاسایی و سادە بووە، بەڵام لەناکاو پۆستێکی پیّ دەدەن گۆڕانکاریەکی بەسەردیّ لەگەڵ هاوڕیّ و دەوروبەری جیاوازیەکەی زۆرزەق و ناشازە، جا هەندێک لەوکەسانە بەئۆتۆمبێلی بەرز تووشی لەخۆبایی بوون دەبن، یان بەهۆی دەوڵەمەندی تووشی لەخۆبایی بوون دەبیّ، شێوازی گۆڕانکاری بۆ ئەوکەسانە لەیەکێک بۆ کەسێکی تر جیاوازە، بەتێپەڕبوونی کات ئەو کەسانە تووشی لادان دەبن وەک درۆ بێڕێزی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کزدەبیّ تەنانەت لەگەڵ خزمە نێزیکەکانی وەک پێویست نابیّ پێیوایە لەئاستی ئەوان نیە.

هیوادارم ئەوانەی لەناکاو پۆستێک وەردەگرن، دەوڵەمەند دەبن، دەبنە کەسی یەکەمی کۆمپانیایەک تووشی لەخۆبای بوون نەبن، خوای گەورە ئاگاداری هەموو لایەک بێت...

## لەبنەماکانی پڕۆسەی هاوسەرگیری (تەداخول) بەنمونە...

لێرەو لەوێ زۆرجار ئەو پەیوەندیە خۆشەویستیەی نێوان دووکەس لەڕەگەزی کچ و کوڕ دەبێتە چیرۆکێک کەمتر نیە لە خۆشەویستی نێوان شیرین و فەرهاد یان خەج و سیامەند، من نامەوێ بچمە ناو ناوەڕۆکی تەمەنی خۆشەویستی و ئاستی پەیوەندیەکان و کێشەو گرفتەکانی، نەدانی کچە لەلایەن ماڵی باوکی بەکوڕەکەو ئەو ئاریشانەی دێتە ڕێگای هاوسەرگیری، ئەوەندە مەبەستمە ئاماژە بەخاڵێک بکەم کە زۆرترین ڕێژەی جیابوونەوەو زویر بوون دەکەوێتە نێوان ئەو مەعشوقانەی ڕۆژانێک چیرۆکی خۆشەویستیان لەسەر زاری خەڵک بوو، کوڕەو کچە بەڵێنی پێکەوەییان بەیەکترداوە تا ژێر گڵ، دەست تێوەردانی هەندێک لەماڵە باوانی کچ بۆسەر ژیانی تایبەتی کچەکەیان، یان بەپێچەوانەوە ماڵە باوانی کوڕەکە، دەبێتە گرفت بۆیان و وردە وردە کێشەکان بەهۆی دەست تێوەردان و قسەو قسەلۆکی ئەم و ئەو، ئەو مێژووە جوانەی لە خۆشەویستی یەکتر ناشرین و ڕەش دەکەن، پێکهێنانی هاوسەرگیری تایبەتمەندی هەیە کاری تۆ نیە بڵێ چۆن دەبێ خانووت نەبێ، ئۆتۆمبێلت بۆ نیە، بۆ ماڵی خوشکت لە میلانۆ نوقڵ و شیرینی دەکڕن ئێوەش لە لاکۆلانان شیرینی دەکڕن، بۆ دەبێ ماڵی خەسووت بۆ گەشت بچنە شەقلاوە ئێوە بچنە پشت بازگە، ئەمانە شتی کەسین و

تایبەتە نابێ ژیانی خەڵک تێک بدەین لەپێناو بیرکردنەوە ناشازەکانتان، تکایە دەست تێوەردان لە کاروباری خەڵک کارەساتی لێ دەکەوێتەوە. بۆخۆت بژی و پەیوەندیت بە ئەوی تر نەبێت...

## ڕێزگرتن لەبەرامبەرت = ڕێزگرتن لەخۆت

وشەی ڕێزگرتن لەسەرجەم وشەکانی تر جوانتر خۆی نمایش دەکات لە کۆڕو سیمنارو دانیشتنە کۆمەڵایەتییەکان و دیدارو شوێنە گشتییەکان واتە چەمکی ڕێزگرتن زۆر بەهادارترە لەوشەی جوان، خۆش، پارە، خەڵات بەگشتی...

ئەو مرۆڤانەی لە بنەڕەتدا واتە پەروەردەی خێزانی لەسەر بناغەی نیەت پاکی و ڕێز گۆش و پەروەردە کراون بوونەتە جێگای شانازی بۆ خانەوادەو دەوروبەریان، ڕێزگرتن بەمانای ترس و تەنازول و بێ هەیبەتی نیە... بەڵکو ئەوانەی ڕێز لەسەرووی خۆیان دەنێن جا با ئەوکەسە لە پیشەیەکی خوار خوارێ کار بکات بەڵام کەسێکی بەتەمەنە دەبێ بەچاوی ڕێزەوە سەیربکەی، ڕێزگرتن پێمان دەڵێ زۆرکەسمان بەرەو لوتکەی هیواو خواستەکانی بردووە. بەڵام بێ ڕێزی دەڵێ ئەوەندە خۆمان ناشرین کردووە کەناتوانین ببینە جێگای متمانەی ناو خێزانەکانمان... بۆیە بەهەموومان لە هەوڵی ئەوەدابین زیاتر ڕێز لە بەهای مرۆڤایەتی و دواتر لە ژینگەو هەموو ئەوکەسانە بگرین کە لەهەربوارێک خزمەت بە توێژێک دەکات، ڕێزگرتن لەبەرامبەرەکەت دەرفەتێکە ئەمڕۆش نا ساڵێکی تر لە شوێن و لە دەرفەتێک خۆشت نازانێ چۆن قەرەبووی ئەم ڕێزگرتنەت دێتەوە ڕێ، بەهیوام بەڕێزگرتن و نیەت پاکی قۆناغێکی تری تەمەنمان بەخۆشی بەڕێ بکەین...

## بەختەوەری = نیە بە هەبوونی

بێ گومان هەر وشەو چەمک و تەوەرێک کە دەینووسم مەرج نیە سەدا سەد ئاماژە بێت بۆ کۆی گشتی تاکەکان یان پیشەکە یان کەسی دیاری کراو بەڵکو دەمەوێ لەم ڕێگایەوە خزمەتێک، هاوکاریەک، کار ئاسانییەک بگەیەنم، لێرەوە دەمەوێ قسەیەکی باو بکەمە دەروازەیەک بۆ چوونە ناو بابەتەکەم (کەس ئاگای لەدەردی کەس نیە) ئەم قسەیە من زیاتر لە کەسانی هەبوون و دەوڵەمەندەکانم بیستووە، نەک کەسانی کەم دەرامەت و هەژار، لێرەدا هەبووەکان لەدوای ڕاپەرینەوە بەسەر دوو ستوون دروست بوونە ئەوانەی لە بنەڕەتدا کاسب بوونەو ڕێچکەی پڕۆژەو کار بۆتە مەنهەج و خوا دەرگای خێری لێ کردوونەتەوە، ستوونەکەی تر کەبوونەتە (هەبوو) سەرچاوەی دەوڵەمەندیەکەی باهۆزی ڕاپەرین دروستی کردووە و داهاتەکەی بەناشەرعی و قووتی هاونیشتیمانیانە ئەمانە هەرگیز بەختەوەرنین، پێ دەکەنن و ددانیشیان بەدیار دەکەوێ بەڵام لەناخەوە ویژدانیان مێشکیان ئارام نیە، گەشت دەکەن و لەکەنارو لێواری دەریاکان دەبینرێن کەچی دڵیان توندەو نێوچەوانیان چەندین لۆچی دروست کردووە و زۆربەیان دڵیان بەماڵەوەیە چونکە سەرچاوەی داهاتەکانیان حەرامە...

کەچی هەژارو نەدارەکان تەنها خەمی پەیداکردنی ژەمێک نانن بیر لە ژەمی دواتر ناکەنەوە لەگەڵ ئەوەش کە ئێواران

دەگەڕێنەوە ماڵ زۆربەختەوەرو ئاسودەن... سەدان جار کەسانی ملیۆنێر هیوای بەژیانی شوانێک، شۆفێرێک، کاسبکارێک خواستووە کە زۆر دڵخۆشترن لە ئەو...

بۆیە مەرج نیە هەبووەکان (پوول دار)بەختەوەربن...

**پرۆسەی هاوسەرگیری + تێگەیشتن = نیوەی بەهەشت**

**پرۆسەی هاوسەرگیرِی _ جیاوازی نامەنتقی = جەهەنەم...**

ئەگەر وەک رۆژنامە نووسییێکی پرۆفیشنال و وردبین لەڕووی بەدەســـت هێنانی زانیاری دروســـت لەدادگاکانی کوردســـتان لەســـەر کەیســـی (تەڵاق) و جیابوونەوە کاربکەیت ،دەبینین رێژەیەکی بەرچاو رۆژانە حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە بریاری کۆتـایی لێ دەدرێ، زیـادبوونی ئەم رێژەیە لەکوردســـتـان دەگەڕێتەوە بۆ چەندهۆکارێک، کەگرنگترینیان نەبوونی ئاســـتی هۆشیاری ژمارەیەکی زۆرلەگەنجانمان لەهەردوو رەگەز، کە لە ســـەیرکردنێکی بەردەرگا، یان گەشـــتێک، یان دایکان و باوکان زۆرتریش خوشکان بوونەتە رایەڵە بۆ دۆزینەوەی هاوسـەر بۆ منداڵەکـانیـان بێ دیتن جـاروایە دەڵێن مـادەم کوری فلانە یـان کچی فلانە ئەوە رەســـەنە،چـاوەکەم ئەم پرۆســـەیە دەبێ هەڵوەســتەی لەســەربکرێ و لێکتێگەیشــتنێک لەنێوانیان هەبێ و چەند ســـیفات و شـــەرت و قەیدەکانی یەکتر بکەنە گفتوگۆی نێوانتـان..... ژن هێنـان یان شـــووکردن بەرپرســـیاریەتیەکی گەورەیە نـاکرێ لەبەرخـاتـری خـاتـران بـچـیـتە خـانەی هاوســـەرگیری، بەژمارە لەوانەیە زۆر دەگمەن بێت ژن لەســـەر ناشـــرینی تەڵاق بدرێت، بۆیە دەڵێم پرۆســـەی هاوســـەرگیری کـاڵایەک نیە بیکرِی و دواتر بەدڵـت نەبوو بڵێی دەیگۆڕم، هیوادارم برایان و خوشـکانم لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسـبووک

ژن بەدڵی کوڕەکـانتـان بهێنن نەک بەئـارەزووی خۆتـان بڵێن کابانە، و لەفڵانە خانەوادەیە...

ڕەچاوی جیاوازی تەمەن و بڕوانامەو ژینگەی دەوروبەرتـان بکەن، بەهیوای خێرو خۆشـــــی بگەڕێتەوە نێوان کۆمەڵگـای کوردی ..

## لەبنەماکانی ئەتەکێت (سەردان) بەنمونە

تفسیر قول الله تعالی...
(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا) تەنانەت ئەگەر خاوەن ماڵ گوتی ببورن کارمان هەیە یان بەتەمای ماڵێکی ترین بگەڕێنەوە، دەبێ بگەڕێنەوە بەبێ ئەوەی زوویربین...

لەستوونە نووسینی پێشووم بەکورتی باسی ئەتەکێتم کرد لەچوارچێوەی مەنهەجی خوێندن و پەروەردەی خێزانی، وەلێ بۆ زیاتر لێک تێگەیشتن و تا سوودێک بەخوێنەرانی ئەم ستوونە بگەیەنم، دەمەوێ لەبنەماکانی ئەتەکێت باسی سەردان بکەم، جا سەردان لەچوارچێوەی خێزان بۆ خێزان، ئۆفیس، شوێنی حەوانەوەی کەسەکان هتد.......

سەردان لەسەردەمی پێشوو بەهۆی نەبوونی تەکنەلۆژیا بەگشتی تەلەفۆن بەتایبەتی زۆربەی جارسەردانەکان بێ ئاکام دەبوون بە هۆی بێ ئاگای لەسەردانی (کار).

ئەوەی دەمەوێ تیشکی بخەمەسەر کەلادانە لەبڕگەیەک لە بنەماکانی ئەتەکێت ئەوەیە کەسی سەردانی (کار) لەڕێگای چات یان تەلەفۆنێک دەڵێ فلانە کات دێمە ماڵتان، یان شوێنی (کار)، بێ ئەوەی ڕەچاوی بارودۆخی ئەم کەسە یان خانەوادەیە بکەن

کە نەخۆشی هەیە، دەوامی هەیە، یان ژوانێکی تری هەیە بۆ بازاڕ، یان بۆ دکتۆر، یان دابین کردنی پێداویستەیەکی ماڵ، سەردانیەکە ئەنجام دەدات.

بۆیە ئەمە لادانە لەپرنسیپەکانی ئەتەکێت و زۆرجار دەبێتە مایەی نیگەرانی و هەڵوێستێکی ناخۆش، دواتر سەردان بۆ لێک تێگەیشتن و چێژ لێوەرگرتنە لەچەندین تەوەری بەسوود نەک ڕازیکردن و لابردنی گلەییەک لەسەرخۆت کە نەڵێ فڵان سەردانی نەکردووم، گرنگە سەردانەکان خۆشی بگەیەنن نەک ژینگەی ماڵەکەو کەش و هەوای کۆڵانەکەش بە دۆخێکی نەخوازراوی گلەیی ئامێز بۆ خانەخوێ لەبەرامبەر دراوسێکان جێبهێڵێ.

بەهیوام بە ئاسایی وەریگرن کە کەسێک وتی لەئێستادا ناتوانم لەخزمەتدابم بابۆکاتێکی گونجاو بێت تورە مەبە و یەکسەر تاوانباری مەکە کە حەزی بەمێوان نیە .

## ڕاستگۆیی = کەناری ئارام

پێشەکی لای خوێنەرانی ئەم ستوونە پرسیارێک دێتە پێشەوە دەڵێن ئەوانەی ڕاستگۆن هەمیشە زۆرینەیان هەژارن، هەمیشە ئیش وکاریان لە دەوڵەت ناچێ بەڕێوە بەئاسانی، یان ئەوانەی ڕاستگۆن لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە جیاوازن، ئەوەی لای من ساغ بۆتەوە بۆ کەسانی ڕاستگۆ، ئەوەیە بنەمایەکە بڕیاری کۆتایی لێداوە هەمیشە ڕاستگۆبێت بۆ ئەوەی دەرونیەن ئاسودە بێت، سەربڵندبێت، ئارام بێت، جوان بیردەکاتەوە، لەمانە گرنگ تر لەگەڵ یەزدانی مەزن بۆ دونیایەکەی تر خۆی یەکلاکردۆتەوە، ڕاستگۆیی جیهانێکی فراوانە بۆ خۆشگوزەرانی، بۆ متمانەی کۆمەڵایەتی، بۆ گەیشتن بە خۆشەویستی خوداو کەسە پاکەکان، لێرەدا دەبێ هەموو لایەک ڕاستگۆیی بکەینە ئامانج تا لێک تێگەیشتنێک لەنێوان ڕاستگۆیی و خواستەکانی ژیان لەهەموو بوارێک بە ئاراستەی خۆشەویستی ویژدانمان بەرەو کەناری ئارام ببەین و بەڕاستگۆیی هانی هەموو لایەک بدەین کەچیتر بە ناڕاستگۆیی هاوونیشتیمانیان بەخواست و ویستەکانیان ناگەن. وە بە ناڕاستگۆیی کەناری ئارام چاوەڕێتان ناکات...

## ئەتەکێت

وشەی ئەتەکێت وشەیەکی فەرەنسیە لە(پلیت) تکتی سەفەر هاتووە، ئەوەی مەبەستمە لە چەند دێرێک مەفهومێک بگەیەنم ئەوەیە، لەسەر هەموو دایک و باوکێک ئەرکە لەماڵەکەی خۆی لەسەرەتاوە بنەماکانی ئەتەکێت لەسەر خۆیان و منداڵەکانیان جێ بەجێ بکەن، چونکە ئەتەکێت بوون لەناو خێزان هۆشیارکردنەوەیەکی پێویست و دروست بوونی کەسیەتی منداڵ بۆ ئایندە بونیات دەنێ...

ئەتەکێت واتە هەنگاوە دروستەکانی ژیان، ئەتەکێت لە خواردن، لە هەڵسوکەوت، لە میوانداری، لەپێشوازی، لە تەنسیقی ڕەنگ و جل، لەڕێزگرتن، لەشۆفێری کردن، لەپاراستنی ژینگە، واتە هەر خێزانێک بەدروستی منداڵەکانی ئاشنا کرد بە ئەتەکێت ئەوا ئایندەی ئەو منداڵانە گەش دەبێ و جیاواز لەمنداڵی تر خۆی نمایش دەکات بۆ خوێندن، بۆ کار بۆ هاوڕێ یەتی، تەنانەت ئەوانەی وانەی ئەتەکێتان خوێندووە دەزانن ئەتەکێت لە پیاسەو سڵاوو تەوقە کردن و گەشت وگوزار ڕۆڵی خۆی دەبینێ، بۆیە گرنگ بوو وەزارەتی پەروەدە لە پرۆگرامی خوێندن هەر لەسەرەتا تاوەکو قۆناغی دواناوەندی وانەی ئەتەکێت بخوێندرابوایە.

بەهیواین و ئێستاش درەنگ نیە هۆشیاری ئەتەکێت پەخش و بڵاو بکەینەوە...

## زۆر بایەخپێدان = بەسفر

ئەو ئەنجامەی سەرەوە ڕێک وەک ڕێژەی نەگۆڕی بیرکاری نیە، قابیلی گۆڕانە بەڕێژەیەکی کەم، ئەم مانشێتەی سەرەوە گوزارشت لە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی ناکات... بەڵکو ئاماژەکەی بۆ ئەو کەسانەی بەهۆی بەرپرسە باڵاکان بوونەتە ژمارە وبایەخی زۆریان پێ درا پاشان کەبایەخدان نەما ئەوکەسانە دێنەوەسەرپلێتی پێشوو، یان دەوڵەمەندی یان هەندێ جار تاقانەیی، یان برا گەورەیی، دەبنە جێگای خانەوادەو دایک و باوکیان، بەهۆی زۆر گرنگی پێدانیان و نازهەڵگرتنیان لەخۆبایی دەبن و لەخۆیان دەگۆڕێن، ئەوەندە مجامەلە دەکرێن و چاویان لەسەرە، وە هیچ کارو بەرپرسیاریەتیەکیان لەسەرنیە لەکاتێک کاردانەوەیەکی چاوەڕواننەکراو دێتە پێشەوە ئەو جۆرە مرۆڤانە دەست وپێ سپی و هیچ لەبارەوەنەبوو، کەسێکی بێ ئیرادەو بێ زاخ دەردەچێ.

ئومێد دەکەم هەم بۆ لایەنی دەروونی خانەوادەکانتان کە نەبێتە جیاوازی کەسەکان، هەم لەئایندە ئەم کەسانە بتوانن پشت بەخۆیان و ئیرادەی بەهێزی خۆیان ببەستن...

# نهێنی + پارێزی = بەدڵخۆشی

ڕێڕەوی ژیان لەهەر کوێیەک لەم جیهانە بەردەوامی هەبێ (نهێنی) لەوێ بوونی هەیە، مەرج نیە ئەو نهێنیە پەیوەست بێت بە کارێکی چەوت، لەوانەیە پەیوەندی بە بوارێکی ڕۆشنبیری، پەروەردەیی، فکری یان بازرگانی هەبێ بەلام کاتی ڕاگەیاندنی ئەم پرۆسە یان ئەم چالاکییە لەئێستادا لە قۆناغی دەردەشەو گفتوگۆدایە نابێ باس بکرێ. لێرەو لەوێ بە سەدان ڕووداو، کارەساتمان گوێ لێ بووە بەهۆی درکاندنی نهێنی گوندێک، سنورێک ئاریشەی بۆ دروست بووە، ئەگەر لە بواری ئایینیەوە لەم وشەیە ڕوو بچینە ناو سورەت و ئایەت و فەرموودەکان، دەبینین زۆرجار باس لە نهێنی پارێزی کراوە، باس لە پاداشتی ئەوکەسانەش کراوە بەهۆی ئەو نهێنیەی پاراستووە واتە چ کێشەیەکی گەورەی دوور خستۆتەوە لەناوچەکە. (چۆن نهێنی + پارێزی= بە دڵخۆشی) ؟؟

دەیان جار من، تۆ، ئەو، هاتووی خۆت باسێک، نهێنی کەسێک باس دەکەی بێ ئەوەی پێداگری کرابی باس دەکەی، هەر خۆشت دەڵێی تخوا با نهێنی بێ، واتە لەم ساتەی نهێنیەکەت درکاند دڵخۆشیت لەدەست دا، کە وتت بانهێنی بێت واتە بابەتەکە باس کردنی کێشەی بەدواوەیە، بۆ ئەوەی هەمیشە دڵخۆش بیت و دوور بیت لە ڕا ڕایی و دڵتەنگی نهێنی پارێز بە، ئەوانەی نهێنی پارێز نین لای خوای گەورەش خۆشەویست نین، لای خەڵکیش ڕێزلێگیراونین و جێگایان نابێتەوە و خەڵک بەچاوێکی جیاواز سەیریان دەکەن .

## متمانە = بەخۆشەویستی

ڕەوڕەوی ژیان ئەگەر لەبنەماکانی خێزان بەدروستی ببێتە پرۆگرام بۆ منداڵەکان، کە ڕێز لە یەکتربگرن و وشە نەشیاوەکان، واتە سنور بەزاندنە، درۆ کردن واتە کارەسات، بۆیە باسی قۆناغی منداڵی دەکەم دەسپێکی متمانەو خۆشەویستی لەنێوان تاکەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەروەردە ناجۆرو ناشیاوەی کە مافەکانی منداڵ لەسەرەتاوە پێشێڵ کراوە یان ئەو جیاوازیەی لەنێوان کوڕو کچ دەکرێ کە لەکۆتا ڕق و کینە بەرهەم دێنێ، لەلایەکی تر زۆرترین وشەی (درۆ) کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ منداڵ دەیکات بۆیە زۆر جار منداڵ لە (٦) ساڵی متمانەی بەدایک و باوکی نیە ،چونکە ڕۆژانە بەڵێنی چەندین شتی پێ دەدا کەچی بەڵێنەکان دەبێتە بلقی سەر ئاو، کەواتە متمانە دروستکردن لەنێوان گەورەکان کاریگەری منداڵی هۆکارێکە بۆ ئەوەی گەورەکان متمانە بەیەکتری نەکەن .ڕوون و ئاشکرایە ئەگەر متمانە نەبێت خۆشەویستی بوونی نابێت، هەرکاتێک خۆشەویستی نەبێت ژیان دیوە ناشرینەکەی وەک ئێستای کۆمەڵگای کوردی لێ دێ .هەربوارێک تیشکی بخەیتە سەر پڕە لە گەندەڵی و فێڵ و قۆڵ بڕین بەتایبەت لەکەرتی بازارو هاوردەی کەرستەی بەسەرچوو، پەروەردەو فێرکردنیش قسەم لەسەری نیە بۆ ئێوەی جێدەهێڵم... لەکۆتایی دەڵێم تا متمانە نەگەڕێتەوە خۆشەویستی نێوان تاکەکان بوونی نابێت و جوانیەکان بەهایان نابێت...

## بۆ ئەوەی پەشیمان نەبیتەوە، پەلەمەکە لەبڕیاردان...

سروشتی ناخی مرۆڤی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەی تێبینی کراوە زۆرینەی لە کاتی پێویست لە بڕیاردان پەلە کردنی پێوە دیارە، ئەم پەلە کردنەش بە ئەزموونی تێپەڕاندنی تەمەنمان زۆرینەی پاشگەزبوونەوەو پەنجەی پەشیمانی گەزتووە، بیَ گومان ئەگەر فلاش باکێک بۆ ڕابردووی وڵاتانی دەوروبەرمان بکەین بەعێراقیشەوە ئەوانەی دەوڵەتیان بەدەست بووە هەمیشە سیستەمی بەڕێوەبردنیان تاک لایەنەو ڕژێمێکی زۆردار بوونە، بۆیە تەوژمی هاتنە پێشەوەی کێشەو گرفت بۆ هاونیشتیمانیەکانیان بەهۆی فشاری دەرونیان هەمیشە بەپەلە بڕیاریان داوە، دواتر لەماوەیەکی کەم پەشێمان بوونەتەوە، بۆیە دەڵێم مادەم ژیان بەردەوامە، دەمانەویَ خوداو خواناسەکانی، یان ئەوانەی تێڕوانینی جوانیان بۆ ژیان و خۆش گوزەرانی هەیە ڕازی بکەین لەخۆمان، حەقە لەکاتی هاتنە پێشەوەی هەر گرفتێک بگەڕێینەوە بۆ پرس و ڕاوەرگرتن بۆ ئەندامانیماڵەوە و کەسانی بەئەزموون، دووربین بین و بەمەنتقی بیربکەینەوەو لۆژیکی جوانیەکانی ژیان هەنگاو بنێین تا لەبڕیاری بەپەلەکردن کارەساتی گەورە چاوەڕێمان نەکات...

هیوادارم هیچ تاکێکی کوردوئەوانەی بەجوانی لەژیان دەڕوانن تووشی کێشەو خەم و ناخۆشی نەبێت...

## گەیشتن بەلوتکە ئەستەم نیە

بێ گومان خولقێنەری زەوی و ئاسمان چەندین ئەندامی لەشی مرۆڤ بەجۆرێک لەجۆرەکان هێناوەتە بوون، کە لەڕابردوو زۆرێک لەمرۆڤەکان توانیویانە بەباشی بەکاری بهێنن، ئەو مهام و پەیامەی لەهزرو مێشکیان پلان وبەرنامەی درێژ خایەن دەبێتە خەونیان هەوڵی جدی بۆ دەدەن، لێرەدا وشەی (هەوڵ) دونیایەک ئاراستەو کردارو پەیامی خۆشبەختی لەپشتە، بۆیە ئەوانەی لەڕابردوو ناویان چۆتە مێژوو، هەروا بەئاسانی نەبوونەتە (شکسبیر. ئەدیسۆن، ماندێلا، ) ئەمانەچیان کرد( هەوڵ) یان دا... واتە بەهەوڵدان کامە خەون و ویستە ئارەزوومەندەکان هەیە دەتوانی بەهەوڵ و هەنگاوی دروست بتگەیەنەتە کەناری ئارام و لەوێوە خزمەت بە نەتەوەو چین و توێژو تەنانەت خۆت بکەی... گەیشتن بە لوتکە تەنها پرۆسەی خوێندن نیە لەبواری پزیشکی و ئەندازیاری، بەڵکو گەیشتن بەلوتکە گەیشتنە بەو حەزو ویستانەی لەبوارێک لەبوارەکان سەرئەنجام بەرهەم و سوودی گشتی بخاتەوە، بۆیە لەدەستچوونی هەندێ فرسەت بێ ئومێدتان نەکات، خۆتان سەرکۆنە مەکەن ئەوڕۆژگارانەی تۆی دابڕاندووە خەتای تۆ نەبووە بەڵکو هەندێ جار سیستەم و ڕێکارە خراپەکانی ژیان هۆکار گەلێکن ئەم دابڕانانە بەرهەم دێنێ... بۆیە هەوڵ بدە تا بگەیتە لوتکەی سەرکەوتن.

## فلتەر

لەدوای پرۆسەی ئازادی گەلانی عێراق، باهۆزی تەکنەلۆژیا بەخێرایی خۆی کردە نێو ماڵەکانمان، باهۆزێک زۆر خراپتر لەهاتنی ڤایرۆسی (کۆفید ١٩) . بەبێ گومان ئەو تەکنەلۆژیانەی وەکو موبایلی زیرەک، فەیسبووک، تویتەر، ڤایبەر، ماسنجەر، تیکتۆک، سناپ هتد...، سەرجەمیان بوونەتە کار ئاسانی بۆ ئەو کەسانەی بە دروستی بەکاری دەهێنن. کەدەڵـێم لەڤایرۆسی کۆرۆنا خراپتربوو ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی تاکی کورد ناڵێم بەگشتی بەڵام زۆرینە نەگەیشتبووە ئەو ئاستەی ئەم تەکنەلۆژیا بەکار بهێنێ بەبێ فلتەرو سیستەمی چاودێری، بۆ ڕاستی و دروستی قسەکانم دادگاو دادوەرە بەرێزەکان دەزانن فەیسبووک و چات و ڤایبەر چ ماڵوێرانیەکی هێناوە بۆ کورد، ئەوەی بۆتە جێگای نیگەرانی بۆ تێکدان و پەرتەوازەی کۆمەڵگای کوردی و پەیوەندی کۆمەلایەتی خێزان ئەم (یوتوب) و (تیک تۆک)یە...

یوتوب گەنج و مناڵی هەرزەکار بەئاقاری توندوتیژی و کوشتن و بڕین دەبا، لەلایەکی تر وێنەو ڤیدیۆی سێکسی بێ سانسۆر خۆی دەکاتە هەموو ئەکاونت و ماڵەکان بێ ئەوەی خاوەن ماڵ ئاگاداری بێت منداڵەکان بەتەمەنی جیاوازەوە سەیری دەکەن.

جا بۆیە ئەرک و فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە ئەم بابەتە بەهەند وەربگرێ و سیستەمی چاودێری بەگەڕ بخات و

سەرجەم کەناڵەکانی تەکنەلۆژیا سنورداربکرێت بەم جیهازە بەڵکو مناڵەکانمان دوور دەکەونەوە لەم توندوتیژیە دەرونیەی ڕۆژانە سینگمان دەگرێ و بەهۆی ئەم تەکنەلۆژیایە ڕۆژانە ئاستی خوێندن و زانست بەرەو پاش دەروا.

بەدانانی جیهازی سیستەمی چاودێری (فلتەر) بۆ تاک، وە کۆنترۆڵکردنی ڕێزو خۆشەویستی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە دۆخی جاران .

فلتەری چاودێری ڕێژەی توندوتیژی و هەڕەشەکان کەم دەکاتەوە، بۆیە هەبوونی فلتەر خۆی لەخۆیدا کارێکی پێویست و خزمەتێکە بەتاک دەکرێ و ناچێتە بواری سانسۆر...

## ئەو شوێنەی مرۆڤ خاڵی دەکاتەوە لە نا ئارامی

بەبێ گومان بوونی ژیان بەبێ ئاریشەو هەورازو نشێو نەبوەو ناشبێت، ژیان بۆ هیچ تاکێک پڕ نەبووە لەخۆشی، پێچەوانەکەشی ڕاستە، بۆئەوەی خۆمان ببینە پزیشکی تایبەتی خۆمان هەر کاتێک هەستت بەبوونی دڵتەنگی و نائارامی و دڵەڕاوکێ کرد، بێ بیرکردنەوە سەردانی نزکترین پارک یان نەمامگە یان شوێنێکی سەوزایی بکە لەماڵەکەت، زۆرجار لێرەو لەوێ بیستوومە دەڵێن پێویستە مرۆڤ هەندێ جار بەتەنیا گفتوگۆ لەگەڵ خودی خۆی بکات لەناو پاڕکێک یان دەم کەنارێک، ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییە کە دەم کەنارەکان یان ناوپارکەکان شوێنی ئارام کردنەوەی دڵەکان و خاڵیکردنەوەی هەموو ئەوکێشانەیە کە مرۆڤ لە ڕەو ڕەوەی ڕۆژانەی ژیان بۆی دێتە پێشەوە .

ئەگەر بۆجارێکیش لەگەڵ ژینگەپارێزان و گروپی شاخەوانیەکان ببێتە ئاخاوتن گوێ بیست دەبی دونیای ناو سەوزایی و تەنانەت درەختەکان چەند دڵخۆشکەرو بەختەوەرهێنن بۆ تاک.

ژیان بریتی نیە لەڕاکە ڕاک و کۆکردنەوەی سەروەت و داهاتێک لەسایەی هیلاکی و ماندوویی تووشی خەمۆکیت بکات.

ژیان واتە دانانی پلانێک تیایدا خۆشبەختیت بۆ دروست بکات.

بۆیە بایەخ بە ژینگەیەکی تەندروست بدەو لێوان لێو بێت لە باخچەیەکی هەمەڕەنگ لە بۆن و ڕەنگی جیاوازو کەشێکی ئارام هەست بەبوونی ژیان بکەیت...

## پێی بڵێ من بە ڕۆژووم...

ئەگەر لە قوڵایی و پیرۆزیی و ڕەهەندو و بەهاکانی پشت ڕۆژوو گرتنەوە بڕوانی، دەبێ تاکی موسڵمان مانگی ڕەمەزان بکاتە بنەمایەک بۆ دەستپێکێکی جوانی ژیان دۆستی و لێبووردەیی وهاوکاری لە کاروباری ڕۆژانەدا.

لەڕاستیدا مانگی ڕەمەزان دەبێ مانگی هاوکاری و کارئاسانی و پێکەوەیی و لێبوردەیی بێت، ئەم بنەمایانە ببێتە بناغەیەک نەک هەر بۆ مانگی ڕەمەزان بەڵکو تاکی موسڵمان ژیانی لەسەر بنیاد بنێ و هەنگاوەکانی بەئاراستەی ئارامگرتن، خۆپارێزی لە زمانی زبر...، ویژدان لەکاری بازرگانی و مامەڵەی دروست لە بازارو ساخ کردنەوەی کاڵاکانی، هەڵسوکەوتی لە کاتی لێخورینی شوفێری، بەزەیی هاتن بە هەژارو ماڵە لێقەوماوەکانی پاشماوەی جەنگ و کارەساتەکان، ڕۆڵ بینین لە ئاشتی و ئاشتەوایی. زۆر بابەتی تر کە ژیان دۆستی و پێکەوە ژیان جوانترو جوانتر دەکات...

ئەوەی هانی دام چەند وشەیەک لەم ستوونە بنووسم دەبینی نوێژ دەکات، بەڕۆژووە کەچی لەبازاری کاردا بازاری قۆرخ کردووە بەسەر هەژارو لێقەوماوان کاڵاکانی دووقات دەفرۆشێ، لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل فەوزایەکی دروست کردووە لەوانەیە مەترسی خسبێتە سەر چەندین سەرنشین ئەوە چیە کابرا بەڕۆژووە... لەسەر خوانی مەغریب دانیشتووە دەڵێی قەرزار

لەسەری کردووە بۆ چەندین ملیۆن دینار و خۆی لە ژن و منداڵەکان تورە کردووە، ئەوەچیە ناوبراو بەڕۆژووە.
بۆیە لەهەر ئەگەرێکی ڕووبەڕووبونەوە بەکەسانی توورە لەمانگی ڕەمەزان وەک پێغمبەر محەمەد (د.خ) لێبێت فەرموویەتی دەبێ وەڵامەکەت بۆی ئەوە بێت (من بەڕۆژووم) نابێ جوێنی دا تۆش بەجوێن وەڵامی بدەیتەوە، هەڕەشەی کرد وەکو ئەو بیر بکەیتەوەو بچی هەڕەشە بکەیت بەڵکو هەر ئەوەندە بەسە پێی بڵێیت (من بە ڕۆژووم) .
لەکۆتایدا دەڵـێم ئەگەر لە واتای ڕۆژووگرتن و لە گەورەیی و بایەخی مانگی ڕەمەزان نەگەیشتووی تکایە بەڕۆژوو مەبە و مەبە مایەی بێزاری خەڵکانی لەخوا ترس و ئیماندار.

## دونیا قەرزە بەسەرمانەوە...

لێرەوە دەمەوێ بڵـێم پەروەردەی خێزان و ژینگەی دەوروبەر بۆ ژیان دۆستی و خۆشگوزەرانی خێزان لە کۆمەڵگا دوو فاکتەری بەهێزی مانەوەی تاکن تا لەوێوە هەنگاوی مرۆڤ دۆستی ببێتە پێگەیەک بۆ تاک، مرۆڤ دەبێ لەبنەڕەتدا گوێرایەڵــی پەروەردەو ڕێنمایەکانی بەخێوکەری بێت جا باوک بێت یان دایک زۆرجاریش برا دەبێتە فریاد ڕەسی خانەوادەیەک بۆ پێکەوە ژیان و کۆ کەرەوەی خێزان، لەپێناو هێنانە دی ژیانێکی مەدەنی و هێور ...

بنەمای ڕێزگرتن، لێبووردەیی هەموو ئەو تاک و خێزانانەی گەیاندۆتە کەناری ئارام تاوەکو ئێستا تامی ژیانیان کردووە، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام بەم بەیانیە کردەوەیەکی قێزەون و نامۆ بە کلتور و ئەدایی کوردەوە ئەویش بێ بەزەیی و بێ ویژدانی بوکێک بەرامبەر خەزوری کە نەخۆش کەوتووە وێڕایی ئەوەی جوێن و قسەی ناخۆشی پێ وتووە تەنانەت هەڕەشەی داخ کردنی لێ کردووە، کەچی خەزوری نەک هەرنەخۆشە بەڵکو لە جولەو لەپێ کەوتووە...

دواتر (بووکە) گەورەکەی ئەو ماڵە ئەم زوڵم و سوکایەتیی (هاو گیانەکەی) پێ قبوڵ نەکراوەو ئەرکی بەخێو کردنی گرتۆتە ئەستۆ وە خەزوری بردۆتەوە ماڵی خۆی.

ئەمە پێمان دەڵێی لەبنەڕەتدا پەروەردەی خێزانی ئەم (بووکە) باش نەبووە بەڵکو خێزانێکی بێ سەروبەر بوونە بۆیە بێڕێزی گەیشتۆتە قۆناغی فڕێ دان، وشەی داخ کردن بەرامبەر پیاوێکی پیرو نەخۆش.

بەپێی ئەم نووسین و کێشە کۆمەڵایەتیە ئێستا باوکی ئەم (بووکە) کەبێڕێزی بەرامبەر خەزووری کرد، ئێستا باوکی لەلایەن ژنی برایەکەی فڕێ دراوەتە سەر شەقام و برایەکەی تریشی لەترسی ژنەکەی ناوێری باوکی بباتەوەماڵ!!!

کەواتە لەدێر زەمانەوە ڕاستیان وتووە ( دونیا قەرزە بەسەرمانەوە)

## دەکرێ بۆ یەک سەعات بیبەین ؟؟

لەم بەناو هەرێمەی کوردستان لەدەست ئەم کاربەدەستانەی کورد تا بمێنین گوێ بیستی چیرۆک و هەواڵ و بەسەرهاتی شۆک بوون دەبین، سەیرەکە لەمەدایە موچەت پێنادات، کەچی ڕۆژ لەدوایی ڕۆژ باج و کرێ و سەرانەت لەسەر زیاد دەکات، بەدیوێکی تر هیچ چاودێری و سانسۆرێکی لەسەر نرخ و بازاڕ نیە. لەکوێی دونیا هەیە تۆ نەوت و غازو سوتەمەنی بەگشتی بفرۆشی، کەچی بڵێی قەرزارم و موچە دابەش کردن بکەیتە ٤٥ ڕۆژ، نرخی نەوت دابەزێ موچەت دەکاتە لە٤٠٪، نەوت چوارقات بەرزبێتەوە دەڵێی بەغدا ٢٠٠ ملیارەکەی نەناردووەو باسی پاشەکەوت دەکەن. شەڕ لە ڕوسیا و ئۆکراینا دروست دەبێ ڕوون و خۆراک دەبێتە فڕکان فڕکان، تا ئێرە بۆ (نەدی وبدیەکان)ی لەئێران کەوتبوون ئاساییە، ئەوەی ئەم شەو شۆکی کردم و گوێ بیست بووم کە خزمێک گێڕایەوەو وتی سبەی لە قوتابخانەکان دەبێ قوتابی جلی کوردی بپۆشن، لەدرێژەی قسەکانی وتی ئەم شەو ژن و پیاوێکی هەندێک بەتەمەن دوو کوڕی تەمەن نزیک دە بۆ دوانزدەساڵیان لەگەڵ بوو، بۆ کڕینی جلی کوردی هاتبوون، ئەم دوکانانەی جلی کوردیان هێنابوو نرخیان خەیاڵی بەرزکردبۆوە، ئەوەی پێشتر بە دوانزدە هەزار دەتکڕی بۆ منداڵێکی شەش ساڵی ئەم شەو کردبوویان بە ٣٠ هەزار دینار . ئەم دایک وباوکە هەژار دیاربوون پێ دەچوو بەڕۆژ

جارێکی تر هاتبوون کۆتا جار بە دووکاندارەکەی وت (دەکرێ بۆ یەک سەعات بیبەین ؟) بێ گومان دوکاندارەکەش ڕازی نەبوو بگرە نیگەران خۆی نیشان دا. لێرەدا بەڕێوەبەرو مامۆستایانی قوتابخانەکان حەقە ڕەچاوی وەزعی خراپی دارایی خەڵک بکەن، ئەم ڕۆژە بکەنە ڕۆژێکی ئارەزوومەندانەو لەم ڕۆژەدا هیچ وانەیەک نەخوێندرێ تا ئەوانەی هەژارن بتوانن ڕزگاریان بێت لە کڕینی ئەم جل وبەرگە، ئەگەر وانەی یەکەم بۆ یادی جلی کوردی بێت و دواتر وانەش بخوێندرێ ئەم منداڵانەی هەژارن ناچارن بێن وجلی کوردییش بکڕن ،بەڵام ئەگەر هیچ وانەیەک نەخوێندرێ و تەنها بۆ ئەم بۆنەیە تەرخان بکرێ ئەوکات ئەوانەی هەژارن دەتوانن بەشداری نەکەن و ئەم ڕۆژە نەیەنە دەوام.

ئەگیناهەست بە حاڵەتێکی دەرونی ناخۆش دەکەن، بۆیە کەرتی پەروەردە لەهەموو کەرتەکانی تر جیاوازتر حەقە ڕەچاوی لایەنی دەروونی و دارایی دایکان و باوکانی خوێندکاران بکەن، میکانیزمێکی گونجاو بدۆزنەوە تا ئەم کێشەیە دروست نەبێ.

لەکۆتایی دا دەڵێم بەم بارودۆخی دروستکراوە دەستکردە، ئەم نابەرپرسانە خولڤاندویانە یاری کردنە بەعەقڵی میللەت، بەڵام سەرئەنجام دەرکەوتووە ئەمانە دەرونیەن نەخۆشن و بەبرسی کردنی میللەتی خۆیان چێژ دەبینن، بەڵام وەک وتویانە ڕۆژگار ڕۆژی بەدواوەیە.

## بوونی ئەو هەموو دەرمانخانەو تاقیگەیە و مەترسیەک!

لای من جێگای نیگەرانیە ڕۆژانە لەم کوردستانە دەرمانخانە و تاقیگەی تازە دەکرێتەوە لەپاڵ مارکێت و سەرتاشخانەو و سەوزە فرۆشی، بێ چاودێری حکومەت، هەرچەندە دەستم بۆ بابەتێک بردووە دوورە لە پرۆگرام و پیشە و خوێندنی من، کەچی سێکتەری تەندروستی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە مان و نەمانی مرۆڤ هەیە، مەخابن زیاتر لەهەموو سێکتەرەکانی تر بازرگانی پێوە دەکرێت، وەلێ ئەوەی دەمەوێ ئاماژەی پێبدەم و دووسێ قسەی لەسەربکەم کردنەوەی ئەو هەموو دەرمانخانە و تاقیگەییە کە زۆرینەیان خۆبەخش بەڕێوەیان دەبەن، خۆبەخش ئەوانەن کە خوێندکاری قوناغەکانی بەشە پزیشکییەکانن بۆ خۆفێرکردن لە دەرمانخانە و تاقیگەکان دەبینرێن...، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە سەردانی پزیشک دەگەڕامەوە وتمە برایەکەم برۆ ئەم عیلاجەم بۆ بکرە، پاش پێنج دەقیقە منیش لەناو ئوتۆمبێل سەیرم دەکرد ئەو گەنجەی ناو دەرمانخانە هەر لەرێگای مۆبایل ناوی عیلاجەکەی لێدەدا منیش هەروا چاوەڕوانم دواتر یەکێکی تر بەتەمەنتر لەپشت ڕەفەی دەرمانەکان هاتە دەرو سەیری کاغەزەکەی دەستی برایەکەمی کردوو عیلاجەکەی پێدا، وتم ها هێنات وتی بەڵێ بەس وتی بەم تەمەنەوە چۆن تووشی پرۆستات بووە باش بوو ئەوەی تر هات وتی ئەمە عیلاجی فەقەڕاتە نەک پرۆستات. ڕۆژی دواتر لەگوند بووم ناسیاوێکم لەگەڵ کوڕە

گەورەکەی هاتە سەردانم باسی دکتۆرو پشکنین و دەرمان کرایەوە، وتی لە دکتۆر دێمەوە بەس لەبازار چوومە دەرمانخانەیەک وتی خاڵە ئەو عیلاجانەمان هەیە بەس ماوەی بەسەر چوونی تەواو بووە بەس بەنرخێکی هەرزانتر بیبە، وتی منیش کاغەزەکەی دکتۆرم لێ وەرگرتەوەو لە شوێنێکی تر کڕیم، کوڕەکەی وتی هەفتەی ڕابردوو لە تاقیگەیەک بووم ئەوەندەم زانی بۆ هەڵاو جوێندان، دیاربوو باوکێک وکچێک بوون کچەکە نەخۆش بووە پشکنینی بۆ کراوە لەلایەن ئەم تاقیگەیە پاش دەرچوونی ئەنجام بەباوکەکەی وتراوە کچەکەت بەهۆی دووگیانییەوە حاڵەتی ڕشانەوەو تێک چوونی گەدەوە حاڵەتی باش نیە.

بەڵام پیاوەکە تووشی شۆک ببوو کە کچی ئەو هێشتان شووی نەکردووە شکور بۆخوا بێ ئەوەی کاردانەوەی خراپ بەرامبەر کچەکەی بکات لەشوێنێکی تر پشکنینی بۆ کردبوو ڕەتیان کردبۆوە کە زگی هەبووبێ.

بۆیە پیاوەکە هەڕەشەی لە خاوەن تاقیگەکە دەکردوو دەیوت ئەوە من ئارامگرت و خوا هاوکارم بوو چووم لەشوێنێکی تر پشکنینم بۆ کردەوە خەڵکی تربوایە یەکسەر کچەی دەکوشت، مێوانەکانم سەیری یەکتریان کردوو، باوکەکە بەکوڕەکەی وت تخوا ئەوەی دایکیشت بۆی بگێڕەوە.

کورەکە وتی سێ ساڵ لەمەوبەر دایکم نەخۆش کەوت لە تاقیگەک پاش دەرچوونی پشکنینەکە بەدایکمیان وتبوو پیرۆزە خوشکم تۆ دووگیانی و نەخۆشی ترت نیە، وتی دایکم شۆک بوو، منداڵی چی ئەوە ئێوە بەڕاستانە من تەمەنم لەسەرووی ٦٠ ساڵەوەیە نەوەکانم پێ ڕاگەیشتوون.

ئەمەش ئەنجامەکەی زۆری و بۆری کردنەوەی دەرماخانە و تاقیگەی بێ ئەزموونی و بێ چاودێری لایەنی پەیوەندیدار، ئێوەش بمێنن بەخێر.

## وەزیری پەروەردە

## بائەمەت بەسەر تێنەپەڕێ

بێ گومان لەهەموو جیهان کەرتی پەروەردە بۆ پێگەیاندنی منداڵ لەقۆناغی (باخچەی ساوایان) و( بنەڕەتی)دا فێرگەیەکە دەبێتە سەرەتایەک بۆ پێگەیاندنی منداڵەکان تا لەوێوە ڕێڕەوی ژیان بکاتە بناغەی دروست بوونی کەسایەتی، جیاوازی و غەدرکردن لەکەرتی پەروەردە لەکەیەکە هەرگیز لەناخی خوێندکاروقوتابی ڕەش نابێتەوە، جیاوازی کردن دەروونیەن کەسەکان دەشکێنێ جا تاک بچووک بێت یان گەورە . جەنابی وەزیر لێرەوە بابێمە ناوەڕۆکی بابەتەکە هەرچەندە ئەم دیاردەیە تازە نیەو یەکەم جاریش نیە جەنابت و ئێمە مانا بیبیستین بەڵام حەقە لێرەوە بەدوا داچوون بکرێت لەسەر ئەو قوتابخانەو بەتایبەت ئەو مامۆستایانەی ڕۆژانە بەنمرەی بن دەستیان جیاوازی لەنێوان منداڵـی مامۆستاو قوتابی تر دەکەن. ئێوارەی دوێنێ لەژێر دەستی پزیشکێکی چارەسەری سروشتی چارەسەرم بۆ دەکرا، ئەم پزیشکە هاوسەرەکەشی هەمان پیشەی هەیە، باوکی دکتۆرەکەش مامۆستایەکی خاوەن ئەزموون و خانەوادەیەکی ڕۆشنبیرن.

وتی منداڵەکەم پۆڵـی دووەمی بنەڕەتییە کارتی وەرگرتۆتەوە لەهەموو وانەکان (١٠٠) ی وەرگرتووە تەنها لە موزیک( ٨٧ ) ی داوەتێ .

جەنابی وەزیر من لە ئێوە دەپرسم لەکام قوتابخانە لیژنەی هەڵسەنگاندنی پسپۆری موزیک و گۆرانی و وێنەکێشان هەیە تا منداڵــی مامۆستا (١٠٠) پێ بدەن منداڵــی تر لەخوارنمرەی (٩٠) پێ بدەن.

جەنابی وەزیر ئەمە تێکشکاندنی دەروونی خوێندکارە، ئەم جیاوازیە لادانە لە ڕەوەشتی مامۆستاو پەڕوەردە، بۆ زانیاریت ئێستا لەزۆربەی قوتابخانەکان ناڵێم هەموو بەڵام زۆربەیان مامۆستایەکان منداڵەکانیان یەکەم و دووەمن، مامۆستایانی وەرزش و موزیک و وێنە لەبەرخاتری منداڵــی مامۆستایەکان نمرەی کەمتر لەم سێ وانەیە بۆ خوێندکارانی زیرەک دادەنێن تا منداڵــی مامۆستا یەکەم و دووەم بن، سەدان بەڵگە هەن ساڵانە دووبارە دەبنەوە. بەهیوام پەیامەکەم بگات تا تەشەنەی نەکردووەو کاردانەوەی بەخێوکەری خوێندکارانی لێ نەکەوێتەوە.

## لە نۆرینگەو نەخۆشخانەو شوێنی تایبەتدا رەچاوی بارودۆخی نەخۆش بکەن....

باوەڕبکەن بەهەنجەت نیم لەو دەسەڵات و بەناو ئەوحکومڕانیەی کوردستان، بەڵام ئەمەشیان پەیوەستە بەکەم تەرخەمی حکومەت و بەتایبەت وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی خوێندنی باڵا، (٣٢) ساڵە نەیانتوانیوە لەڕێگای مەنهەجەوە چەند بابەتێکی گرنگ وەکو (ئەتەکێت) بخرێتە مەنهەجی قۆناغی باخچەی ساوایان و سەرەتایی دواتریش هەندێ بابەتی تر بۆ قۆناغی پەیمانگاو زانکۆکان، دوێنێ لە سەنتەرێکی چارەسەری سروشتی ئەکادیمی زانستی بووم، بۆ وەرگرتنی چوارەم جەلسەی چارەسەری سروشتی، لەڕاستیدا کەسێکیان پێویستی بە بینینی پزیشک بوو کەچی دوو منداڵ و سێ کەسی گەورەی لەگەڵ هاتبوو، یەکێکی تر دوو کەسی تری هاوەڵی بوو کەسە ساغەکان دانیشتبوون کەچی ئێمەی نەخۆش بەپێوە وەستابووین، ئەم نەخۆشیەی شێوەی ئێمە کە ئینزیلاق و فەقراتە هەر نابێ بەپێوە بوەستین.

هەرلەوێ دیاردەی تەلەفۆن کردن بەدەنگی بەرزو گفتوگۆی کڕین و فرۆشتن و حیکایەتی خێزانی و بێزارکردنی نەخۆش ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردە، خاڵێکی تر ئەوانەی لەگەڵ نەخۆش دێن حەقە رەچاوی شوێنی دانیشتن و بنەماکانی

ئەتەکێتی گشتی بکەن هەر لە شێوازی قسەکردن و پێکەنین و دەنگی بەرزو هاتن و ڕۆیشتنیان میزاجی نەخۆش زیاتر تێک دەدەن. ئومێد دەکەم چۆن لەشوێنە تایبەتەکان نوسراوە جگەرەکێشان قەدەغەیە ئەوهاش بنووسرێ منداڵ و مۆبایل و دەنگی بەرز قەدەغەیە...

## کارەساتی سروشتی یان دەستکرد؟

لەم هەرێمەی ئێمە نووسین و پێشنیارو بەرچاو ڕوونی بۆ لایەنی پەیوەندیدارو دەسەڵات فلوسێکی قەرپ ناهێنێ، وەلێ نەم دەویست خۆم بخزێنمە ناو بابەتێک کەسانی نەخوێندەوارو سوود مەند لەم دەسەڵاتە خوێندنەوەی ئینتمای سیاسی بۆ بکەن. چونکە کاکی پارێزگار هەرزوو هاواری کرد ئەم وەزعەی (لافاو) بەسیاسی مەکەن... ئەمە جاری یەکەم و کۆتا جاریش نیە کە لێرەو لەوێ خەڵکی سڤیل بەهەر هۆکارێک دەبنە قوربانی بەرژەوەندیە مادییەکانی نابەرپرسان بۆیە ئەوان دێنە گۆو دەڵێن ئەم پرسە بەسیاسی بووە یان بەسیاسی مەکەن، لەژێر ئەم ڕستەیە دونیایەک ناعەداڵەتی و نادادی و گەندەڵـی خۆی مەلاس داوەو دەیانەوێ خەڵک چەواشە بکەن، بەڵام ماوەی چەند ڕۆژێکە دەنگی دایکی ئەو منداڵە دە مانگیە و دیمەن و دەنگی کزو مەلوڵی ئەوپیرە پیاوەی کوڕە شوانەکەی و مەڕو ماڵاتەکەی بۆتە کارەساتێک ویژدان و هزرم کەوتۆتە لاسەنگی و لەناخم ناسرێتەوە. من دانیشتووی ناحیەی دارەتووم، مێژووی دارەتوو دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٤٠ساڵ لەمەوبەر کەچی بارانی زۆر لەمە زیاترو بگرە٤٨ سەعاتیش بێ پچڕان لە ساڵانی پێشوو باران باریوە کەچی تا هەندێ پڕۆژەی خانوو، مارکێت و بینایی تر بەتەجاوزو لەسەر ڕێڕەوی بەستەکان دروست نەکرا ئەم کارەساتانە بوونی نەبوو چ لەناحیەی دارەتوو چ لەناحیەی

قوشتەپە، هەموو ئەوپڕۆژانەی لەسەر بەستەکان دروست کراون هی نا بەرپرسەکانن، بۆیە ئەمە کارەساتی سروشتی نین، ئەمە مانای ئەوەنیە خەڵک خراپ و بێ دین بن، بگرە کارەساتی دەستکردی دەسەڵات و ئەوانەی بوونەتە بازرگانی زیادەڕۆیی خاک. ڕوحی قوربانیانی کارەساتی دەستکردی دارەتوو، قوشتەپە شادبێت...

## بمبەخشن پۆستی وەزیری شەهیدان وەرناگرم

لە یادی ڕۆژی شەهیدانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دەستپێک سەری ڕێزو وەفاو خۆشەویستی بۆ خوێنی شەهیدانی ڕاستەقینە و کەسوکاریان دادەنوێنم، لەم ڕۆژە پیرۆزە نامەوێ بە وشەی بریقەدار، بۆ دڵ ڕازی کردنی ئەم و ئەو، هاکەزایی یادی ئەم ڕۆژە بکەمەوە، دەمەوێ ڕاشکاوبم، ڕاستگۆ بم، سەرەتا لەگەڵ ویژدان و ناخی خۆم، ئینجا خانەوادەی شەهیدان. ڕاستیەک هەیە دەمەوێ بڵێم ئەوێ ڕۆژێ لەسەردەمی شاخ ئەوانەی لەهێرش و پەلامارو بەرگریەکان بۆسەر مۆڵگەو بارەگاکانی ڕژێمی بەعس لەدەستەی هێرش بوون و شەهیدبوون، بوونیان بەپێشمەرگە لەبەر برسیەتی و هەژاری و کێشەی کۆمەڵایەتی نەبوو، بەڵکو شەهیدە ڕاستەقینەکانمان بەدوای ڕێبازو بەرنامەو پەیرەوێک کەوتبوون کەهەڵگری ئەم ڕێبازە رەوانشاد سەرۆک مام جەلال و ژمارەیەک لەو کەسانە بوون لەدەستەی دامەزرێنەر زۆرینەیان خاوەنی بڕوانامەی (دکتۆراو ماجستێرو بەکالۆریۆس) بوون.

کەس وکاری شەهیدان دەزانم نیگەرانن، دەزانم ڕۆژانە بەدیار چاوی ئێوەوە سەدان لەوکەسانەی لەپاڵ ڕژێم بوون موچەی شەهیدانەیان دوو بەقەد مووچەی شەهیدی ئێوەیە، ژیان و خوێندن و سەفەرو گەشتەکانیان سنوری نیە.

ئەو هەموو نادادپەروەری و نایەکسانیە خەتایەکەی با نەخەینە ئەستۆی حزبی بەرامبەرمان، چونکە ئێمە نازناوی حزبی شەهیدانمان هەڵگرتووە بۆیە دەبوایە لێپرسراوانی یەکێتیی خۆیان نەخەنە ژێرباری هەندێ کەیس و بریاری نا درووست؟

بۆیە بمبەخشن نامەوێ ببمە وەزیری شەهیدان¡¡

وەزارەتی شەهیدان دەبووایە وەزارەتی ڕاستەقینەی شەهیدانی سەنگەر بوایە نەک بۆ مەرامی دەنگ کۆکردنەوە ژمارەو داتاو ئاماری ئەو کەسانە زیاتربن کە لابەلا و بە پشگیری حزب لە لیستی شەهیدان تۆمار کراون...

لێرەوە دەمەوێ بڵێم سەرەتا ڕەخنە بێت لە بەرپرسانی یەکێتیی نەدەبوایە وەزارەتی شەهیدان بەهیچ شێوەیەک ڕادەستی حزبی تر بکرێت چونکە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاخ زۆرترین شەهیدی داوە، زۆرترین داستان و نەبەردی و چالاکییەکانی ناوشار پشکی شێر بەر ئەو دەکەوێ، زیندانەکانی ئەبوغرێب، موسڵ، کەرکوک، گەواهی ئەو ڕاستیەن کێ خاوەنی شۆڕش بووە.

* ئەم وەزارەتە دەبووایە ئەم مافە سەرەتایانەی بەیاسا لەپەرلەمان جێگیر بکردایە.

- پێناسەی شەهیدبوون.
- دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون نەک زەوی
- تێچووی نەخۆشخانەو دەفتەری تەندروستی و بلێت بەخۆرایی.

ـ تێچووی خوێندن لەهەر قۆناغێک وارسی ڕاستەقینەی پلە یەک.
ـ دابین کردنی هەلی کارو دامەزراندن بەپێی بڕوانامەو جۆری کار.

ئەم خالآنە وەک خۆی جێبەجێ دەکرا ئەگەر بەلێشاو ئەوانەی بەکارەسات و کێشەی کۆمەلآیەتی و مردنی لەناو پێخەف و شەڕی لاکۆلآنەکانیان نەخزانبوایە ناو لیستی شەهیدان.

لەکۆتایی دا دەلێم بمبەخشن لە ئێستادا نابم بەوەزیری شەهیدان.

## دوو ڕوو مەبە

لەوانەیە خەڵکانێک بەهۆی کارە قێزەوەن و کارە نا دروستەکانیان کڵاویان ناسراوبێ، ئەمانە لە زۆر هەڵوێست لێرەو لەوێ زۆر نەچنە ژێرباری ڕەخنەو گلەیی مەنتقی، بەڵام دوو ڕووی بۆخەڵکانێک سەردانی ماڵی خواو فەریزەی حەجی کردبێ و پێنج فەرزە نوێژ لە مزگەوت بکات، هەرجوڵەو کردارێکی نامۆ دەچێتە چوارچێوەی کردارێکی ناتەندروست و شەرمەزاری لای خوا بوون ...دوو ڕووی لە کۆمەڵگای ئێمە بۆ هەندێک خەڵک بۆتە پیشە هەربۆیە کۆمەڵگا ڕووبەڕووی کێشەو ئاریشەیەکی ئاڵۆزو بێ متمانەیی بۆتەوە، هەر کۆمەڵگاو نەتەوەیەک شەڕو ئاژاوەو نەهامەتی ڕووی تێ کردبێت، لە ئەنجامدا یەکێک لە هۆکارەکانی دوو ڕووی تاک ڕێژەکەی بەرز بۆتەوە. لەزۆرێک وڵاتانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی وڵاتانی دەوروبەرمان بەهۆی دیاردەی دوو ڕووی چەندین سەدەیە هاونیشتیمانیەکانیان لە دۆخێکی ناسەقامگیرو نا ئارام و پەریشانن بەدەست ڕاپۆرت نووس و یەکترناشرین کردن بۆتە مۆدیلێکی یەکترسڕینەوە .بەهیواین تاک بۆخۆی بژی و ڕاستگۆی بکاتە بنەمای ژیانێکی رەفاهو دوور لە دەست تێوەردانی کەیسە خودیەکان، ئەوەندە ماوەتەوە بڵێم دوو ڕوویی کەمتر نیە لەنەخۆشی سەرەتان و دڵ ...

## هەورەت...

دونیا دیتەو چاوکراوەو ئەوکەسانەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ڕوو لەچاکەکارین، هەمیشە بۆ زۆر بابەتی کۆمەڵایەتی و وەزیفی ڕێگای دووەم و سێ یەمیان لەبەردەم ئامادەیە، واتە لەهاتنە پێشی هەر ڕووداوێک، ئاریشەیەک یان داهێنانێک وەک دەڵێن جۆش دانامێنن، ئەوکەسانەی بوونەتە خاوەن پێگە یان خاوەن پیشەیەکی دەست ڕەنگین، یان بەرپرسێکی سەرکەوتوو، یان سەرۆک خێزانێکی بەختەوەر، بەم کەسانە دەڵێن (هەورەت) هەورەت واتە (پێکرا)...

دوێنێ لەئەنجامی سەردانیەک لەگفتوگۆیەک لەگەڵ خاوەن ماڵەکە لەناو قسەکانی وشەی (هەورەت) ی بەکار هێنا کە بۆمن وشەیەکی تازە بوو، وتی کچی فلان (هەوراتە) لەتەمەنی ١٢ساڵیەوە باوەڕی بەتینی بەخۆی هەیە، لەسەر قاچی خۆی وەستاوە چاونەترس و خاوەن ئیرادەیەکی بەهێزە بەڕاستی (هەورەت)ە.

بۆیە گرنگە دایک بەتایبەتی منداڵەکانی لەسەرەتاوە ڕابهێنێ چۆن باوەڕیان بەخۆیان بێت، چۆن ڕووبەڕووی نەبوونی ببنەوە لەکاتی هەبوونی دەست بە سەرمایەکانیان بگرن، ساردی و گەرمی ژیان چۆکیان پێنەدا.

بزانن لە ڕەوڕەوەی ژیان ماف و ئەرک چییە؟ لەکلتوری کوردەواری زۆرجار لەبەرامبەر هەندێ خەڵکی (پێکرا) وشەی

(ماستاوچی) بەکاردەهێنن، بەڕای من ئەوانەی وابیردەکەنەوە خۆیان بێ دەسەڵات هیچ نەکردەن تەنها حەسودو کەسانی ڕووخێنەرن...

هیواخوازم دایک وباوکان زۆر نازنەدەنە منداڵەکانیان تا تاکێکی (هەورەت) ی لێ دەربچێت و لە ئایندە خۆی خاوەن ڕاو بۆچوون و ئیدارەی خۆی بدات.

## دوور لەسیاسەت (شێتە گیان)

لێرەوە دەتوانم بڵێم بۆ زۆرینەی تاکی کوردستان ساڵی ڕاپەرینەکە ناوەزەند بکەین بەساڵــی (سەهوەکە) .

(سی) ساڵ ژیانی کۆڵەمەرگی بەڕق و کینەو ناشرین کردنی یەکتری لەنێوان برایەکان، (سی) ساڵ بێ ئاوی، بێ کارەبایی، بێ ڕێگاو بانی، کە سێ مافی سەرەتاترینە بۆ مرۆڤ لێی بێ بەش بووین لەلایەن دەسەڵاتێک باکی نەبوو بەکوردبوون، بە ڕووبارێک خوێن، بە ئەنفال. کەچی بەخۆیان لە وڵاتی ئێران هەر سەرکردەیەک بەبێ جیاوازی جلوبەرگەکەی بە پێڵاوە ئەدیداسەکەشەوە بای پێنج دینار نەدەبوو، کەچی ئێستا هەریەکەو (بۆڕییە نەوتێک) و (خاڵی سنووری) بەناویانە...

با باش بزانن چیتر ناتوانن موزایەدەی سیاسی و نیشتمانیمان لەسەر بکەن چونکە لەکۆتاجار دەسەڵاتیان بۆ خۆ دەوڵەمەند کردنی خۆیان و بنەماڵەکانیان بوو، جا ئەمە ئەسڵی بابەتەکەم نەبوو بەڵام وشەی سیاسەت پەڵکێشی کردمە ناو دونیای پڕ لە گەندەڵــی ئەم حزبۆکانەی کوردستانی عێراق، دەمەوێ بڵـێم تێکەڵ بوون بە جیهانی ئەدەب و مۆسیقاو هونەرێکی (تەڕ) کە لێوان لێو بێت لە وشەی ناسک و ڕۆمانسی خۆی لەخۆیدا جیهانێکە پڕ لە ئەوین، پڕ لە جوانی، پڕ لە ناسکی... لەمرۆژانە لەستۆری هاوڕێیەک پێ دەچێ بڕیاری دابێت دوور لەسیاسەت ئەو تەمەنەی ماویەتی گوێ لە مۆسیقاو گۆرانی و گوێ لە وشە

ناسک و ئەوینی ناو تێکستە شیعرە جوانەکانی عەدنان کەریم و زەکەریا عەبدوڵڵا و ئەیوب عەلی بگرێ ....،
پێ دەچێ کچـــۆلەیەک بە وشەی (شێتە گیان) بانگی کردبێ و سەرسامی دێرە شیعرێکی دکتۆر (فەریدوون عەبدول بەرزنجی) کردبێ، باوەربکەن ئەوەندە بەجوانی ڕوو چوو بووە ناو دونیای گۆرانی و عەشق و ئەوین، تێکەڵ بوونێک بەمانای پاک بوونەوە لەو هەموو نەهامەتیەی لە (٣٠) ساڵی ڕابردوو کێشاویەتی. کە گۆرانیە حەزینەکەی بە چەقەنەلێدانی پەنجەیەوە دەوتەوە وای نیشان دەدا پێمان بڵێت لێرەوە گەردەن ئازایی لە سیاسەت بکەن و بۆ هەتا هەتا ئەم سیاسەتەی ئەم حزبانە دەیکەن تەڵاقی بدەن، وەرنە ناو جیهانی ئەوین و مۆسیقاوە. باسیاسەت بۆ گەندەڵ و درۆ زانەکان بێت...

## مردن لەم نزيكانەيە ئاگادارى دڵــى يەكتربن...

بەهيچ شێوەيەك تەمەناو ئارەزووى مردنى هيچ كەس و تاكێك لەم جيهانە فراوانە ناكەم، لەڕاستيدا ناشمەوێ ئەم وشەيە زوو زوو ببيستم، بەڵام لە ئەكاونتى فرێنديكم بينــى لەپاش خوێندنەوەى، تێيگەيشتم ئەم شەش وشەيە مەبەست و كۆمەڵێك پەيامى جوان و مرۆڤدۆستى لەپشتەوەيە...

مردن واتە ڕەش كردنەوەى كەسايەتيەك، نەمانى كەسێك بۆ هەتا هەتايێ، كەمردى مەجالى تيانامينێ بەهيچ شێوەيەك داواى لێبوردنێك بكەى لەكەسێك تاوانى گەورەت بەرامبەركردبێ، تاكێك كە هەميشە بۆ ژيانێكى ڕەفاهـ زۆرترين پلان و بەرنامەى بۆ ژيان داناوە، تاكێك بەنيەتێكى ساف خۆشەويستيەكى پتەوى لەگەڵ پەروەردگار دروست كردووە، دڵى كەسى نەڕەنجاندووە، بەپاكى ژياوە، دەستى نەبردووە بۆ كون و قوژبنى خراپ، تەداخولى نێوانى كەس ناكات بەديوى نەرێنى، هەميشە دەيەوێ دەستى چاكەكارى درێژ بكات لە كاتى پێويست بۆ كەسانى خاوەن پێداويستى تايبەت و هەژار و خزمى لێقەوماو...

كەچى تۆى بەناو موسڵمان تەنها بۆ قسەوقسەڵۆك دروست كردن بەقسەيەكى هەڵپڕوكاو دڵــى ئەم تاكە باشانە دەشكێــنى، كە دەنووسرێ مردن لەگوێيەكانت نزكترە ئاگاداربە زەمى كەس مەكە، بوختان بۆ كەس هەڵمەبەستە، سيناريۆى درۆ هەڵمەبەستە، دەستى كەس مەبڕە، بەكەس مەڵــێ تۆ ناشرينى،

باڵات کورتە، تۆ ڕەشی، بۆ ئوتۆمبێلت نیە و هەست بەهەژاری بکات، مەلــێ فلان وای وت.

واتە تۆ نازانی کەی دەمری بۆیە هەر دڵ بریندار کردنێک، ئازاردانێک، شکاندنی دڵێک بۆتۆی مرۆڤ لەپای هیچ تاوان و گوناحە تەوقێکە لەملتەوە، کە مردی مەجاڵــی داوای لێبوردن نامینێ...

جاتکایە ئاگاداری دڵــی یەکتربن مردن زۆر نزیکە.

## خۆپاراستن پێویستە، ئەرکە

## نە(تاوانە)و(نەعەیبە)و نە(حەرامیشە)

سەرەتا بمبەخشن کە باس لەتەوەرێک دەکەم تایبەتمەندی و شارەزایی زانستی من نیە، بەڵکو بەپێی ئەو بەدواداچوون و ئەوخوێندنەوانەی بۆم کردووە بتوانم سوودێک بەتاکی خۆمان بگەییەنم، بەبێ گومان لەعێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەبواری تەندروستی تاک هۆشیاری تەندروستی لەوپەڕی لاوازی دایە، بگرە لە٧٠٪ یشی باوەڕی بە خۆپاراستن نییە،

لە دوو ساڵـی ڕابردوو بەهاتنی ڤایرۆسی کۆڕۆنا بۆ جیهان و ڕێژەیەکی زۆر لە مردن لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ڕاگەینرا، کەچی خەڵکێکی زۆر باوەڕی بە بوونی ئەم ڤایرۆسە هەر نەبوو لەکوردستان جا چۆن باوەڕی بەخۆپارێزی هەبێ.

سەرچاوەکانی گرتنی ئەم ڤایرۆسە یان تووش بوونی بەرکەوتنە بەبێ خۆپارێزی دەمامک و دەستکێش و تەعقیم کردن، جا بەرکەوتن لە دەوامی فەرمانگەکان، گردبوونەوەی خێزانی، عیادەو سەنتەرەکانی جوانکاری، سەرتاشخانەو ساڵۆنەکانی ژنان، نووسینگەکانی فرۆشتن ،یان گەشت و گەڕان...

ئەمانە هۆکارگەلێکن دەبێتە بڵاوبوونەوەی، سەرەتا وەک هەڵگرێک، دواتر پەخشکردنی هەڵگرەکە بەو هۆکارانەی باسمان

کرد، لەڕێگای هەڵگرەوە دەگوازرێتەوە بۆ بەرکەوتن، بۆیە خۆپاراستن بۆ زانیاری هەموو لایەک نەعەیبەو نەتاوانەو نەحەرامیشە، ئەگەر لە لایەنی ئایینەوەش سەیری ئەم بابەتە بکەین گوناحت دەگاتێ بەهۆی خۆنەپاراستن خەڵک لەتووە تووشی ئەم ڤایرۆسەوە بێت.

لەلایەکی تریشەوە دەتوانی چ لە ڕووی مرۆڤایەتی چ لەڕووی بنەماکانی ئاینەوەش بەخۆپارێزی وتەعقیمەوە وەفاو دەستی هاوکاری بۆ کەسی نەخۆشی تووش بوو درێژ بکەی بە بردنی چارەسەری کۆڕۆناو ژەمە خواردن بۆ کەسانی تووش بوو، بەمەرجێک لایەنی خۆپارێزی لەبەر چاوبگری و نزیک نەکەویەوە لە شوێنی حەوانەوەی تووش بوو، تا باوەڕمان بەخۆپارێزی بەهێز نەکەین دەبێ ڕۆژانە چاوەڕێی مردنی ئازیزان و تووش بوونی کەسە نزیکەکانمان بین.

خاڵی گرنگی برا دکتۆر و موقیم و کارمەندانی تەندروستی لەناو نەخۆشخانەو بنکە تەندروستیەکان کە بەڕێژەیەکی کەم لەم قۆناغە تووش دەبن. خۆپارێزی و جێبەجێکردنی هۆشیارییە تەندروستییەکانە .

## کەری ناوجۆگە

تا تەمەن باقی بێت و پەیوەندییە کۆمەڵایتیەکانت فراوان بێت و سەرەداوێکشت لە دامەزراوە حکومی و حزبیەکان هەبێ، هەندێ هەڵوێست ،هەندێ بۆچوون دەبیستی و دەبینیی بەڕاستی جێگای هەڵوەستە کردن و تێڕامان و بیرکردنەوەیە، لەوانەیە زۆر جار لێرەولەوێ کەسێکی فەقیرحاڵ چ لە ڕووی مێشک چ لە ڕووی مادییەوە هەژاربێت بەشان و باڵــی بەرپرسێک دا هەڵبڵێ بۆ ئەوەی کەم شتێکی بۆ سەرف بکات...

هەندێ جاریش زەرورییەتی پێداویستی مرۆڤەکان جا ڕووداوێکە یان کارەساتێکە وا لەمرۆڤ دەکات بکەوێتە بەردەرگای خوا پێداوێک یان بەرپرسێک، تا ئێرە ئاسایی یە زۆربەمان گوێ بیستی ئەم هەواڵانە بوینەو بۆمان شتێکی نامۆ نیە.

ئەوەی بۆتە جێگای شۆک بۆم کەسانێک لەڕووی تەمەن کامل، خاوەن بڕوانامە،. خاوەن پێگەو پلەی زیاد لەخۆی چ لە حکومەت چ لە حزب چ لە کەرتی تایبەتیش کە لە ڕووی ماددەشەوە خاوەن دەیان هەزار دۆلار و خاوەن ڤێلاو چەندین موڵکی تر کە هەمیشە زیاتری بۆ کراوەو سوودمەندی یەکەمی ئەم ئۆرگانەیە یان فەرمانگەیە، کەچی لە سەرەتاترین گۆڕانکاری یان نەمانی بەرپرسێک ئەوبەستە زمانانە (کێچ) دەکەوێتە کەوڵیان و بێ شەرمانە وەک (کەری ناوجۆگە) لەم بەری بۆ ئەم بەری کامە

گیای سەوزە دەیخوا و پشت لە (لەوەڕە) کۆنەکەدەکا چاو بۆ هی خاوێنترو سەوزتر دەگێڕێ لە قەراغ جۆگەکە...سەیرکەن ئەو (گوێدرێژانەی) لە ناو جۆگە دەلەوەڕێن هەمیشە تێرو پڕن و ڕەمبازی دەکەن و بەدەنگێکی بەرز

(دە زەڕن) ڕێک لەناو تیمی حکومەت و حزبیش کەسانێک هەن لێزانن لە ماستاو، خۆبردنە پێش، مامەحەمەیی، هیچ لەبەبارنەبوون لەڕووی ئەکادیمی و شارەزایی کەچی دەبێ ناوی لەناو ناوان بێت و لەگەڵ کابینەی تازەو تەکەتوڵی تازە ئەوەندە جوان خۆی نمایش دەکاو دەردەخا هەر ئەم کەسەی پێشوو نەبووە، جاهیوادارم ئەم کەسانە لە پێگەو دامەزراوەکان دووربخرێنەوەو بایەخیان پێ نەدرێ...

# ڕاوێــــژ

هەر هەنگاوێک، هەر پڕۆژەیەک، بیرکردنەوەیەک بەئاراستەی خزمەتێکی گشتی بێت کەسی یەکەم تاک لایەنە بڕیاری لێ بدات، بێ گومان ئەم پرۆژەیە یان ئەم هەنگاوە بە کلّچوو کالّی لەدایک دەبێ، وەلێ هەموو ئەو ئاراستە (کارانە) ی لە پێشەوە تیشکمان خستەسەر بەڕاوێژ بێت سەرکەوتنت نزیکەو دەگەیتە ئامانجی ڕوون. دوور لەسیاسەت و دوور لە حکومڕانیش ئەگەر باسی گەشتێکی خێزانیش بکەین کە ئێستا کەش و هەوا گەرمە خەلّک ڕوو لەو سەیرانگایانە دەکەن کوێستانین، دەبینین ئەو خێزانانەی بەبەرنامەو پلان (ڕاوێژ) یان کردووە هاتوونەتە گەشت کەیف و سەیف و شوێنی گەشتیان دیاری کردووە پلانەکەیان زۆر سەرکەوتوو بووە، چا بۆحزب بۆ ڕێکخراوێک، بۆ فەرمانگەیەک، بۆ ئەنجومەنێکی حزبی یان ڕێکخراوێکی مەدەنی دەبێ ڕاوێژ بکرێتە سەرەکیترین بنەما بۆ گەیشتن بە بەرنامەو پلانی کار... لادان لە ڕاوێژ کردن، لادانە لەهەموو ئەو بنەمایانەی ڕێکخراوی لەسەر دامەزراوە، بەڕای من ڕاوێژ کردن لەزۆر قۆناغ شوێنی چەند دەستەواژەیەک دەگرێتەوە، ڕێزگرتن، نەهێشتنی گلەیی، گەیشتن بە ئامانج، پێشکەوتن لە کار، خۆشەویستی، هەر بۆیە زۆر جار پەنا دەبرێتە بەر لیژنە دروست کردن، ئەگەر نیەتی کاری دروست هەبێ لەم ستافە، لەم ئەنجومەنە، لەم ڕێکخراوە، لەم فەرمانگەیە زۆر جار پەنا نابردرێتە بەر لیژنە دروستکردن،

بەڵام لەوێش نیەتەکە بەئاراستەی خزمەتی گشتی و گەڕانەوە بۆ بنەما دروستەکان نەبێ و سەرۆک لیژنە ڕێز لە ڕاوێژ نەگرێ لیژنەکە بەرهەمی نابێ... جا گرنگە بۆ دەسەڵاتی بەناو کوردی بگەڕێنەوە بۆ ڕاوێژ کردن، بۆ گەیشتن بە پێدانی سەرەتاکانی مافی مرۆڤ، مافی فەرمانبەر، بوونی یاسا، گەڕانەوەی هەیبەت بۆ کەرتی پەروەردەو تەندروستی.

هیواو خۆزگەکان لەم بەناو هەرێمە ئەوەندە زۆر بوون بەنووسین تەواو نابێ...

## بازاڕی دز لە شێواوییە

دەمەوێ بیرنەکەمەوە لەو هەموو نەهامەتیەو قوربەسەریەی ئەو (٣٠) ساڵەی کورد، بەسەری هاتووە، کارەسات لەوەیە ئەوەندەی خۆمان بەخۆمان کردیە باوەڕناکەم ڕژێم ئەوەندەی پێ کردبین بەتایبەتی ڕژێم نە پەروەردەو نە کەرتی تەندروستی و نە لایەنە کۆمەڵایەتیەکەی ئەوها وێران نە کردبووین.

بەڵکو کارەبا، ئاو، ڕێگاوبان، کێشەی نەبوو، تەنانەت دزی کردنیش لێرەو لەوێ زۆر دەگمەن بوو، کەچی ئێستا دزەکانمان ڕۆژێک بازار دەشێوێنن بەهێنانی کەمی بەنزین، ڕۆژێک غاز دەبێتە فەوزاو بڕێک پارەی دەخەنە سەر بۆ؟ فڵانە نابەرپرس کۆمپانیایەکەی لەتەندەربۆ دەرچووە،، هەموو بەین و بەرەکە لەنێوان چەند کەسێکی دەست ڕۆیشتووە، سەیرەکە لەوەدایە خۆیان بازاڕ دەشێوێنن هەرخۆشیان بۆماوەیەک هێوری دەکەنەوە باجەکەی هاوڵاتی هەژار دەیداتەوە، بەگران بوونی بەنزین و غازو کرێی کارەبای نیشتمانیی و کرێی کارەبای مۆلیدە..هتد.... حکومەتێکی سەیرو سەمەرەیە هەست دەکەم حکومەت بزنەو نانی شوان دەخوا.

لەهەموو دونیا حکومەت کارئاسانی بۆ هاوڵاتیانی دەکات، هەڵی کار دەدۆزێتەوە، شوێنە گەشتیاریەکان دەڕازێنتەوە و بەبازار دەکات تا خۆشگوزەرانی بۆ میلەتەکەی بێنێتە دی، بەپێچەوانەوە لەم بەناو هەرێمە (باج، کامێرای چاودێری، پارەی ڕێگاوبان)

دەیان ڕێکاری تر لەپێناو پارە وەرگرتنە نەک بۆ داهاتی وەزارەتی دارایی بگرە زۆرینەی ئەو بازگانەی گومرگ و داهاتیان هەیە دابەشی سەر ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کوڕی بەرپرسە بالاکان کراوە.

هەربۆیە لێ ناگەڕێن ئەم میللەتە پشووەک بدات هەمیشە ئارەزوویانە پشێوی بنێنەوە تا دزیەکانیان لە پشتی شێواویەوە ون بکەن ...

ئەم میللەتە لەوپەڕی بێزاریە ئەوەندە دەڵـێم هەر ئەمڕۆ سەرۆکێک بەهەڵە داوان وڵاتی جێهێشت پارەو سامان و داهاتەکانی بەرگریان بۆ پێ نەکرا...

## نەخۆشخانە نە پارکە نە سەیرانگا...

بێ گومان نەخۆشخانە شوێنی مانەوەی نەخۆشە بۆ وەرگرتنی چارەسەر لەلایەک و لەلایەکی تر بۆ پشوودانیەتی..
وە چاودێری پزیشک بەسەر نەخۆش ئەرکێکی تری نەخۆشخانەیە، لەلایەکی تر نەخۆشخانە شوێنی پشکنین و دۆزینەوەی ئەو ڤایرۆسانەیە بەزۆر هۆکار لە جەستەی مرۆڤەکان نیشانەکانی دەردەکەون...
لەڕاستیدا من نامەوێ پێناسەی کاری نەخۆشخانە و ئەرکەکانی بکەم، وەلێ ئەمە لەتایبەتمەندی من نیە، بەڵکو ئەوەی منی نیگەران کردووە، ئەو دیاردە قێزەون و دووبارە بوونەوەی سەدەیەکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بۆتە قورسایی لەسەر نەخۆشخانەو بەردەست گرتنی برا پزیشکەکان و کارمەندانی تەندروستیە لە خودی نەخۆشخانەکان...
ئەم نەریتە کۆمەڵایەتیە سواوەی هەمیشە بۆنەخۆش بۆتە جێگای هەراسان بوون و بێزاربوون، ئەوانەن بەتاک و بە گرووپ سەردانی نەخۆش دەکەن، بێ ڕەچاو کردنی لایەنی دەروونی نەخۆش و قەرەباڵغ کردنی ناو نەخۆشخانەکان و بێزارکردنی تەنانەت پرسگەی نەخۆشخانەکان...
جگە لە دیاردەیەکی تەقلیدی و بێ بایەخ لەڕووی سوودگەیاندن بەنەخۆش و پیس بوونی ژینگەی نەخۆشخانەکان و سەرقاڵکردنی کەس وکاری نەخۆش هیچ سوودێکی تری نیە...

ئێستا خاوەن نەخۆش لەترسی لۆمەی خەڵک وای لێهاتووە لە ڕوکنێکی نەخۆشخانە یان لاچەپێک شوێنێک ئامادە دەکات بۆ پێشوازی میوانان لەوێ شیرینی و ئاو و چا پێشکەشی میوان دەکرێ و ناوە ناوە گروپێک خۆی بە ژووری نەخۆش دادەکات و سەدوو یەک بابەتی گەرم و هەنوکەیی دێتە باس و خواس...
ئومێد دەکەم هەرکەس لەلای خۆییەوە ئەمجۆرە سەردانانە نەکات، بەڵکو لەجیاتی سەردان بەتەلەفۆن لەهەواڵی نەخۆشەکە بپرسێ...

## ئێستاش درەنگ نیە...

بەبێ گومان پەرتووک خۆراکی مێشکە، ئەوانەی ڕەوانن لە دەربڕین و ڕیزکردنی وشە گەلێک بێ گومان سەرچاوەکەی پەرتووکە، لەلایەکی تریش بەپێی ئەزموونی ژیان کە دەری خستووە باشترین هاوڕێش پەرتووکە، تۆی تاک لەمرۆڤ زویر دەبی، جاروایە دونیایەک کێشەو ئاریشەت بۆ دروست دەبێ، تۆی تاک لە خواردنێک نیگەرانی زۆرجار لەبەرچاوت دەکەوێ، تۆی تاک لە لێخوڕینی هەندێ ئۆتۆمبێل بێزاری پشتگوێی دەخەی، نمونە گەلێک هەن پێویست ناکات قسەیان لەسەر بکەین...

کەچی تاکە شت پەرتووکە لێت زوویرنابی ،ئەگەر هەندێ کاتیش بێ تاقەت بی لێی خۆت هەوڵی ئاشت بوونەوەی دەدەی و دەستی بۆ درێژ دەکەی، ئەوەی دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم کە دەڵێم (ئێستاش درەنگ نیە) دروست کردنی پەرتووک خانەیەکە ئەگەر بچووکیش بێت، بوونی کتێبخانە لەماڵ وەک خوێندنگایەکە لەئایندەیەکی نزیک هەست دەکەی ئەدای خێزان و منداڵەکانت جیاوازن لەگەڵ ماڵێکی تر پەرتوکخانەی تێدا نەبێ.

لەسەر دایک و باوک پێویستە هانی منداڵەکانیان بدەن لەتەمەنی (١٠) ساڵیەوە دەست بۆ گۆڤاری منداڵان ببەن چیرۆکی منداڵان بخوێنەوە، خانەیەک لە پەرتووکخانەی ماڵەوە تەرخان بکەن تا هەست بەبوونی خۆی بکات، بوونی کتێبخانە بەتایبەت

کاریگەری لەسەر منداڵ بۆ زانیاری گشتی و بەهێز بوونی خوێندنەوە لەقوتابخانەو نووسینی دارشتن و بەرچاو ڕوونی لە وانە ئەدەبیەکان زۆر کاریگەری ئەرێنی دەبێ.... لەلایەکی تر پەرتووکخانە لەماڵ شێوازی ئەداو دوورکەوتنەوە لەزمانی (زبر) خاڵێکی تری ئیجابیە بۆ منداڵ و خانەوادە بەگشتی. بەپێی بەدواداچوونێکی بەندە بۆ ئەوانەی کتێبخانەیان هەیە و باوک و دایکیان لێرەو لەوێ بەشداری کۆڕو سیمنارو دیبەیتەکان دەکەن چ لە قوتابخانە چ لە ناو هاوڕێکانیان لە بیرکردنەوە، لە ئەدای دەربڕین، چ لە پۆشینی ئەتەکێتی جلوبەرگ، چ لە وەفاو ڕاستگۆییان زۆر جیاوازن..... بۆیە دەڵێم ئێستاش درەنگ نیە هەوڵ بدەن پەرتووکخانە لەماڵەکانتان بوونی هەبێ...

## بڕوانامە

لە ساڵانی حەفتاو هەشتاکانی ڕابردوو ئەوانەی خوێندنیان تەواو دەکرد لەئەوێ ڕۆژێ، بڕوانامەکان زۆرتر ئامادەییە پیشیەکان یان دبلۆم بوو نەک بەکالۆریۆس و دکتۆراو گەیشتن بە پلەی پڕۆفیسۆر، بەچاوێکی شایستەترو جیاوازتر سەیر دەکران و بە کەسێکی کامڵ و تێگەیشتوو لەکۆڕو مەجلیسەکان تەنانەت شوێنیان بۆ دەکرایەوە، بڕوانامە لەئەوێ ڕۆژێ هەیبەت و تێگەیشتنێکی ئەوتۆی بۆ دەکرا، کە بەمانای وشە پێ دەوترا ناوبراو خوێندەوارە، بەدەست هێنانی بڕوانامە ئەوکات وا ئاسان نەبوو لەهەموو عێراق یەک ڕێنمایی و یەک بڕیار کاری پێ دەکرا، ئەم بڕیارە کەس نەبوو بۆ بەرژەوەندی گروپێک یان شارێک بەلاڕێدا ببا، ئەوەی دەمەوێ تیشکی بخەمە سەر لە ئێستا لە زۆر شوێنی ئەم کوردستانە ماستەری هەیە و بەرپرسیاریەتی فەرمانگەیەک، ئۆرگانێک، ڕێکخراوێکی لە ئەستۆیە کەچی بۆتە داشی دامەی نەخوێندەوارێک. دکتورای هەیە، خاوەن ئەزمونێکی دوورودرێژە کەوتۆتە ژێر کاریگەری نەخوێندەوارێک، پڕۆفیسۆرە کەچی بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕێنمایی کارگێڕی واژۆ دەکات بەس لەبەر ئەوەی خاوەن داواکاری لایەنگری گروپەکەی ئەوە، زۆرێک لەوانەی خاوەن بڕوانامەی دکتۆران لەو هەرێمەی ئێمە تەنها لەسەر کاغەز بۆتە خاوەن بڕوانامە کەچی لەمەیدانی کار بیرکردنەوەی زۆر سەقەت ترە لە

کەسێکی نەخوێندەوار، کارەساتە کەسانی خاوەن بڕوانامەی بەرز بیرکردنەوەی بەوئاقارە بێت سپی و ڕەش جیاوازی پێ نەکات، نەبادا لە پۆستەکەی لای ببەن، مراوەغە بەکات بکات و نەتوانی بەردێک لەبناغەی پڕۆژەیەک دابنێ کەچی داوای مانەوەی لە پۆست وپایەکەی بکات...بۆیە بڕوانامەی دوای ڕاپەڕین نالێم هەموو بەڵکو زۆرێک لەوانەی پۆست و ئۆرگانیان پێ وەرگرتووە ئەوانەن هۆکاری گەندەڵی و پاش خستنی ئەو دەست کەوتانەی ڕاپەڕین خەونی پێوە دەبینی.. وای لێهاتووە کەسانی بە ئەزموونی دڵسۆز لێرەو لەوێ کە بڕوانامەیەکی ئەوتۆشیان نیە خاوەن بڕیارن و لە لەکەدارکردنی کەسایەتی خۆیان دەترسن بەهۆی دڵسۆزی و بەدواداچونی جدی لەکاروبارەکانیان شایستەتر دەردەچن چونکە خاوەن ڕای خۆیانن. بەهیوام لەمەودوا بۆ وەرگرتنی پۆست و پایە بۆ زۆر ئۆرگان تەنها بڕوانامە پێوەرنەبێ...

## فرسەت حیز...

ڕەوڕەوی ژیان پڕە لە ئەدای جوان، لە نواندی خۆشەویستی، بوون بەکارەکتەری بەها جوانەکانی وەفاداری، ڕایەڵەی هاوکاری بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی، گەیشتن بە کەناری ئارام لەڕێگای هەوڵ و کۆششەکانت بەئاراستەی هێزو بازووی عەقلانی و بیرکردنەوەی مەنتق لەبواری بازرگانی سپی، هێنانەدی خواستەکانت بەڕێگاو ڕەچاوکردنی بنەماکانی ژیان. خۆش گوزەرانی و ژیان دۆستی لەسەر دەستی تاکەکان دێتە بەرهەم بەپێوەری نیەت پاکی و خزمەت کردنی تاک هەریەکەمان لە کەرتێک و توێژێک و دۆسیەکی جیاواز، لەبنەماکانی خۆش گوزەرانی تاک نەهاتووە خۆشبەختی خۆم لەسەر خۆش بەختی تۆ بونیاد بنێم و بەهۆی پێگەو مقامم ڕێز لە خواستەکانی تۆ نەگرم...

لەوانەیە لە ئەدەبیاتی کوردی لە زمانی نووسین ئەو مانشێتەی من نامۆ بێت، بەڵام زۆر بیرم کردەوە وشەیەکم دەست نەکەوت لە بەدیلی ئەو، لێرەو لەوێ دەبینین، دەبیستین فڵانە کەس ئەوەندە ساڵە هاوڕێن کەچی خیانەتی لێ کردوەو کوشتوویەتی، لە فڵانە فەرمانگە بەڕێوەبەرەکە هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەی لەفڵانە فەرمانبەری خۆی کردووە...

فڵانە برادەر لەسەرمێزی خواردنەوە دەنگی هاوڕێ کەی تۆمار کردووە لە هەڵوێستێک لە دژی بەکارهێناوەتەوە.، ئەمانەو

سەدان بەڵگەی ترلەناو هاورێ و خزم و ڕێکخراوەکان بووەتە دیاردەیەکی زۆر ناشازو نامۆ لە کوردستان سەری هەڵداوەو هەڕەشەیە لەسەر کۆمەڵگا هەموو ئەو دیاردە نامۆو دوور لە ئەدای مرۆڤ تاکی فرسەت حیز خاوەنیەتی.

خۆشوکر حکومەتیش نیە تا پێشنیار یان داوای لێ بکەی بەقانوون ئەم هەڕەشانەی وێنەو دەنگ و گەندەڵییەی بۆتە مەترسی لەسەر کۆی کوردستانیان بەیاسا ڕێگری لێ بکرێت.

خۆزۆرجاریش ئەسڵ و ئەساسی نیە یان فۆتۆشۆپە یان بەرنامەی دەستکاریە لەکۆتادا خەڵکی سڤیل دەبنە قوربانی...

## کات...

لەدوای ڕاپەڕین لێرەو لەوێ ئەوانەی لە هەندەران دەهاتنەوە، باسیان لە سەرقاڵبوون و بێ کاتی دەکرد، باسیان لەگرنگی کات و باسیان لە دانانی نەخشە ڕێگای ژیان و بەرنامەی کورت خەیان دەکرد، بۆنمونە پلانی وەرزی بۆ کار، خوێندن، گەشت و سەیران، بەدیهێنانی خواست و خولیاکانی منداڵ...

هەموو ئەو بەرنامانە لە ڕێگای کات دابەش کردنەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردن.. ئەگەر بتەوێ کەسێکی سەرکەوتوو، خانەوادەیەکی بەرهەم هێن، تاکێکی ئاسوودە بژی، دەبێ بەبایەخەوە بڕوانیە کات، لەوانەیە زۆر هەل لە بەردەمت دووبارە بێتەوە بەڵام کات گەوهەرێکی بایەخ دارو پڕ بەهایە دووبارە بوونەوەی نییە.... بۆیە تۆی تاک، منی تاک بۆ ئەوەی لە ڕێڕەوی ژیان دوانەکەوین پێویستە شەوان بەرنامەی کاری ڕۆژانەمان دیاری بکەین تا مێژوو نەی کردووینتە پەندی ژیان...

دەمەوێ بڵێم لەئێستادا تاکی کورد بەزۆرینەی ئەوەی لای گرنگ نەبێ کاتە ئەمەش هۆکارگەلێکە حوکمڕانی و لایەنە سیاسیەکان لێ بەرپرسن، گرنگی بەکات خواست و ویستەکانت دەگاتە تروپکی زانست و بەئەکادیمی بوون ..ئەگەر فلاش باکێک بۆ خوێندکارانی شەشەمی ئامادەیی بەنمونە وەربگرین ئەوانەی نمرەی ١٠٠و کەمترلە ١٠٠ یان هێناوە زۆربەیان بەشێوازی کات دابەشکردن توانییانە بگەنە ئاستی مەبەست..... بۆیە

هەرهەنگاوێک لەماڵەوە بەرەو ئاراستەی پێکەوەی بوون و ڕەچاوی کات بۆ هەر تاکێک بزانە ئامانج ڕوونە...
لێرەدا پاش ۳۰ ساڵ تێگەیشتووین ئەوێ ڕۆژێ کە دەیان گوت کورد گرنگی بە کات نادات ڕێک هاتۆتە بوون.. داواکارم لەدایک وباوکان لەمنداڵیەوە فێری ئەوەیان بکەن گرنگی بەکات بدەن.
کات گەوهەرێکە، ئاوە، خۆراکە بەڵام دەبێ بەرنامە وپلانی باشمان هەبێ بۆ تێگەیشتن لەکات...

## خنس بەچە

ئەم وشەیە دەمێک ساڵە لەمێشکم سەیڤ بووە ،وەلــێ نازانم سەرچاوەکەی لەکوێ هاتووە، کام نەتەوە خاوەنداریەتی دەکات، ئەوەی من تێیگەیشتووم بەدیلەکەی (چاوچنۆک) یان (ڕەزیل) یان (پیسکە) یە، لە ئێستادا و لەو هەرێمەی ئێمەدا کەسانێک هاتوونە پێشەوە باهۆزی ڕاپەرین ئەوانی کردۆتە ژمارە، لە بنەڕەتدا هیچ لەبار نەبوون، خاوەنی مادەو کەسایەتی و تەنانەت کورد پەروەریش نەبوون و لایەنگری رژێمی لەناوچوو بوون.

خۆزۆر لەوانەی بەناولەشاخ بوون یان ئاودیوی وڵاتی هاوسێ بوون، خەریکی سێو ڕنین و پاسەوانی باغی (فارس) بوون، کەچی ئێستا بوونەتە خاوەنی کۆمپانیاو نەوت وهەموو شتێک، ئەوانەی خنس بەچەن هەموو مەرجەکانی کۆیلایەتی لە هزرو جەستەیان بوونی هەیەو وە خاوەنی ڕای خۆیان نین، کەچی سەرکارن لە کۆمپانیاو پرۆژەکانی بەرپرسان لەگەڵ ئەوەش چاوچنۆک و ڕەزیلن تەگەرە لەبەردەم زۆر کار بۆ هەژارو نەدارەکان دروست دەکەن ...

چاوچنۆکەکان هەرگیز ڕازی نین بەبەشی خودا بۆیە دەست بۆ قووتی خەڵکی سڤیل دەبەن و دەبنە مایەی نان بڕینی هاوڵاتی داماو، خنس بەچەکان باوەڕیان بەخۆشگوزەرانی و گەشت و گوزارنیە تەنانەت بۆخۆیان تا بیر لەخۆشی خەڵکی تر بکەنەوە.

ڕەزیلەکان هەمیشە بیر لە کۆکردنەوەی پارە دەکەنەوە نەک بیر لە خۆشی ژیانیان ...

لەکۆتایی چەمکی خنس بەچە ڕێک بەسەر بەرپرسانی ئەم هەرێمەی ئێمە دەچەسپێ، دەکرێ حەزی لە پارە کۆکردنەوەیە نەک خۆش گوزەرانی میللەتەکەی، حەزی بە گۆشەگیری هاوڵاتیانە نەک کرانەوەی گۆشەکانی ژیان بەڕووی خەڵک، بەهیوام چاوچنۆکەکان چاویان لە قووتی خەڵک نەبێ...

## لەبنەماکانی ئەتەکێت

## سەردان بۆ خواردنگە و شوێنەگەشتیارییەکان بەنمونە

بێگومان لە کوردستان وەرزەکانی بەهار و هاوین ئەم دوو وەرزەن کە زۆرترین هاوڵاتی ڕووله دەشت و کوێستانەکانی کوردستان دەکەن هەم لەبەهار بەهۆی سروشتی سەوزی کوردستان و کەش و هەوا لەبارەکەی، هەم لەوەرزی هاوین بە هۆی شەپۆلی گەرماوە لەهەموو شوێنە گەرمەکان هاوڵاتیان ڕوو لە شوێنە گەشتیاریەکانی کوردستان دەکەن.

جا ئەوەی لام گرنگ بوو لەبنەماکانی ئەتەکێت بۆ گەشتیاران تیشکی بخەمە سەر ئەوەیە زۆر جار لێرەو لەوێ گەشتیار ڕێز لە بەرامبەرەکەی ناگرێ کە خۆی چەندین کیلۆمەتری بڕیوە بە ئۆتۆمبێل تا گە شتێکی ئارام بکات کەچی بەدەنگی بەرز و هاوار کردن و لێدانی گۆرانی بە ئامێری (دی جەی) کەسانی دەوروبەری بێزار دەکات، لە بێ ئاگایی دایک و باوک، منداڵەکان فەوزا دروست دەکەن دەبنە مایەی بێزاری گەشتیاری تر ...

جێبەجێکردنی بنەماکانی ئەتەکێت بەتایبەت لە شوێنە گەشتیارییەکان دروست بوونی (ئارامیە، پشوودانە، هەست کردنە بە خۆشەویستی لەلایەن بەرامبەرەکەت، ژینگە پارێزییە، گیانی هاوکاریە) لەهەفتەی ڕابردوو سەردانی خواردنگەیەکم کرد لەشەقڵاوە لەگەڵ خزمێک، وێڕای ئەوەی خواردنگەکە داخراو بوو لەڕووی سەقفەوە کە دووکەڵێکی زۆر لەژورەوە

گیری خواردبوو، هۆسەو فەوزایەکی زۆر هەبوو لە ڕووی دەنگ و قسەکردنەوە کە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوەش دیاردەیەکی ناشارستانی و ناشازە... نەمان توانی دانیشین و نانێک بخۆین... نان خواردن لە خواردنگەکانی شوێنە گەشتیاریەکان لەلایەن گەشتیارەوە دەبێ ڕەچاوی چۆنیەتی دانیشتن و شێوازی قسەکردن و هەندێ هەڵسوکەوت و جوڵەی دەست و چاو کە دەبێتە مایەی نیگەرانی نەیکەین و بیر لە جوڵەی نا شاز نەکەینەوە...

لەکۆتایی ئەوەی تێبینیم کردووە زۆرێک لەگەشتیاران بایەخ بەپاک کردنەوەی زبل و خاشاکیان نادەن دواتر دەبێتە زبڵدان...

## نامەی ناو شقاتەی دوێنێی و نامەی ئەلکترۆنی لە ئەمڕۆدا

هەندێ یادگاری و بیرەوەری لەهزرم دا بوونەتە ئاهێک لەسینەمدا ناسرێنەوە، لەئەوێ ڕۆژێدا سادەیی مرۆڤەکان، ڕاستگۆیی تاکەکان ژیانیان زۆر لاشیرین کردبووین، دڵەکان بەرامبەر بەیەک پاک بوون، دراوسێ یەکان کە گەشتیان دەکرد کلیلەکان لای یەکێک لە جیرانەکانی جێ دەهێشت، بەیانیان کەدایکەکان نانی تیری و (ئەستوک)یان دەکرد هەربەگەرمی بۆ یەک دوو جیرانیان دەبرد.... بەیانیانی شار پڕ پڕ دەبوو لەبانگی یاڵاخەیار بەسماق، پاقڵاوەی درێژ، شەکەرات، شەعربەنات... ئەمانەو چەندین عەرەبانەی مۆتەوئەزبەری و سەوزەو میوە بەکۆڵانەکانی شار دەهاتن دەڕۆیشتن، شایی و هەڵپەرکێ یەکان تام و چێژێکی تایبەتی هەبوو، هەرچەندە لەڕووی جلوبەرگ وەک پێویست نەبووین بەڵام دڵەکان لەناخەوە ئاسوودەبوون.. دانیشتنی شەوانەی بەردەرگاو گفتوگۆی کۆمەڵایەتیەکان هەربۆخۆی وانە و پەندبوون دەتوانم بڵێم سەردەمی ئاڵتونی بوو، بۆ ڕێزگرتن بەرامبەر گەورەکان، هاوکاری و هەرەوەزی بۆ خەڵکانی هەژارو لێ قەوماوان، چەند نەریتێکی جوان بوو بچووکەکان پێش گەورەنەدەکەوتن، خوێندن بۆ منالی دەولەمەندو هەژارەکان وەک یەک وابوون...

خۆشەویستی نێوان کچ وکوڕەکان زۆرجیاواز بوو، جیاواز لە تێرامان، جیاواز لە بەرکەوتن، جیاواز لە نووسینی نامەکان و

قەدر گرتن و بایەخ پێدان، هەڵگرتنی ئەو نامانەی کە لەناو بەرگی شقاتە دەنران و خۆ زۆر جاریش لێدانی بۆنێکی خۆش بۆماوەی یەک مانگ ئەم بۆنە دەبووە یادگاریەک دڵت پێ ئاسوودە دەبوو، خۆزۆرجاریش نامەکان نوشتە ئامێز بوون، واتە بەشێوەی نووشتە دەپێچرایەوە، چەندین جار دەتخوێندەوە ئەونامەیە جار لەدوای جار زیندوو تربوو، زۆرجار لەسەرەوە دەنووسرا لەمنەوە بۆتۆی پەری، یان لەمنەوە بۆ ئەوکەسەی خۆشم دەوێ، بەراورد لەگەڵ ئەونامانەی ئێستایی ئەلکترۆنی کە هیچ تام و چێژێک و زیندوویی پێوە دیار نیە... نامەی ئەلکترۆنی زۆر بێ گیانە، جیاواز لەنامەکانی پێشوو، نامەی ئەلکترۆنی ئەوهەست و گیان و بۆن و بەرامەی نیە... نامەی ئێستا زۆربەی (کۆپی) ین و بەتایبەت نانووسرێن بەڵکو کەسێکی تر نووسیویەتی نابێتە هەستێکی دڵخۆش کەر بۆ کەسێکی تر...

هیوادارین ڕێزو وەفاو خۆشەویستی نێو کۆمەڵگا بە دیدو تێڕوانینێکی جوان بگەڕێتەوە، با لەمەودوا دارا دوو دار ببینێ، زاراو ئازاد پێکەوە سێو لێ بکەنەوە، شیرین و فەرهاد عاشق ببنەوە. هەولێر ببێتەوە شاری پێکەوە ژیان و چیتر خاکەکەی هەرزان فرۆش نەکرێ...

## تاكى كوردو سياسەت...

لە چوارچێوەی کایەکانی ژیان بۆ ڕێکردنی خۆشگوزەرانی و دۆزینەوەی تایبەتمەندیت لەکار بۆ دابەش بوونی تاکەکان بەسەر ئەو پیشانەی خود ئارەزوویەتی یان ڕۆژگار چانسی کاری بۆ دەست نیشان کردووە یاخود هەوڵەکانی ویستویەتی بیگەینێتە ئەو مەبەستەی بژێوی ژیانی خۆی و خانەوادەکەی پێ مەیسەر بکات، جگە لەو وڵاتانەی کوردی لێ نیشتەجێ کراوە باقی تری وڵاتانی جیهان هاوڵاتیانی خەریکی جێبەجێکردنی پڕۆژەو کارو پیشەکانی خۆیانن ... ژمارەیەکی کەم لەوانەی خەریکی سیاسەتن لە پێگەی سەرەوەن ئەگینا ئەوانی تر لەوەزیفەدان و بەهۆی ئەندام بوونیان لە حزبێک تەنسیب ناکرێن، خانووی دەوڵەت داگیرناکەن، ژمارەی (ئۆتۆمبێل)یان بە دیاری پێ نادرێ. خۆ سەفەرو گەشتیان پێ ناکرێ لەسەر قووتی هاوڵاتیان، مەرزەکانی سنوریان بەسەر مەکتەبی سیاسیەکانیان تەخشان و پەخشانی پێ ناکرێ، مەرسوومی سەربازیان بەمیزاجی فلان کاک و فلان بنەماڵە نیە، دامەزراندن تەنها بۆ دەرچووانی حزبی براوە نیە، دەست بردن بۆ مووچەی فەرمانبەرەکانیان هێڵی سوورە، دیاردەی چەکداری و جامڕەش، ئۆتۆمبێلی بێژمارە بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆی حزبەکان نیە... تەنانەت دەستێوەردان لەیاساو دادگاکان بۆ سەرۆکی وڵاتیش بڤەیە، لەوێ لەئێستادا لە دۆخی کۆڕۆنادا و لەکاتی دەوام دا

لەسەرماچێک وەزیرێک دەستی لەکار کێشایەوە، کاکی وەزیر لەسەر ئەو ماچە حزبەکەی تووشی شەرمەزاری کرد، قسەیەکی زۆر هەیە لەهەڵبژاردن ڕێژەی دەنگدانیان بێتە خوارەوە ...کەواتە ئەوەی مەبەستمە بڵـێم و تووشی شۆک بوومە، دەچیە بەشی ناوخۆی خوێندکاران ئەوەی باس نەکرێ پرۆسەی خوێندنە!! دەچیە مەیدانی حەیوانان ئەوەی باس نەکرێ هێنانی گۆشتی سوری و گۆشتی (هندی وسوری) گرانی عەلەف و کوشتاری لاکۆلانەکانە، دەچیە گوند ئەوەی باس نەکرێ پرۆژەی چاندنی پەتاتە و پیازو فەلاحەتیە بەگشتی ...بەڵکو باس باسی سیاسەت و حزبایەتی و ملشکاندنی ئەم و ئەوە، گەیشتمە ئەو ڕایەی ئێستا لەو کوردستانەی پێنج پارێزگایەی هەیە هاولاتیانی لەسەرووی ٨٥ %سیاسەت دەکەن و بەدوای سیاسەتەوەن و لە بوارەکەی خۆی هەنگاو نانێن... لە هەمان کات دا بەناو سیاسیەکانمان خەریکی بازرگانین و سیاسەت ناکەن، کاتی ئەوە هاتووە هەنگاو بۆ پیشەو وەزیفەو کاروکاسبیەکانمان بنێین چیتر کارێک پەیوەندی بە خۆتەوە نەبوو سەری خۆتی پێ نەیەشێنی. ..

## هەرژنە پیاو دەکاتە سەروەر،

## بمبەخشن هەر ژنیشە پیاو دەکاتە ژێر دەستەو شەرمەزار..

ئەو پیاوە شەهم و سەرکردانەی لە وڵاتانی پێشکەوتوو سەرکردایەتی وڵاتەکانیان دەکەن، بوونەتە نمونەی فەراهم بوونی ئازادی و دیموکراسی و خۆشەویستی بێ گومان پەروەردەکەیان ژن بووە، گەورە داهێنەرو زاناکانی جیهان ژن بەخێوی کردوون، هەزارانی وەکو ئەدیسۆن و شکسبیرو قوبادی جەلی زادەو میسی پەروەردەی دەستی ژنن، کەواتە ژنی ئاست بەرزو ڕۆشنبیر دەتوانێ بۆ مەیسەرکردنی ژیانێکی لێوان لێو لە خۆشبەختی بەرپا بکات، هەرگیز وا لەپیاو بکات سەیری پەنجەرەیەکی ترنەکات... بۆیە ئەوپیاوانەی چارەنووسیان بەندە بەژنی ژنۆکە هەمیشە دڵتەنگی و پەشێوی لەدەرگای ڕۆژگاریان دەدا، ئەوژنانەی مەرجی ژن بوونیان تیا نیە، هەمیشە بەدوای کەم و کوری پیاوەکەی، ماڵی خەسوی، ماڵی خزمی پیاوەکەی دەگەڕێ، تا لەو بازنەیە وە هێرش بۆ سەر هاوسەرەکەی بکات. ژنی باش گەوهەرێکە بەهیچ پێوەرێک پێوەر ناکرێ و هەمیشە پیاوەکەی بەگەنجی دەمینێتەوە، لەکۆڕ و مەجلیسان قسەی لەتێری دێت و ڕای جوانیشی لەسەر ژن هەیە، لێرەدا دەتوانین بڵێین ژن کارەکتەرێکی دیاری نێو یاریگای ژیانە بەهەردوو دیوی ئەرێنی و نەرێنی...

دەمێکە لەکوردەواریش وتویانە چەپڵە بەدەستێک لێ نادرێ کەواتە هەندێ مەرجی ئەرێنیش لە پیاو بۆ ژنی باش ڕۆڵـی ژن بەرزو جوان خۆی زیاتر نمایش دەکات. ڕێزگرتنی پیاویش لەژن خانەوادەی تەندروست و ڕۆشنبیر بەرهەم دێنێ ...

بەهیواین بە لێک تێگەیشتن و گفتوگۆی مەنتقیانە لەنێوان هەردوو ڕەگەز نەخشە ڕێگایەکی جوان بۆ ژیانێکی خۆشگوزەران هەنگاوەکانمان بەدروستی بنێین...

## گا قۆران

هەندێ کێشە لە کایەکانی ژیانی مرۆڤ بەتایبەتی لەناو کورد، دەبێتە مایەی نیگەرانی و دروستبوونی ئاریشەیەک ئەگەر مرۆڤەکان بەعەقڵی مەنتق بیر لەچارەسەر نەکەنەوە، گفتوگۆ نەکەنە بنەمای دانیشتنەکان، ڕێز لە ڕای یەکتر نەگیرێ، ئەوا لێرەولەوێ دەستێوەردان، هاندانی نامەنتق، قسەو باسی ئەم و ئەوی بێ بنەما دێنە سەر مێزی گفتوگۆکان ...هەموو ئەو کێشانەی لەکوردستان هاتۆتە ئاراوە، گروپێک، چەند کەسێکی بەرژەوەندی خواز، کە بازاڕیان لە شێواوی دایە و دەیانەوێ سەرمایەکانیان زیاترو زیاتر بکەن، هەڵدەستن بە هاندان و بەخشینەوەی بوختان و سوککردنی یەکتری لەسەربنەمای هیچ، یان پلەو پۆستیان بگاتە ئاسمان ئەمە چ لەحزب چ لە حکومەت چ لەبوارە کۆمەڵایەتیەکە لەچەند ساڵی ڕابردوو بینیومانە کە مایەی نیگەرانی زۆری لێ کەوتۆتەوە، سەرئەنجام دەرکەوتووە کێشەکان فکری و پەیڕەوی و کێبڕکێی خزمەت گوزاری نەبوون، بەڵکو دروست بوون و بەهێزبوونی تاقم و گروپ گروپانێ یە، بۆ زامن کردنی پێگەی ئەم و ئەو...

بەداخەوە ئەوەی دەبینم لەشەڕی برایەکان، کەبۆتە مایەی نیگەرانیەکی زۆر بۆ ئەندام و لایەنگرانمان کەتووشی شۆک بوونە و (٤٦)ساڵ خەبات و (٢٠) هەزار شەهید لەپێناو ڕێبازی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەپای چ ئێوە وا لەم ڕێبازەو ئەو

هەموو سەروەریە ناشرین دەکەن، هەرهیچ نەبێ وانەیەک، پەندێک، وەفایەک لەحەزرەتی (یوسف) فێربن کە برایەکانی تووشی ئەو هەموو نەهامەتیەیان کرد، کەچی گیانی لێبوردنی یوسف بۆ برایەکانی هەمووخانەوادەکەی ڕزگارکردو لەسەر یەک خوان کۆی کردنەوە .....مانشێتی ستوونەکەم لە ژێر ناوی (گا قۆرانە) لە ٨ـ٨ ی هەموو ساڵێک کە گاقۆرانی پێ دەڵێن کە ڕێژەی ئاو لە لوتکەی دابەزینە سوێند بەخوا ئەگەر نەگەنە لێک تێگەیشتنێک، نێتە ئاراوە چارەنووسی حزبی شەهیدان وەکو ڕۆژی (گا قۆرین)ی لێدێت و ئۆباڵی لەدەست دانی هەموو سەروەریەکان دەکەوێتە سەرشانی ئێوەی گەنج...

## وەفای پێشمەرگەیەکی گیرفان بەتاڵ بۆ ئەمەکی بەناو سەرکردەکان

نامەوێ بگەڕێمەوە بۆ مێژوویەکی دوور، لە ٣١ی ئاب پێشمەرگە بووم لە میحوەری سێ بەردان، باوەربکەن نە (ئوتۆمبێل)مان لا بوو، نە ورەو باوەڕمان بێ هێز بوو، دواتر (٦) ساڵ ئاوارە بووم و هەورازو نشێوی زۆرمان بینی سەرماو سۆڵەی قەندیل و کۆزینەو چیای هەڵەموندو شنرویێ هەڵەبجە ڕۆژێک لەڕۆژان نائومێدنەبووین لەحزبی شەهیدان ... جارێکی تر بەناوی ڕیفۆرم و ڕیفۆرمخوازی و جارێکی تر ناوەندی بڕیار، کە گۆران جیابۆوە لە یەکێتی لەساڵی ٢٠٠٩ پاشان لێپرسراوی کۆمیتە بووم لە هەڵبژاردنی ٢٠١٣-٩-٢١ بەوپەری متمانەوە هەڵمەتی هەڵبژاردنم بەڕێوە بردلەسنورەکە، کە (هاوپەیمانی کوردستان) لیستی جیای دروست کرد خەمێکی ئازاربەخشی لام دروست نەکرد، هەموو ئەوانە لە ژیانی سیاسەت و حزبایەتی بوونی هەیە، بەڵام ئەوکات کاریزمایەک هەبوو، چەترێک هەبوو، کۆکەرەوەیەک بەیەک دانیشتن کۆتایی بە هەموو ئاریشەکان دەهێنا و مەترسیەکانی دەڕەواندەوە ..دەمبەخشن لە مەبەستە سەرەکیەکەم لادا ...بزانن هەستی پێشمەرگەیەک، دڵسۆزی و وەفای پێشمەرگەیەک، بیرکردنەوەی پێشمەرگەیەکی سادەو و بێ پلە لەکوێ خۆی دەبینێتەوە .. بێ باکی و بێ وەفای سەرکردەکانی دوای کۆنگرەی چوارەم چۆن بیر دەکەنەوە،

ئەمرۆ بەیانی پێشمەرگەیەک تەلەفۆنی بۆ کردم وتی کاک (فلان) لە نەخۆشخانە خەوێندراوە زەرورە وەکو مەڵبەند وەکو یەکێتیی سەردانی بکەن ناوبراو پێشمەرگەیەکی دێرینەو بەو یەکێتیی یە زۆر ماندوو بووە، باوەربکەن گریانم بۆ دڵسۆزی ئەو پێشمەرگەیە هات ... لە دڵی خۆم وتم بزانە هەرچی سەروەت و سەرمایەو خۆشگوزەرانی یە لای ئەوانە، هەرچی بیانەوێ بەردەستە بۆ ئەوان، هەردەوڵەت و کێشوەرێک ویستیان لەسەر بێ بۆی دەچن هێشتان بەوهەموو دەسەڵاتەی لای ئەوانە ئێمە پێیان ڕازین ئینجا دەیانەوێ ئەم حزبە تێک بدەن... کەچی ئەو پێشمەرگەیەو ئێمە مانان دینارمان لەگیرفان نیە تاوەک ئێستا ئەحمەداوەو سیتەک و سۆلاڤ مان نەدیوە، منداڵـــی ئەوانیش چۆن دەژین، ڕەنگ و ڕوویان دەڵێی هەناری هەڵەبجەیە... گەردەنتان ئازانەبێ کە ئەوها دڵی ئێمەتان خەفەت خان کرد، دەمێکە وتراوە پیاو دۆستی وەک ئێوەی هەبێ دوژمنی بۆ چیە؟؟

# هەڵپە مەکە

دەبێ دان بەوەدابنێین ئەزموون نەبەخوێندنە، نەبەپارەیە، نە ویراسی یە، بەڵکو دروست بوونی ئەزموون بۆ تاکی سەرکەوتوو (تەمەن) و (گەشت)و (بەدوا داچوونە) لێرەدا ئەزموون پەیداکردن وێرای بەڕێ کردنی تەمەنێک گرنگە بایەخ بە خوێندنەوەو پرس کردن بدەی تا تاکێکی ڕۆشنبیرو چاوکراوەو زیرەکت لێ دەربچێت..

دەمەوێ تیشکێک بخەمە سەر مانشێتی نووسینەکەم (هەڵپە مەکە)

بێ گومان لە ڕێرەوی ژیان چ بۆ کاسبی، بازرگانی، پەروەردە، وەزیفەی مەدەنی، سیاسی ......هتد، هەڵپە کردن دەبێتە مایەی زەرەر و زیان دەرنەچوون و شکستی گەورە بۆ هەر یەکێک لە ئێمە مانان، لەم ڕۆژانە دیدارێکی تەلەفزیۆنیم بینی خاوەنی (٧٠) دەفتەر دۆلار بووە لەم هەولێرە چۆتە تورکیا دۆلاری( لیبی) کڕیوە لەئەنجامی هەڵپە کردن فێری لێ کراوە (١٥٠) دەفتەر دۆلاری ئەمریکی لەدەستداوە، لەم کوردستانە سەدان کەس هەڵپەی بەدەسهێنانی بڕوانامەی کردووە لەڕێگای واستەو حزب و پارەوە بێ ئەوەی ئاستی خوێندنەوەو نووسینی باش بێت، بۆ ئەوەی پۆستێک یان بەرپرسیاریەتیەکی پێ وەربگری، لەئەنجامی پەلە کردن دەکرێتە بەڕێوەبەری فەرمانگەیەک ،دواتر فەرمانگەکە

یان ئۆرگانێک لەبێ ئەزموونی ناوبراو کە تووشی قەیران و نەهامەتی دەبێ ...

لەم سەردەمەی ئێستادا سەدان کەسی بێ ئەزموونی سیاسی، لێرەو لەوێ لەلایەن سەرکردە خۆ ویستەکان پلەی حزبی دەبەخشنەوە، بێ ئەوەی ئەو کەسانە ڕۆژێک لەڕۆژان ئەزموونی سیاسیان هەبێ، بێ ئەوەی خول و تاقیکردنەوەیان پێ بکرێ لەبەر ئەوەی خزمی فڵانە ماشاالله بێ لام و جیم دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، سەرکردایەتی، ئەندام پەرلەمان، ڕاوێژکار، تەنانەت پلەی وەزیریش...

هەربۆیە دکتۆر (ئەیوب سماقە) لە دیدارێک وتی ژنە وەزیرێک بە پیاوەکەی وتبوو (ئەوە چ کەرێک ئەتوی کردۆتە وەزیر) لێرەدا خوانەکردە لەهەرسێ سەرۆکایەتیەکە میلاکێک هەبێ بۆنمونە کەسی تایبەتمەندیان دەوێ لەبواری یاسایی، یان ئامار بێ ئەوەی ڕەچاوی ئەزموونی کەسەکە بکەن یان ڕەچاوی شارەزایی کەسەکە بکەن ڕێک ئەو کەسانەی بەرپرسیاریەتیەکیان هەیە خزمێکی خۆیان دادەنێن بێ ئەوەی هیچ تەجروبەیەکی هەبێ لێرەدا هەڵپەکردن بۆ مەرامی شەخسی قوڕی کردۆتە سەر ئەم میللەتە، ئومێدەوارین بۆ هەرپۆست و ئۆرگانێک پەڵەمەکەن لەدانانی کەسەکان تا هەڵسەنگاندن و تاقی کردنەوەی پێ نەکرێت...

# کادیر یان موچە مژ

لە دونیای سیاسەت کردن، وە گەیشتن بە ئامانج، لوتکەی خزمەت کردن بۆ هاونیشتمانیان بەگشتی و ئەندامان و هەوادارانت بەتایبەتی، جێبەجێ کردنی ئەو پەیڕەو پرۆگرامەیە، لەناو کۆنگرە لەلایەن لێژنەکانەوە کاری لەسەر دەکرێ، بەزۆرینەی دەنگی ئەندامان دەنگی بۆ دەدرێ.. پەیڕەو پرۆگرام واتە دەستور...

لادان یان کارپێنەکردنی پەیڕەو بەڕای کەسانی شارەزا لەسیاسەت نەمانی شەرعیەتی کۆنگرەیە بۆ حزبی سەلیم، پێش ئەوەی باسی کادیرو (موچە مژ) بکەم دەمەوێ بڵێم جارێک لێپرسراوێکی باڵاو دەست ڕۆیشتوو هاتە ئۆرگانێک منیش ئامادەیم هەبوو، باس هاتە سەر پەیڕەوی حزب ڕێک هاتنە سەر ئەو بڕگەیەی باسی ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە دەکات، وتی بەپێ پەیڕەو دەبێ ئەو ژمارەیە لەئەندام ببەینە ناو کۆنگرە، منیش تەداخولم کرد وتم: جەناب خێرە چوار ساڵە یەکێک لەئێوە دەستان نەبردووە بۆ پەیڕەو لەخاڵەکانی ترو زۆرینەی مادەکانتان پێشێڵ کردووە و کارتان پێ نەکردووە، بۆ ئەو ماددەیە ئەوەندە پەرۆشن و ناواخنی مادەکەتان لەبەرکردووە، دەترسێم گلیەشتان لەپەیڕەو هەبێ و جاری پێشوو خەتایەکەتان خستە ملی شانەوە، ئەمجارە پێشلکردنی پەیڕەو خۆ خەتای پۆل

نیە، باسەرتان نەیەشێنم وەک پیشەی هەمیشەیان لێم لالووت بوون...
دەمەوێ بڵێم وشەی کادیر بەباڵای ئەو کەسە دەدورێت، هەڵگری باکگراوندێکی ڕۆشنبیری گشتی بێت و خوێنەرێکی ڕۆژانەی بابەتە فکری و سیاسی و بوارەکانی تربێت، وە بەئاگا بێت لە دونیای سیاسەت، خاوەنی ڕاو بۆچوونی خۆی بێت، دەست و دەم وداوێن پاک بێت، وە بۆ زۆر ئۆرگان دەبێ کەسێکی تەفروغ بێت بۆ حزب.. هەمیشە بەشداری پێ بکرێت لە خول و تاقی کردنەوەو کۆڕو سیمنارەکان، دەربارەی (موچە مژ) ئەو دەستەواژەیە ئەو بەناو کادیرانە دەگرێتەوە بەناونیشان کادیرن بەڵام ڕۆژێک لەڕۆژان کاری ئۆرگانی و ڕێکخراوەیان نەبینیوە کەچی هەندێ لە نا بەرپرسەکان بەنووسراوێک بەتەلەفونێک موچەیەکیان بۆ بەستاون و ڕەوانەی ناو ئۆرگانێکیان کردوون بێ ئەوەی ئەلفو بێی سیاسەت بزانن، لە سیماو بەرگ و قسەی لابەلا هەر ماشاڵڵایان لێی بێت کەچی نازانێ دوو ڕستەی دروست بڵێ، دوو دێر نووسین بخاتە سەر کاغەزی سپی...
کارەسات ئەوەیە لەئێستا دا موچە مژەکان بە ژمارە زۆرزیاترن واتە یەک لەسەر سێ بوونیان لە ئۆرگانەکان هەیە.. زۆربەی کادیرە ڕۆشنبیرەکان بەهۆی بەرزی موچەو رەفاهی ژیان چوونەتە ناو تیمی حکومەت و پەرلەمان، جا لاتان سەیر نەبێ

لە کۆنفرانس و کۆنگرەکان ئەو موچە مژانە وەک مێشەنگوین لەسەرەوە ئاراستە دەکرێن پێت وەدەداو خۆی دەمرێ.
هەندێ جاریش کاکی ناوبەرپرس دارودەستەکانیان لە کۆنفرانس بەگەڕ دەخەن بۆ دەرچووانی موچە مژەکان تا لە کۆنگرە دەنگی خۆیان بن، ماوەتەوە بڵێم تا بیرکردنەوەی ئەو بەناو بەپرسانە ئەوها سەقەت بێت بۆ بەشداری پێ کردنی موچە مژەکان و خەڵکی لات و پات لەدەوری خۆیان ئەم بایە لەم کونە هەر دێ...

# پینەو پەڕۆ

کەتۆ بڕیارتدا وەک مرۆڤێکی سەلیم و بەئاگا بژی، کەتۆ بڕیارتدا بەرنامەو پلانی مەودا درێژت هەبێ، کەتۆ بڕیارتدا ویژدانت، دەستت، چاوت هەنگاوی هەڵە نەنێت، کەتۆ ویست و خواستەکانت بۆ کارو کردەوەی باش بێت دەبێ باوەڕت بە بیردۆزی (پینەو پەڕۆ) نەبێت، شۆک بوونم لەو بەناوهەرێمەی خۆمان لەوەیە زۆرینەی خاوەن بڕوانامەی بەرزو نەخوێندەوار بیرکردنەوەی وەک یەکە لە پینەو پەڕۆی کاری ڕۆژانەی، ئەندازیارە لەدەسپێکی کارێکی ڕێگاوبان جارێ بیر لە ڕۆژی تەواوبوونی کارەکەی دەکاتەوە نەک پیشەیانە بیر لە چۆنیەتی بەرنامەی کارەکەی بکاتەوە، بەکام ئاراستە کەمترین لۆفەی تیا بێت، ئەم ڕێگایە هەورازەکانی شیش و کۆنکرێت بێت یان قیرەکە بێت بەمەرجێک چیمەنتۆ قیر تەنێک بەتەنێک بێت.... پارێزەرێک لە ئەنقاسی دۆسیەک ئەوەندەی بیر لە قۆڵ بڕینت دەکاتەوە ئەوەندە دۆسیەکەت بە ڕێگایەکی تەندروست و کون و قوژبنەکانی دۆسیەکەت بەتەواوی بۆ کون بڕ ناکات، خزمێکی گوندی وتی چوارساڵە قەزیەکی زەوی گوندیم لای پارێزەرێکەو پارەشی لێ خواردووم ئێستا وەڵامی تەلەفۆنم ناداتەوە ...جاران قوتابی خەنی دەبوو ڕۆژێک بکرابووایە پشوو ئێستا مامۆستا دوعا دەکات (کرۆنا) درێژەی هەبێ و جەنابی تەکسی بکات و خەریکی کارێکی تری بێت، ئەگەر قسە لە فەرمانبەری

حوکومەتیش بکەین بەهۆی ساڵانەی خانەنشین بوونی کەسە بەئەزموونەکان وای لێ هاتووە ئەو بەناوگەنجانەی شەو خەفەرن بەدیار ئینتەرنێت و پۆبجی و یاری ئۆکەی، بەیانیان لەسەرمێزی دەوام تا نیوەڕۆیەکەی خەوبەری نەداوەو کارەکەت بە پینەو پەڕۆی بەرێ دەکات پاش مانگێک تەلەفۆنت بۆ دەکەن دەڵێن نووسراوەکەت هەڵەیە...لە جیهانی سیاسی و حزبیش بەهۆی دەست نەبردن بۆ برینەکان و پینەو پەڕۆ لە (٥٠) ساڵی ڕابردوو دەبینین بارودۆخی سیاسی لەکوردستان وەکو گەمەی منداڵانی لێهاتووە... ڕۆژێک پەرلەمان دادەخەن، ڕۆژێک بازگە دادەخەن، ڕۆژێک یەکێک لەلوتکەوە دێتەوە (ماڵ گێڕ) گۆرانیەکیش وەختێک باوی هەبوو دەیان وت (بەینۆ بەینۆ هاوین کەپرێ دەکەینۆ زستان تێکی دەدەینۆ) .... تاوەکو ئێستا چ حکومەت چ حزبەکان قەیرانیان بەقەیران سپاردووە، ئەوەی کراوە بە پینەو پەڕۆ هێناویانە بۆیە کارەبا نیە. ئاو نیە، بەنزین نرخەکەی دووقاتی سنوری دەسەڵاتی بەغدایە، غاز نرخی کرا هەشت هەزارو نیو لەبەرخاتری فلان و فلان... دواجار ئێستا قسە لەسەر کامیرای چاودێری هاتوچۆدەکرێ بیدەنە کەرتی تایبەت، خوا هیدایەتمان بدات کە هەوا لەلایەن ئەم حزبانەوە کۆنترۆڵ ناکرێ...

## نانی بەیانیانی من و وەفای سەگێک...

خۆشەویستانم من لە ژمارە سفری ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) وە ئیشتراکم (هاوبەشیم) هەیە، خوێنەرێکی نەپساوەی ئەم ڕۆژنامەیەم، دەوام و پێشمەرگایەتیشم لەڕابردوو لەهەر سنورێک بوایە ڕۆژنامەکەم دەگواستەوە پەڕاوگەی ئەم سنورە، جا ئەوەندەی مەبەستمە باسی وەفای سەگێکتان بۆ بکەم مەبەستم لە خوێندنەوەو باس کردن نیە لە سەرڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ئەم بەیانیە وەکو باقی بەیانیانی تر بەدەم نان خواردنەوە کوردستانی نوێم دەخوێندەوە بابەتێک لەژمارە (٨٤٢٥) سەرنجی ڕاکێشام لەژێرناوی (سەگێک سێ پیاوی بەدرۆ خستەوە) کە سەرچاوەکەی (الجزیرە) بوو.... نووسیوویەتی پیاوێک بەنهێنی لەگوندێک کچێک مارە دەکات بەشایەدی دوو پیاو، کاکی زاوا هاوسەرگیریەکە ئەنجام دەداو پرۆسەکە (ئاسایی) دەڕوا، هاوسەرگیریەکە تا ساڵێک دەخەیانێ و پیاوەکە لەتام و لەزەتی ژنەکە تێر دەبێ و بێزار دەبێ تەڵاقی دەدا، بێ ئەوەی ئەو مافانەی دەکەوێتە سەری بداتە ژنەکەی، ژنەش شکایەتی لێدەکا لای قازی، پیاوەکەش نکۆڵی دەکا ئەوە ژنی بێت، ژنە دەڵێ دوو شایەد لەنێوانمان هەیە، قازیش دوو شایەدەکەش بانگ دەکا لەبەردەم ژنەکە دەڵێن ئێمە ئەو ژنە هەر ناناسین...، قازیەکەش پاش چەند دەقەیەک وەستان وتی سەگ هەبوو لەو ماڵە ژنە وتی بەڵێ، جەنابی قازی برایانی پۆلیس و

ژنەکەی نارد بۆ ماڵەکە وتی: ئەگەر سەگەکە بەژنەکە (وەڕی) ئەوە ئەم ژنە ژنی ئەو پیاوە نیە، ئەگەر سەگەکەش نوسکە نوسک و کلکی بۆ بادا ، بەبێ گومان ئەم ژنە ژنی ئەم پیاوەیە...، کە گەیشتنە پێش دەرگای ماڵەکە سەگەکە نوزایەوەو کلکی بۆ باداو بۆلای هات، لێرەدا وەفای سەگێک سێ پیاوی بەدرۆ خستەوە، جا وشەی (وەفا) زۆر جار لە کۆمەڵگای ئێمە لەزار دەردەبڕێ بەلام لەناخەوە نیە، ئەگینا مرۆڤی بەوەفا لەکۆمەڵگای ڕۆشنبیرو سەلیم هەمیشە ڕێزلێگیراوە، جوانە، لەزۆر بۆنەو بەتایبەت لە هەڵبژاردنەکان مرۆڤە ناخ جوانەکان دەنگی پێ دەدەن و هەڵیدەبژێرن، کەسە بەوەفاکان بۆ میللەتەکانیان لەولاتانی دەرەوە دەبنە ڕەمزو ژمارە لە دامودەزگا گرنگەکان، وەفای سەگێک و زیرەکی قازیەک ئەم بەیانیە بوە هەواڵێکی دڵخۆشکەر لەناو دڵی من...

## موختارو بیرەوەریەک لەگەڵ شیری (نیدۆ)

لە دوێنێ وە باس باسی موختارە، وەک لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بینرا خەڵکی گەڕەکی باداوەی هەولێر لە بێ ئاوی هاتوونەتە سەر شەقام و بێ ئاوی هێرشی بۆهێناون ،پیرە ژن و پیاوە بەساڵاچووەکان هاوار دەکەن خنکاوین، دژوونین،، پیس بووین تکایە بەهانامانەوە وەرن. موختارەکەی بادوانیش دەڵێ بەتانکەر ئاوتان بۆ هاتووە، ئەوە مزایەدەی سیاسیە ئێوە دەیکەن، وای لەم کارەساتە پیرەژنێک تەمەنی (٧٥) ساڵ بێت پیرەمێردێک تەمەنی (٨٠) ساڵ بێت بێ هیوا بن لەهەموو تام و خۆشیەکانی ژیان، بێنە سەر شەقام کە بێزاربوونە بەدیار مزەخەوەو کەچی هەر ئاونێت لەملاوەش گەنجێکی موختار هاواربکات بلێت درۆیە، ئاوتان بۆ هاتووە ئێوە مزایەدە دەکەن...

قسەکە لێرەدا ئەوەیە ئەم خەڵکە بەساڵاداچووە چ لەزەتێک لە درۆ کردن و مزایەدە بکەن ئەگەر بێزار نەبووبن لە سەرەتاترین مافی مرۆڤ کە ئاو هاتنە، ئەمە بێرێزیە، ئەمە ئەو پەڕی کۆیلەییە بە ڕەش بلێی سپی.

با لە ناواخنی بیرەوەرییەکە لانەدەم کە ناوهێنانی موختار هات ڕێک موختاری گەڕەکی حەی سەدامی ساڵانی کۆتایی هەشتاکانم بیر هاتەوە بۆ ئێمەی کەس وکاری پێشمەرگە وەک (گورگ) وابوو، دەهات ئێمە پەشۆکاو دەبووین، ئەوکات من لەقۆناغی سەرەتایی بووم هەستم بەزۆر شت دەکرد چونکە

لەماڵی ئێمە ڕادیۆی گەلی کوردستان لە ژورەکەی پشتەوە سیمێکیان گەیاندبوو بە ئالێری تەلەفزیۆن، زۆرجارئەم سیمەیان دەلکاند بە شیشێک بە پەنجەرەوە تا دەنگەکە ساف بێت و تەشویش نەکەوێتە سەر شەبەکەی ڕادیۆ...

ئێمە دوکانێک مان هەبوو ئێستا پێ دەڵێن مارکێت..

لەکاتەکانی نانخواردن و نوێژکردن زۆرجار من چاودێری دوکانەکەم دەکرد، کە دەزانرا پێشمەرگە هاتوونەتە شار یان چالاکیەک دەکرا ئەو عومەرموختارە دەهات چاودێری ماڵی ئێمە و ماڵی (مام سەعدی بانەموردی) دەکرد ئەوانیش کوڕێکیان بەناوی (کامەران) پێشمەرگەبوو، دەیوت (شیری نیدۆ) تان هەیە، بۆ زانیاریتان ئەم کات شیری(نیدۆ) لەگەڕەکێکی وەکو حەی سەدام بەئاسانی یان بلێم لە هەموو دوکانێک نەبوو، ئەویش سەدا سەد دەیزانی ئێمە شیری نیدیۆمان نیە بۆ جاسوسی دەهات.

خۆزگە لە دوای ڕاپەرین ناوی موختار دەگۆڕا چونکە زۆرترین کەس و کاری شەهید و پێشمەرگەو زیندانیانی سیاسی زیانی کوشندەیان بەرکەوتووە لەڕێگای موختارەوە...

## ئەی نیشتمان

## چی تر...

- چی تر فاتیمە دوو چاوی مەست نیە
- چی تر دارا دوو دار نابینێ
- چی تر هەولێر شاری هەژارو غەریب دۆستان نیە
- چی تر ئێرە مەملەکەتی عەشق و خۆشەویستی نیە
- چی تر ڕاپەرین لای ئێمە پیرۆز نیە
- چی تر فەرهاد بۆ شیرین بە کێوان ناکەوێ
- چی تر کلۆی بەفر ئەو جوانیەی نامینێ
- چی تر ئەم پەندە واتایەکی نامینێ (نان بۆ نانەوا گۆشت بۆ قەساب)
- چی تر عەلی بەهاری دار ناروێنێ
- چی تر زین لەداخی مەم کراسەکەی ناسوتێنێ
- چی تر سەردارەکەی سەعید سۆفی لەهەولێر مخزنەکەی خالی خالی ناکاتەوە
- چی تر مامۆستا لەسەر شەقام داوای مافی خۆی ناکات
- چی تر داینەسۆرەکان سەبری ئەیوبیان نامینێ
- چی تر هونەرمەند (ئیبراهیم سابیری کۆیە) بەدوای خەزێم ناگەرێ
- چی تر گوڵ فرۆشەکانیش ژیانیان پارێزراو نیە

چی تر مەرج نیە لەم هەرێمە خاوەن بروانامەی بەرز(ڕێنووس) ئیملای تەواو بێت

- چی تر هونەرمەند عارەب عوسمان دۆستی ساوەرو حەیران نابێت

دوونیایەکی سەیرە گوڵم لەلیستی فەرمانبەران حیماییەی بەرپرسە باڵاکان بەقودرەتی قادربێ شەهادە (ڕاوێژکارو وەکیل وەزیرو بەڕێوەبەری گشتین)

## دەوڵک و قەناتی بیرێ ...

ئەم پاش نیوەرۆیە بیرم گەڕایەوە بۆ چەند بیرەوەرییەکی ئەوێ ڕۆژێی گوند، چەند دیمەنێک لەپێش چاوم بوونە کورتە فیلمێک کە کچە شۆخ و شەنگێک بەوپەڕی نازکردن وسادەیەوە (دەوڵکی ئاو) ی لەسەر بیرەکە وەردەگرت، منیش بەو (کندرە) چەند مەتریە (دەولک)م ڕادەکێشە دەیوت (یاڵڵا) یان(بەس) دوای هەموو (یاڵلایەک) دەولکەکەی وەردەگرت کە دەولکەکە ی دەخستەوە ناو بیر من دەگەڕامەوە لای قەناتی بیرەکە، تێرامان و سەیرکردنی سیمای، ئەوەندە تامەزرۆی بینینی خەندەیەکی، بزەیەکی، وشەیەکی ڕۆمانسی ئەوەندە تامەزرۆیی گەیشتنی هیچ هەوالێکی تر نەبووم لە دونیا...

نازانم بۆ بینینی لەنجەو لاری کچێکی ئێوارانی سەرکانی گوند لە ئەوێ ڕۆژێ زۆر بەتامتربوو لەبەیەک گەیشتنی دوو ئەوین لە ئەمڕۆدا...، توانجێک، سەیرکردنێک، چاوداگرتنێک بۆ ئەوەندە کاریگەربوو، بەتام تربوو، لە بەیەک گەیشتن و دەست لێدانی ئەوینێک لە ئەمڕۆ، بەڵێنێک، سوێندێک، لەئەوێ ڕۆژێ بۆ خۆشەویستەکەت بۆ ئەوەندە باوەڕپێکراوبوو، بەراورد

لەگەڵ ئەوهەموو خۆ بەقوربانکردنەو خۆبە ساقەو کردنەو فرێ دانی تەڵاق بەجوملە هێشتان جێگای باوەڕنیت، کەچی لە ئێستادا لەیەک کات بە چات، بەڤایبەر، لە ئینستا، لە تێلیگرام. لە ماسنجەر لەچەند پەیوەندیەکدای بۆ هەمووشیان ماشاالله دەسوتێیی،

دەگریێی، قسەی بریقەداریش بۆ هەموویان ئامادەیە، (دەوڵک) و (قەناتی) ئەم نیوەڕۆییە بیری ناوگوند منی پەلکێشی سۆشیاڵ میدیا کرد.... ئێوەش بمینێن بەخێر.

## داشی دامە

دامە کردن یەکێکە لەو یاریانەی دەمێک ساڵە لەناو کۆمەڵگای کوردەواری  بوونی هەیە، جگە لەوەرزی زستان لە زۆربەی وەرزەکان پیاوە بەساڵە چووەکان یان ئەوانەی خانەنشین دەبن، هەندێ جارئەوگەنجانەی هەڵی کاریان دەست ناکەوێ خۆیان گونجاندووە لەگەڵ پیاوە بەتەمەنەکان، یاری دامە کۆیان دەکاتەوە، بە زۆری لە بن دیواری قوتابخانەکان و سێبەری مزگەوت یان زۆرجار لە بن دیواری بیری ئاوی ماڵان سەربەیەک دەکەن...

دەبێ یاریزانانی دامە هەریەکە لەماڵەوە پارچە کارتۆنێک یان پارچە پەرۆیەک جاران دەیان وت پارچە ڕایەخ بۆئەوەی لەسەری دابنیشن.

ئەم (داشە) داماوە خاوەنی هیچ بڕیارو ئامانجێک نیە، خاوەنی هیچ بیرۆکەو پڕۆژەیەک نیە، تەنانەت هیچ جووڵەو هە ڵوێستێکی ئەرێنی و نەرێنی نیە، داشی دامە تەنانەت لە هەڵبژاردنی ڕەنگی جلەکەی خاوەنی ڕای خۆی نیە ...

خۆ زۆرجاریش فڕێ دەدرێ، ئیهماڵ دەکرێ، بەدیوێکی ترهەندێ داش زیاد لە پێویست بایەخی پێ دەدرێت بێ ئەوەی سیماو باڵای  شایستە بێ، یاریزان وەڵائی بۆی هەیە دەیکاتە (ئاغا) بێ ئەوەی لە نەخشە یان تەختیتی دامە کردن پێشینەیەکی هەبێ و

داشی داماو خۆی لێ دەگۆڕێ و هەڵپەی لەناوبردنی دژەکانی دەکاو زۆرجاریش غرور دەیگرێ....
هاوبیرەکانی ماندووترن لەخۆی کەچی دەیان سووتێنێ، بەلاّم سەرئەنجام داش هەر داشە دروست کراوە خاوەنی ڕووئیاو دیدگای خۆی نیە....
داشێکی ترلە دژەکانی زۆر بەسادەیی دەیخوات و لەکاتی مردنیش هاو داشە هاورێکانی فاتیحەی بۆناخوێنن.
بۆیە دەڵێم (داشی دامە) لەهەر شوێنێکی گۆی زەوی بێت هەربەکۆیلەیی سەر دەنێتەوە...

# ژینگە پارێزی

ئەگەرچی لەسەر ئاستی دامەزراوە فەرمیەکانی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، ژینگەو ژینگە پارێزی نەبۆتە بابەتێکی گرنگ و خەم لێخوراو، هەرچەندە دەزگایەک و دەیان ڕێکخراو دروست کراون لەژێرناوی ژینگە بەڵام ئەوەی گرنگە لەمەیدانی کردار ئەو بڕیارو ڕێنمایی و ڕاسپاردانەی لەخزمەتی ژینگەپارێزی دەرکراون وەکو پێویست نەچۆتە بواری جێبەجێکردن، ئەوانەی یاساشکێنی بەرامبەر ژینگە دەکەن سزا نادرێن و ڕاپێچی بەردەم دادگاکان ناکرێن،

بەهۆی پیسبوونی ژینگە لە هەرێمی کوردستان ساڵ بەساڵ ڕێژەی تووشبووانی نەخۆشی سەرەتان بەرز دەبێتەوە، کەچی ڕۆژانەش بەمۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن دەست ڕۆیشتووەکانی ئەم هەرێمە پاڵاوگەی (پێڵاقە) ی نەوت دروست دەکرێ، وە سەدان کارگەی جۆراو جۆر بێ فلتەری دەزگاکانی ژینگەی دوکەڵ و پیسیەکانیان بەسەر ئاسمانی کوردستان دەبارێنن،

لەلایەکی ترەوە بەرپرسیاریەتیەکی گەورە دەکەوێتە سەر وەزارەتی پەروەردەو ناوەندەکانی خوێندن بابەتی ژینگە وەک چۆن وانەی کوردی و ئینگلیزی و بیرکاری لەخشتەی ئەساسی دادەنرێ ئەوهاش ژینگە بکرێتە وانەیەک کەتایبەتمەندی بدرێتە مامۆستایەکی بەئەزموون و دۆستی ژینگە بێت تا خوێندکاران فێربکات پیس بوونی ژینگە واتە ڕووخانی کەرتی تەندروستی و

نەمانی ژیان بۆ مرۆڤ...، ڕێکخراوەکانی ژینگەیی لەمەودوا یەک دەنگ و یەک ڕەنگ بەپڕۆژەی پشگیری ژینگەیی ڕێگربن لەبەردەم سەرپێچیکەرانی بواری ژینگەیی، چونک ژینگە ژیانە...

## خوێندنەوە...

باشترین هاوڕێ بۆمرۆڤ پەرتووکە، ڕاستگۆترین و بەوەفاترین هاوڕێ لە ڕابردوو لە داهاتوو هەرکتێبە هەرکتێبیش وەکو سێبەربەجێت ناهێڵێ... لەڕێگای خوێندنەوە، جا کتێب یا ڕۆژنامە یان هەر ئامرازێکی خوێندنەوە بێت بۆ ئەوەی پێ بگەی، بۆئەوەی کەسێکی دیارو خاوەن پێگەو خاوەن فکرو ڕۆشنبیربیت، پێویستە هەموو کتێبێک بخوێنیەوە بەباش و خراپیەوە،

کە کتێبی خراپت خوێندەوە تۆ لەلایەنە باشیەکەی تێ دەگەی، خوێندنەوە سەرەتایە بۆ چوونە ناو ژیانێکی نوێ بۆ کرانەوە یان دەروازەی بیرێکی تازە، یان هزرێک بەئاراستەی تێگەیشتن لەمەر بوارێک، خوێندنەوە ئاستی مرۆڤ بەرزدەکاتەوە، خۆراکێکە بۆ گفتوگۆ، چەکێکی ڕۆشنبیرە بۆ چوونەناو دونیای تێگەیشتن، بۆ بابەتە سیاسی و فکری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت خوێنەرێکی باش بە لەکاری ڕۆژانە دەبیتە کاراکتەرێکی ئەکتیڤ بۆ ڕایی کردنی کاروبارەکانت لە دەزگا حکومی و مەدەنییەکان... بەخوێندنەوەو خوێندەواری میللەت پێش دەکەوێ و دەبێتە خاوەنی قەوارەی سەربەخۆی خۆی، بۆیە با هانی منداڵەکانمان بدەین لەپشووی هاوینی قوتابخانە پەرتووکی چیرۆک و ڕۆمان و بابەتە مێژوویەکان بخوێننەوە تا ئاشنای مێژووی وڵاتان بن... چیرۆک و ڕۆمان بخوێننەوە تا ئاشنابن بە بەسەرهات و کەلتوری وڵاتانی

خۆشبەخت، هەمیشە ئەوانەی دەخوێننەوە جیاوازن لە بیرکردنەوەو هەڵوێستی جوان بۆ مرۆڤ دۆستی...، بۆیە تۆش بخوێنەوە

## تکایە پرسیاری شەخسی لەکەس مەکەن

بەداخەوە ئەوەی بۆتە جێگای پرسیارو نیگەرانی لای زۆربەمان لەکۆمەڵگای کوردی، بەپێی ئەو بەدواداچونەی من کردوومە زۆربەی ئەو کەس و خەڵکانەی خاوەن بڕوانامەن، بەتایبەت لە دوو توێژ کە یەکەمیان فەرمانبەر، دووەمیان بەناو ئەو ڕاگەیاندکارانەی لەدوای پڕۆسەی ئازادی گەلانی عێراق لێرەو لەوێ مۆڵەتی کردنەوەی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و کەناڵی تریان پێ دراوە، پرسیاری زۆر نامەنتقی لە خەڵک دەکەن کە ئەم پرسیارانە لە بنەڕەتدا بەهیچ شێوەیەک قبوڵکراو نیە، ناچێتە چوارچێوەی ئیتک و مەنتقی بنەماکانی ڕۆژنامەنووسی، بەڵکو دەچێتە چوار چێوەی تایبەتمەندی کەسی هیچ پێویست ناکات تۆ یان من یان خەڵک بیزانی...

باشە پرسیاری موچەت چەندە؟ موالید چەندی؟ سەڵتی یان خێزاندار؟ دایکت خۆشتر دەوێ یان باوکت؟ تاچەند لە جیرانەکەت ڕازی؟ بۆ ژن ناهێنی؟ بۆ کەوەنتەرەکەتان ڕەنگی سپی نیە؟ بۆماڵتان لە باغەمرەیە یان باداوەیە؟ بۆ کچەکەت نانێریە فاخیرمێرگەسۆری یان زانکۆی جیهان؟ ئۆتۆمبێلەکەت چ جۆرەو مۆدیلی چەندە ؟ ئەرێ کچی فلانی بۆ (مای کەپەکە) ی کاڵ لێ دەدات؟ ئەرێ بۆ هەموو ماڵە برایەکان نەچینە گەشت؟ من لەئێوەی خۆشەویست دەپرسم هەموو ئەوپرسیارانە

وەڵامەکانیان چ سوودێکی بۆ دەوڵەمەند کردنی ئاستی بەرزکردنەوەی ڕۆشنبیری هەیە.. ئەرێ من لە ئێوەی بەڕێز دەپرسم چ چێژێک لەو پرسیارە کەسی و تایبەتانە دەکەن کە تەنها پەیوەندی بەخودی تاک وەیە.. زۆربەتان نەتان بینیەوە لە مەجلیسان لە منداڵێک دەپرسن دایکت خۆش دەوێ یان باوکت، ئەو منداڵە ڕەنگی دەگۆڕێ و هەندێک هەڵوەستە دەکات سەیری چاوی دایکی و باوکی دەکات تووشی هەڵویستێکی ناخۆش بۆتەوە !!

ئەرێ هەست ناکەن زۆربەی کێشەکان لەدادگا لەناو خێزانەکان تەداخوڵی کەسییە... ئەرێ دەزانن لە دونیای ئەوروپا ئەوانەی ئەو پرسیارانە دەکەن بەکەسی (نەخۆش دادەنرێن)، وەهەرگیز وەڵامیان دەست ناکەوێ.... ئەزیزم ئەوانەی خەریکی دەستێوەردانی پرسیاری کەسین کاتیان زۆرە، ئومێد دەکەم خۆیان خەریک بکەن بە خوێندنەوە یان پڕۆژەیەک بەرهەمی هەبێ، بەکاری چاکەکاری، بەبەرنامەو پڕۆژەی مەنتقی بۆ بەرژەوەندی گشتی تا کۆمەڵگا بەرەو پێش بکەوێ ...

## ٣٠ ساڵ لەمەوبەر و ئامۆژگاریەکی مامی شەهید (سولە قۆریتانی)

ساڵی ١٩٩١ کە ڕاپەرین بووە داینەمۆیی ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان زۆربەی کەس وکاری شەهیدەکان وێنەی باوک و براو مام و خاڵیان بە (تێپ) لە مەغزەنەکانیان دابوو، وەکو وەفا و دەربڕینی خۆشەویستی بۆ شەهیدەکانیان، بەڕاستی لە ئەوێ ڕۆژێ شانازیەکی گەورە بوو کە بڵێن ئەوە لەخانەوادەی فلانە شەهیدە لەسەر خاک و نیشتمان خوێنیان بەخشیووە...

مەبەستەکەی من نە ڕاپەرینە نە باس کردنە لەسەر خودی شەهیدەکان... بەڵکو بیرکردنەوەی جوانی پیاوێکی بەتەمەنی نەخوێندەواری ئەو دەشتەی هەولێرە کە (مامی) شەهیدی فەرماندە (سولە قۆریتانی)یە...

(٣٠) ساڵ لەمەوبەر بانگی کورەکەی و خزمەکانی کردبوو!! وتبووی وێنەی شەهید سولە لە مەغزەنەکانتان لێ بکەنەوە، ئەو هەرچی پێکراو لە بیروباوەڕی دابوو ئەنجامی دا دژی فاشیەکان، پەیامەکەی شەهید بوون بوو بۆ خاک کە هاتەجێ و شەهید بوو..

بۆیە پێتان دەڵێم ئێوە خۆتان (بن)، لەپەنای شەهید سولە خەریکی وەرگرتنی پۆست و پارە مەبن، دەبێ ئێوە خۆتان (بن)، خۆتان هەوڵ بدەن بە ئازایی و دڵسۆزی و دەست پاکی و خزمەت کردن بەخاک و نیشتمان بگەنە پلەو پۆست، نەک لە

پەنایی شەهیدەکانتان پۆست وەربگرن. بڕۆن بخوێنن و خۆتان خوێندەواربکەن، خۆشەویستان بەڕاستی (٣٠) ساڵ لەمەوبەر بیروبۆچونی ئەم وارسە لێکدانەوەیەکی مەنتقیانەو پڕ بە پێستە بۆ ئەو سەردەمە.. لێرەو لەوێ ئەوانەی کەس وکاری شەهید بوون و هەوڵیان دا خۆیان (خۆیان بن) بوونەتە ڕەقەم لەکۆی گۆڕەپانی سیاسی، هیوادارم کەسوکاری شەهیدان خزمەت بکرێن و بەپێی لێهاتووی خۆیان پێگەیان هەبێ .....

## بزانە بۆ کێ قسە دەکەی، وە (کەی) گوێدەگری

لێرەوە دەمەوێ داوای لێبوردن لە هەموو ئەوکەسانە بکەم ڕۆژێک لە ڕۆژان بەرامبەرەکەم ویستویەتی بەدڵسۆزی و لەناخەوە بابەتێکم بۆ بگێڕێتەوە یان تێم بگەیەنێ لە کێشەیەک ،من وەکو پێویست گوێم لێ ڕانەگرتبێ یان بایەخم بە قسەکانی نەدابێ لێرەوە گلیەی و ڕەخنە بێت لەخۆم .ئەوەی مەبەستمە لێرەو لەوێ دەبینم لەهەندێ کەسی (بەناو خوێندەوار) کە جێگای باس کردن و ئاماژە پێ کردنە کە دەبێ ئەو خەڵکانە بناسین و ڕاشکاوانە پێیان بڵێین کە ئەتەکێتی قسەکردن و قسە وەرگرتن لە کۆڕو دانیشتنەکانمان شێوازو ئوسوڵ و ڕێزگرتنی خۆی هەیە. بەداخەوە زۆرێک لەوانەی دوای پڕۆسەی ئازادی عێراق بە پارەی حزب بوونە خاوەنی شەهادە بەڵام هەر بە نەخوێندەواری و بەبێ باکگراوندی ڕۆشنبیری سوکانی ڕۆژگار لێدەخوڕن. هەندێ لەوانە کەخۆی قسە دەکات پێی خۆشە دونیای دانیشتنەکە خامۆش بێت، کەتەواو بوو جەنابی فسکەیەک بەگوێی ئەم و ئیشارەتێک بۆ بەرامبەرەکەی و هیچ ڕێزێک نە بۆخۆی دادەنێ نە بۆ بەرامبەری. لەهەفتەی ڕابردوو لەگەڵ ماڵەوە سەردانێکمان کرد بۆ ماڵە خزمێک کە دووسێ ماڵی تری ناسیاو لەوێ بوون، لاقەی کچم لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆی کە پۆلی دووی ناوەندین ئێستا پێی دەڵێن پۆلی (٨) بەیەکەوە گفتوگۆ دەکەن .. دوو لەوانی تر بە ئاماژەو سەرلەبن سەری

یەکتر قسە دەکەن . لای لاڤە شتێکی نامۆیە ،پێیان دەڵێ ئەگەر بابەتێکی نهێنی تان هەیە با جێتان بهێڵم .ئەگەرنا بۆ بەنهێنی قسە دەکەن، دیارە ئەم حاڵەتە دووبارە دەکەنەوە، لاڤەش جێیهێشتبوون.. من کە بینیم جەوی نەبوو، وتم ها چ بووە، وتی بابە ئەی ناڵێن نابێ لە دانیشتن و سەردانی بەلوغزو نهێنی قسە بکەیت تا بەرامبەرەکەت هەست بەنەقس و نامۆیی نەکات؟ وتم بەلێ! نابێ و لە ئاینی ئیسلامیش بە دیاردەیەکی نەشیاو دانراوە. لەکۆتایی منیش دەڵێم ئەگەر لە بنەڕەتدا بوونت لە ئەداو لەسەر بنەمای تەندروست پەروەردە نەکرابی دەیان بڕوانامەی ساختەو دەیان تویژینەوەی بن قەڵاتت بە بڕێک پارە پێشکەش کردبێ لەکۆتایدا هەردێتەوە سەر پلـێت.

## بۆ (کەر) هەرجۆ

(کەر) گیانلەبەرێکی میانڕەو، بەسودە، بێ کێشەیە، تایبەتمەندیەکی جیاواز تری هەیە لەگەڵ هاوشێوەکانی ڕۆڵـی گرنگی هەبووە بۆ گوندنشینەکان پێش ڕاپەرین کە لە بەدیلی ئۆتۆمبێل لەزۆر ئەرک و کاروباری ڕۆژانە بەکاریان هێناوەوە خاڵێکی تری تێدایە جیاوازە ئەویش (وەفادارە) بۆ خاوەنەکەی، کە هەرگیز خاوەنەکەی جێ ناهێڵێ جامەبەستەکەی من لەمەر ئەو نووسینە ئەوەیە ،مرۆڤ هەیە لەم سەردەمە زۆرترین خزمەت کراوە، بڕوانامەکانی بەتێچووی لایەنێک تەواو کردووە، چەندین کاری جدی بۆکراوە پڕۆژەی خانوو، موچەی بۆ دابین کراوە ..کەچی نمەک حەرام، بێ هۆکار و بێ پۆزش گوایە مەغدورە ،مەغدوریەتی خۆی لە دەرەوەی ئۆرگانەکان بەتایبەت لەفەیسبووک دەردەبڕێ، دەڵــێ حزبیش نیم، هەورازو نشێوی نە دیوە قسەکانی زۆر گەورەترە لە پێشمەرگەیەکی دانەبڕاوی دێرین، هەندێک مرۆڤ ئەگەر بایەخی پێ بدەی و گوێی لێڕابگێرێ لەخۆ بایی دەبێت، بەڵام (کەر) بایەخی پێ بدەو کاریشی پێ بکە (جۆیەکەی) پێ بدە زیاتر وەفادار دەبێ بۆ خاوەنەکەی و لوشکە نا هاوێژێ. بۆیە دەڵێم بۆ کەر هەر (جۆ).

## نوری سەعیدو بەسەرهاتی (خاولیەکە)

نوری سەعید سەرۆک وەزیرانی عێراق لە ڕۆژی٢-١ی ساڵــی ١٨٨٨ لەبەغدا لەدایکبووە، لە تەمەنی (٧٠) ساڵی لە ١٩٥٨-٧-١٥ لە ئەنجامی پێکانی گولە بەسەری، کوژراو کۆتایی بەژیانی هات، من نامەوێ باس لە ژیانی تایبەتی ناوبراو بکەم، وە باس لە چۆنیەتی دەسەڵاتداری و مێژووی حکومڕانی بکەم بەڵکو دەمەوێ باس لە بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەی ئەو سەرۆک وەزیرانە بکەم کە لەوپەڕی دەسەڵات بووە کەچی بۆ باوەڕپێکراوترین کەس کە وەستای سەرتاشینەکەی بووە نەهاتۆتە ژێر باری داواکاریەکەی بە بەراورد لەگەڵ ئەو نابەرپرسانەی هەرێم کە زۆرترین کەسی نەخوێندەواری خزم و دەوروبەریان کردۆتە ئەفسەری سەربازی دەڵــێ ڕۆژێک باوکی (سابت) لەکاتی سەرتاشینی سەرۆک نوری سەعید زۆر دڵخۆشانە و بایەخی زیاتر بە سەرتاشینەکە دەداو لەڕاستیدا لە هەموو جارەکان نوری سەعیدی جوانتر سەرتاشی . سابتی کوری سەرتاشەکەش بە (خاولیەکی) خاوێن دەم و چاوی نوری سەعیدی پاک کردەوە، پاشان نوری سەعید وتی خێرە ئەوەندە دڵت خۆشە وتی (سابت) ی کورم پۆلی شەشەمی ئامادەیی تەواو کردووە ئەمڕۆ نەتیجەی وەرگرتەوە تێکرای نمرەشی (٨٠) دەرچووە جا داوا لەجەنابت دەکەم هاوکاری بکەیت لە

زانکۆیەکی باش وەربگێرێ، ئەویش دەڵێ باشە من ئەو دەسەڵاتەیان پێداوم لەچەند وەزارەتێک میلاکی چەند کورسیەک بنێرم بۆ ئەو قوتابییە زیرەکانە لەسەرچەند نمرە و پۆینتێک وەرناگیرێن. حەزت لەکام کۆلێژە، باوکی سابت وتی بینێرە کۆلێژی سەربازی، سەرۆک نوری سەعید وتی نابێ ،ئەویش وتی بۆ نابێ، وتی ئەم کورەی تۆ تازە بەم خاولیە دەم و چاوی منی سڕیەوە بێ گومان دەم و چاوی دەیانی تری سڕیتەوە، نابێ ئەفسەر خاولی بۆکەس ڕاگرتبێت و بەخشیش لەکەس وەربگرێ. کەواتە ئەوانەی دەبنە ئەفسەر دەبێ خاوەنی کۆمەڵێک خاسیەت و تایبەتمەندی جیاواز بن. بەهیچ شێوەیەک نەفسیان نەشکابێت، چاویان لە بەرتیل و بەخشیش نەبێ، وە دەست لەبەرکەس پان نەکەنەوە...

## حەیدەر ئەحمەد غەفور



- حەیدەر ئەحمەد غەفور
- ناسراوەبە: حەیدەر مەنتک
- لەدایکبووی: ١٩٧٧/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- خوێندکاری زانکۆ/ قۆناغی سێیەم/ بەشی کارگێڕی کار
- لە بواری نووسین و ڕۆژنامەگەری .
- لە ١٩٩٩/٥/٢ دەستی بە نووسین کردووە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ.

ـ لەم بەروارەی سەرەوە تا ٢٠٢٢/٧/٧ لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێکی تر (١٢٢٠) بابەتی بڵاو کرایتەوە.

ـ کتێبی چاپ کراوی (ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی یەکێتیی لەهەولێر) بەرگی یەکەم لەساڵی ٢٠١٨ چاپ و بڵاو کرایەوە بە تیراژی (٢٠٠٠) دوو هەزار دانە بە قەبارەی (١٠٠٠) لاپەڕە، بەژمارە (٤١٥) ژیاننامەی شەهید.

ـ چاپکردنی (ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی یەکێتیی لەهەولێر) بەرگی دووەم لەساڵی ٢٠٢٠ چاپ و بڵاوکرایەوەبە تیراژی (٢٠٠٠) دوو هەزار دانە بە قەبارەی نزیکەی (١٠٠٠) لاپەڕە بەژمارە (٦١٢) ژیاننامەی شەهید.

ـ چاپکردنی (ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی یەکێتیی لەهەولێر) بەرگی سێیەم لەساڵی ٢٠٢٣ چاپ و بڵاوکرایەوەبە تیراژی (٢٠٠٠) دوو هەزار دانە بە قەبارەی نزیکەی (١٠٠٠) لاپەڕە بەژمارە (٤١٥) ژیاننامەی شەهید.

ـ خاوەنی (٢) نامیلکەی چاپکراوی (کورتە چیرۆک و پەخشننامەیە) لە ژێر ناوەکانی (لە گۆشەنیگایەک بەڵام) و (مەملەکەتی عەشق) دەزگای هاموون لە کۆیە بۆی چاپ کراوە..

لەبواری رێکخراوەیدا

- سەرۆکی ڕێکخراوی ڤینۆسی ژینگەییە، ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستانە، ئەندامی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنوسانی جیهانە

کۆتایی ٢٠٢٣